# حیکایەتی داناکان

ئامادەکردن و
وەرگێڕانی
**حەسەن نازدار**



www.iqra.ahlamontada.com

Scanned by CamScanner

منتدى إقرأ الثقافي

للكتب ( كوردى - عربي - فارسي )

www.iqra.ahlamontada.com

Scanned by CamScanner

# حیکایەتی داناکان

کۆکردنەوە و وەرگێڕانی/ حەسەن نازدار

چاپی یەکەم
٢٠١٧

Scanned by CamScanner

لەبڵاوكراوەكانی خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما

زنجیرە ٤١٧

ناسنامەی کتێب

# حیکایەتی داناکان


- ❖ کۆکردنەوە و وەرگێڕانی: حەسەن نازدار
- ❖ بابەت: بەسەرهات، گشتی
- ❖ نەخشەسازی ناوەوە: فواد کەوڵۆسی
- ❖ بەرگ: ئیبراهیم صالح
- ❖ تایپ: دانا نادر
- ❖ هەڵەچن: هیوا عبدالرحمن حسن
- ❖ نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم
- ❖ ساڵی چاپ: ٢٠١٧
- ❖ شوێنی چاپ: چاپخانەی کەنج
- ❖ تیراژ: ١٠٠٠

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە سپاردن: (١٨٠٧)ی ساڵی ٢٠١٧ی پێدراوە.



ناونیشان

سلێمانی ـــ سابوونکەران ـــ نێوان گەراجی عوسمانی تەمین و شوقەکانی تەکیە ڕووتە.

ژمارەی مۆبایل: (٠٧٧٠١٥٧٤٢٩٣) (٠٧٥٠١١٩١٨٤٧)


www.iqra.ahlamontada.com

Scanned by CamScanner

# پێرست

((حیکایەتی کەریم خانی زەند ودەروێشە کەمدەستەکە))........۷
((ئاوێنە و شووشە)) ..........................................................۸
((دێوی قۆریە جادووییەکە و دوایین ئارەزوو))..........................۹
((لێکدانەوەی خەون)) ........................................................۱۱
((پشیلە و مامۆستا)) ..........................................................۱۳
((پەرستار و پیاوەپیرەکە))..................................................۱۳
((جوتیار و ئەسپ)) ...........................................................۱۵
((پۆلیس و تاوانبار) ..........................................................۱٦
((خوێندکار و پیرەپیاو))......................................................۱۷
((ژن هێنان)) ....................................................................۱۸
((نمرەی وێنەکێشانی منداڵ))................................................۲۰
((کوڕە لاوەکە و پیاوە جوتیارەکە)) .......................................۲۱
((دووری نێوان عاقڵ و گەمژە))............................................۲۳
((گۆڕینی جیهان)) .............................................................۲۳
((خنکان))........................................................................۲٤
((پاشا و سەرباز))..............................................................۲٥
((لوقمانی حەکیم و کوڕەکەی))...............................................۲٦
((سوقرات و کوڕەلاوەکە))...................................................۲۷
((ماڵی دونیا)) ..................................................................۲۸
((زاهید و ناش)) ..............................................................۲۸
((شکاندنی شووشە)) ..........................................................۲۹
((سێ عارفی گەورە)) .........................................................۳۰



Scanned by CamScanner

((ڕۆژنامەنووسی داهێنەر و پیاوی نابینا)) ........................ ٣١
((بوودا و لەدەستدان)) ........................................ ٣٢
((حاکم و باخەوان)) .......................................... ٣٣
((ئالفرێد نۆبڵ و چارەنووس)) ................................. ٣٤
((کڕینی دۆزەخ)) ............................................. ٣٥
((چۆلەکە و ئاگر)) ........................................... ٣٦
((ئەنیشتاین و شۆفێرەکەی)) ................................... ٣٧
((لوقمانی حەکیم و ڕێبوار)) .................................. ٣٨
((باڵوڵ و پیاوە عەرەبەکە)) .................................. ٣٩
((حیکایەتی مانگا و مەڕ)) .................................... ٤٠
((حیکایەتی شێر و کەر)) ...................................... ٤١
((لیۆناردۆ داڤنشی و دوایین خوان)) ........................... ٤٢
((سەردان)) ................................................. ٤٤
((ڕاستگۆیی پیاوان)) ......................................... ٤٥
((پادشا و جوتیار)) .......................................... ٤٦
((دوایین ئارەزووی سوقرات)) ................................... ٤٧
((کوڕە لاو و مزگەوت)) ....................................... ٤٨
((حیکایەتی پاسکیل)) ......................................... ٤٩
((هەڵۆ و کەڵەشێر)) ........................................... ٥٠
((قوتابی و مامۆستا)) ......................................... ٥٢
((هەر یەك لە ئێمە بزنێکی وای هەیە)) .......................... ٥٤
((دارتاش)) .................................................. ٥٦
((پەپوولە و فڕین)) .......................................... ٥٨
((دەرویشی یەك دەست)) ........................................ ٥٩
((سەد دۆلاری)) .............................................. ٦٢




Scanned by CamScanner

((باڵۆڵ و چوونە سەر چیا))........................................ ٦٣
((نرخی جوانی)) ........................................ ٦٤
((کرێی گوێدرێژ)) ........................................ ٦٤
((مەلەکردن))........................................ ٦٥
((منداڵی نمەک نەشناس))........................................ ٦٦
((یوسف و براکانی)) ........................................ ٦٧
((قسەکردن بە بێدەنگی)) ........................................ ٦٨
((ژیانی بەر لە مەرگ)) ........................................ ٦٩
((کوڕ و باوک)) ........................................ ٦٩
((ئاسك و شێر)) ........................................ ٧١
((ئەنجامدانی کار)) ........................................ ٧٢
((یاسای نەخۆشخانە))........................................ ٧٤
((درۆی پیاو))........................................ ٧٥
((دایك)) ........................................ ٧٦
((کرێی تاکسی)) ........................................ ٧٧
((کەوتن و هەستانەوە)) ........................................ ٧٨
((شوان))........................................ ٧٩
((ئازاری دۆستان))........................................ ٨٢
((شێت))........................................ ٨٣
((گوزەر لە ژیان)) ........................................ ٨٤
((حکایەتەکانی کۆتایی ساڵ))........................................ ٨٥
((فرسەتی هەژار))........................................ ٨٦
((هەڵگرتنی سامان)) ........................................ ٩٤
((ڕاوچی لە ناو سکی دەوڵەمەندا))........................................ ٩٩
((بزربوون)) ........................................ ١٠٣




Scanned by CamScanner

((ئەسکەندەر و مردن))........................................ ١٠٥
((شا عەباسی دووەم و بەخشین)).............................. ١٠٨
((وێنەی ئەهریمەن)).......................................... ١٠٩
((خودا چی دەخوات))......................................... ١١١
((بۆچی تەنها یەك کەس)) .................................... ١١٣
((بووکەڵە))................................................... ١١٥
((پادشا و بەرد))............................................. ١١٧
((پاشا و وەزیر)) ........................................... ١١٨
((کاتژمێر)) ................................................. ١٢٠
((خۆشبەختترین مرۆڤ))..................................... ١٢٢
((ژیان)) ..................................................... ١٢٣
((کوڕ)) ...................................................... ١٢٤
((نەوشیروان و پیرەمێرد)) ................................. ١٢٥
((مرۆڤ و دووپشك)) ........................................ ١٢٧
((موعجیزە))................................................. ١٢٨
((مارادۆنا)) ................................................ ١٢٩
((گۆزەی شکاو)).............................................. ١٣٠
((منداڵی ساڵح))............................................. ١٣١
((ڕەوشت))................................................... ١٣٢
((فیرعەون و شەیتان)) ...................................... ١٣٣
((پێڵاوە بەهەشتییەکان)) ................................... ١٣٤
((جێگای خۆت))............................................... ١٣٦
((ناسنگەر)) ................................................ ١٣٨
((کچ یان کوڕ))............................................... ١٤٠



Scanned by CamScanner

# ((حیکایەتی کەریم خانی زەند ودەروێشە کەمدەستەکە))

دەروێشێکی کەمدەبست بە لای باخەکەی کەریم خانی زەند دا تێدەپەڕی، چاوی بە شا کەوت و، بە دەست ئاماژەی کی بۆ کرد، کەریم خان فەرمانی کرد دەروێشەکەی بۆ بێنن، داروەستەکەی دەروێشەکەیان هێنا بۆ لای کە ریم خان کە لە ناو باخەکەدا بوو.

کەریم خان گوتی:

- ئەو ئامازانەی تۆ بۆچی بوو؟

دەروێشەکە گوتی:

- ناوی من کەریمە و ناوی تۆش کەریمە و خوداش هەم کەریمە، کەچی ئەو کەریمە چەندی داوە بە تۆ و بە منیش چی داوە؟

کەریم خان خەریکی نێرگەلەکێشان (قلیان) بوو گوتی:

- چیت دەوێت؟

دەروێشەکە گوتی:

- هەر ئەم قلیانە بۆ من بەسە.



www.iqra.ahlamontada.com

Scanned by CamScanner

چەند ڕۆژ دوای ئەوە، دەروێشەکە قلیانەکەی بردە بازاڕ بۆ فرۆشتن، کڕیاری قلیانە کەس نەبوو، جگە لەو پیاوەی کە دەیویست بچێت بۆ لای کەریم خان و، دیارییەکی بۆ ببات، بۆیە گیرفانی دەروێشەکەی پڕکرد لە پارە و قلیانەکەی برد بۆ کەریم خان.

ڕۆژانێك تێپەڕین و دەروێشەکە بۆ سوپاسگوزاری چوو بۆ لای کەریم خان، کاتێك گەیشتە لای کەریم خان لە ناکاو چاوی بە قلیانەکە کەوت، بە دەست ئاماژەیەکی بۆ کەریم خان کرد و گوتی:

– نە من کەریم و، نە تۆش کەریم، کەریم تەنیا خودایە، گیرفانی منی پڕ لە پارە کرد و، قلیانەکەی تۆش هەر لە جێگەی خۆیدایە.

## ((ئاوێنە و شووشە))

گەنجێکی دەوڵەمەند چوو بۆ لای عارفێك و، داوای لێکرد ئامۆژگاری بکات بۆ ژیانێکی چاك و کاری چاکە.

عارفەکە ئەوی بردە بەردەم پەنجەرەکە و، پرسی چی دەبینیت؟

گەنجەکە وتی:

– مرۆڤانێك کە دێن و دەڕۆن و، سواڵکەرێکی کوێر کە داوای پارە لە خەڵك دەکات.

پاشان ئاوێنەیەکی گەورەی پێ نیشاندا و

–خۆم دەبینم. دووبارە لێی پرسی:



Scanned by CamScanner

– سەیری ئاوێنەکە بکە و، پاشان پێم بڵێ چی دەبینیت؟

گەنجەکە گوتی:

عارفەکە گوتی:

– بەڵام چیتر خەڵکانی تر نابینیت: ئاوێنە و پەنجەرە هەردوو لە ماددەیەکی سەرەتایی دروستکراون، ئەویش هیچ شتێك نییە جگە لە ((شووشە))، بەڵام لە ئاوێنەدا چینێکی ناسکی زیوین ڕوویەکی شووشەکەی داپۆشیوە، بۆیە لە ئاوێنەدا جگە لە خۆت کەسی تر نابینیت، جا وەرە ئەم شتە شووشەیە پێکەوە بەراورد بکە:

– کاتێك شووشە هەژار بێت ئەوانی تر دەبینێت و، خۆشیانی دەوێت، بەڵام کاتێك بە جیوە واتە ((سەروەت و سامان)) دادەپۆشرێت تەنیا خۆی دەبینێت.

بۆیە تەنها کاتێك نرخ و بەهات هەیە کە ئازابیت و، بتوانیت ئەو ڕووپۆشە جیوەییە لە بەردەم چاوەکانت لابەریت، تا بتوانیت جارێکی تر ئەوانی تر ببینیت و، خۆشت بوێن.

## ((دێوی قۆریە جادووییەکە و دوایین ئارەزوو))

ڕۆژێك بەرپرسی فرۆش و، سکرتێری نوسینگە و، بەڕێوەبەری کۆمپانیا بەرەو لای بەشی ڕاژە هەنگاویان دەنا، لە ناکاو قۆرییەکی جادووییان دۆزییەوە.



Scanned by CamScanner

دەست بە قۆریەکەدا دەهێنن و، دێوی ناوقۆرییەکە پەیدا دەبێت و دەڵێت:

– من بۆ هەر یەك لە ئێوە ئارەزوویەك بەدی دێنم.

سکرتێرەکە یەکەم جار ڕا دەکاتە بەردەمی و دەڵێت:

– (سەرەتا من....، سەرەتا من..... دەمەوێت لە ناو ماسی دا بم، لە ناو بەلەمێکی چارۆکەداری بایەوانی پاك و جواندا بم و، بە بێ هیچ نیگەرانی و خەمێکی دونیا ...)، پووووووف، سکرتێرەکە لە چاو وندەبێت.

پاشان بەرپرسی فرۆشەکە دێتە پێشەوە و، دەڵێت:

– (ئێستا من....... ئێستا من.... دەمەوێت لە ناو هاوای بم لە کەناری دەریا شانی لێ بدەمەوە و، ماساژکارێکی تایبەتیم هەبێت و، سەرچاوەیەکی خواردنەوەی ساردی بێ کۆتایم هەبێت و، تەواوی ژیانم بەخۆشی بەسەر بەرم)، پووووف، بەرپرسی فرۆشەکەش لەبەرچاو ونبوو.

پاشان دێوەکە بە بەڕێوەبەری کۆمپانیاکە دەڵێت:

– (ئێستا نۆرەی تۆیە..چیت دەوێت)؟

بەڕێوەبەری کۆمپانیاکەش دەڵیت:

– (من دەمەوێت ئەو دوانەی کە ڕۆیشتن دوای نانی نیوەڕۆ لە کۆمپانیابن))!

ئەنجامی ئاکاری ئەمە ئەوەیە کە هەمیشە هەوڵ بدەن با سەرەتا سەرۆکەکەتان قسە بکات.



Scanned by CamScanner

# ((لێکدانەوەی خەون))

پیاوێك خەریك بوو لە دارستانەکانی ئەفەریقا پیاسەی دەکرد، لە ناکاو دەنگێکی ترسناك کە بەردەوام لێی نزیك دەبوویەوە کەوتە بەر گوێی.

ئاوڕیدایەوە بینی کە شێرێکی برسی بە خێراییەکی زۆرەوە بەرەو ڕووی دێت و، دەست بەجێ پیاوەکەش دەستی بە ڕاکردن کرد و، شێرەکەش لە برساندا سکی چووبوویەوە بە ناودا، بەردەوام لەو نزیك و نزیکتر دەبویەوە، لە ناکاو پیاوەکە چاڵێکی قووڵی لە بەردەمی خۆیدا بینی کە لە ناوەڕاستیدا بۆ خوارەوە گوریسێك شۆڕبووبوویەوە، بە خێرایی خۆی هەڵدایە ناو چاڵەکە و، بە گوریسەکە خۆی گرتەوە تا هەندێك نەڕەی شێرەکە کەم بوویەوە، پیاوەکە هەناسەیەکی تازەی هەڵکێشا دیتی کە هەژدیهایەکی گەورە لە ناو چاڵەکەدایە بە سەرێکی گەورەوە چاوەڕوانی قووتدانی ئەو دەکات.

پیاوەکە بیری لە ڕێگەچارەیەك دەکردەوە بۆ ڕزگاربوون لە دەستی شێر و هەژدیهاکە، لە ناکاو دیتی وا دوو مشکی سپی و ڕەش خەریکن لە خوارەوەی گوریسەکەوە بۆ سەرەوە دێن و، لە هەمان کاتدا خەریکن گوریسەکە دەخۆن و قووتی دەدەن، پیاوەکە نۆر ترسابوو، بە خێراییەکی زۆرەوە گوریسەکەی ڕادەتەکاند بۆ



Scanned by CamScanner

ئەوەی مشکەکان بکەونە خوارەوە، بەلأم سوودی نەبوو، بە هۆی توندی ڕاتەکاندنی گوریسەکەوە خۆی دەکێشا بە دیواری چاڵەکەدا، لە ناکاو ئەوەی بۆ دەرکەوت کە جەستەی بەر شتێکی نەرم دەکەوێت، بە باشی سەیری کرد بینی کەنویەك هەنگوین لە ناو دیواری چاڵەکەدایە، دەستی کرد بە ناو هەنگوینەکەدا و، لێسایەوە و چێژی لە لێستنەوەی هەنگوینەکە برد و، دەستی کرد بە خواردنی هەنگوینەکە و، شێر و هەژیها و مشکەکانی لەبیرکرد لە ناکاو لە خەو ڕاپەڕی.

خەونێکی ناخۆش و ناڕەحەتکەربوو بڕیاریدا بچێت بۆ لای زانایەك بۆ لێکدانەوەی خەونەکەی. کاتێك چوو بۆ لای زاناکە بۆ لێکدانەوەی خەونەکەی، زاناکە پێی گوت:

– لێکدانەوەی خەونەکەت زۆر ئاسانە، ئەو شێرەی بە دواتەوە بوو ئەوە فریشتەی گیانکێشان (عیزرائیل) بوو. ئەو چاڵەی کەوتیتە ناویەوە و هەژدیهایەکەی تیابوو ئەو گۆڕبوو، ئەو گوریسەی کە خۆت پێوە هەڵواسی بوو ئەوە تەمەنت بوو، مشکە سپی و ڕەشەکە ئەوە هەمان ئەو شەو و ڕۆژانەن کە تەمەنت دەبەن.

پیاوەکە گوتی:

– یا شێخ ئەی هەنگوینەکە چی بوو؟

زاناکە گوتی:

– هەنگوینەکە ئەم دنیایەیە کە بە هۆی چێژ و شیرینییەکەیەوە مەرگ و ڕۆژی لێپرسینەوەت لەبیرچۆتەوە.



Scanned by CamScanner

## ((پشیله و مامۆستا))

له ڕۆژگارانی زوودا، له پەرستاگایەکی کۆندا مامۆستایەکی گەورە هەبوو، کە وا بیری نوێی لە وانەکانیدا دەوتەوە. لە پەرستگاکەدا پشیلەیەك هەبوو، کە وا لە کاتی وانە وتنەوەدا میاوە میاو و دەنگە دەنگی زۆر دەنایەوە و، بیری خوێندکارەکانی مامۆستای دەپچڕی. مامۆستا کە لە دەستی پشیلەکە تووڕەبوو، فەرمانی دا کە لە کاتی وانە وتنەوەدا پشیلەکە زیندانی بکەن، چەند ساڵ دوای ئەوە مامۆستاکە مرد، بەلاّم هەر وەکو جاران پشیلەکەیان لە وانەی مامۆستاکانی تردا زیندانی دەکرد، پاش ماوەیەك پشیلەکەش گیانی دەرچوو، قوتابییانی مامۆستا گەورەکە پشلەیەکی تریان گرت و، لە کاتی وانەکانی مامۆستاکاندا لە قەفەزێك دا زیندانییان دەکرد، چەندان سەدە تێپەڕی و نەوەکانی دوایی دەربارەی کاریگەری زیندانیکردنی پشیلەکان لەسەر کۆبوونەوەی خوێندکارەکان، چەندان توێژینەوەنامەیان نووسی.

## ((پەرستار و پیاوەپیرەکە))

پیاوێکی پیر لە سەر شەقامێك کەوت و، ئۆتۆمبێلی فریاکەوتنی پزیشکی هات و، هەڵیگرت و بردی بۆ نەخۆشخانە،



Scanned by CamScanner

پەرستارەکە ویستی لە ناو جزدانەکەیدا بگەڕێت بۆ کوڕەکەی و، ناوەکەی دۆزییەوە و، نامەیەکی بۆ نارد کە لە یەکێك لە فەرمانگەکاندا فەرمانبەر بوو، لاوەکە بە خێرایی گەیشتە نەخۆشخانەکە، پەرستارەکە بە پیاوە پیرەکەی وت کە دەمامکی ئۆکسجینی بە دەمەوە بوو: ((کوڕەکەت لێرەیە))، پیاوەکە لە ژێر کاریگەری ئارامکەرەوەکاندا بوو، دەستی لاوەکەی گرت و توونـد لە ئامێزی گرت، ئەم لەئامێزگرتنە بەسۆزەی چوار کاتژمێری خایاند.

جارە جارە پەرستارەکە داوای لە لاوەکە دەکرد پشووییەك بدات، یان تۆزێك پیاسە بکات، بەڵام لاوەکە بە سۆزەوە داوای لێبووردنی لێدەکرد، بەوجۆرە لە ئامێزی پیاوەکەدا بوو، تاکو دەمەوبەیانی مایەوە و، پیاوەپیرەکە گیانی سپارد... لاوەکە لە پەرستارەکەی پرسی: ئەم پیاوە کێیە؟. پەرستارەکە گوتی: بۆ ئەو باوکت نییە؟ لاوەکە گوتی: نەخێر باوکم نییە و، ناشیناسم، بەڵام زانیم کە پێویستی بە منە، ئەوەندە لە ئامێزیدا مامەوە تاکو گیانی سپارد.

ئەنجامی ئەم بەسەرهاتە: یارمەتی هەموو ئەوانە بدە کە پێویستیان پێتە و، چاکە و یارمەتیت لە شوێنانێکەوە بۆ دێت کە نایانزانیت و ئەژمارناکرێن.



Scanned by CamScanner

# ((جوتیار و ئەسپ))

ڕۆژێـک جوتیارێـک ئەسپەکەی کەوتـە نـاو چـاڵێکەوە، ئەسـپە بەسـتەزمانەکە چـەندان کاتـژمێری زۆر بـە بەزەییـیەوە دەیناڵانـد، دواجار جوتیارەکـە بیرێـک بـە مێشـکیدا هـات، ئـەو لەبـەر خۆیـەوە بـیری لـەوە کـردەوە کـە ئەسـپەکەی زۆر پـیرە و، دەبێـت چـاڵەکە پڕبکرێتــەوە، بۆیــە دراوســێکانی بــانگکرد و، داوای هاوکــاری لێکردن، ئەوانیش بە خاکەناز و بێڵ خۆڵیان کردە ناو چاڵەکەوە.

ئەسپەکە سـەرەتا کـەمێك ناڵانـدی، بەڵام پاش کـەمێك بێـدەنگ بـوو، ئـەم بێدەنگییـەی ئەسـپەکە هـەموانی تووشـی سـەرسوڕمان کرد.

دووبارە ئەوان دەستیان کردەوە بە خۆڵکردنە ناو چاڵەکەوە، جوتیارەکە سەیری ناو چاڵەکەی کرد و، لە ناکاو دیمەنێکی بینی زۆر بە توندی ئەوی تووشی سەرسوڕمان کرد، هەر کۆمەڵە خۆڵێك کە بەسەر ئەسپەکەیاندا دەکرد ئەسپەکە خۆی ڕادەتەکاند و، خۆڵەکەی لەسەر خۆی دەکردەوە و، هەنگاوێك دەهاتە سەرەوە، بەم شێوەیەش خۆڵیان بەسەر ئەسپەکەدا دەکرد و، ئەسپەکەش هەنگاوێك دەهاتە سەرەوە تا گەیشتە لێواری چاڵەکە و، ڕزگاری بوو و، هاتە دەرەوە.



Scanned by CamScanner

ژیان لە حاڵەتی خۆڵکردندایە بەسەر ئێمەدا، تەنها ڕێگاش ئەمەیە خۆڵەکە لەسەر خۆمان لابەین و، هەنگاوێك بێینە سەرەوە.

هەر یەك لە گرفتەکانمان وەك بەردێك وایە، دەتوانین ئەوانە وەك پلیکانەیەك بۆ هاتنە سەرەوە بەکاربەرین و، سوودیان لێوەربگرین، بەم شێوەیەش دەتوانین لە قووڵترین چاڵەکاندا بێینە دەرەوە.

## ((پۆلیس و تاوانبار))

پۆلیسێك بە دوای تاوانبارێکدا ڕای دەکرد، سەرەنجام تاوانبارەکە گەیشتە سەری کۆڵانێك، تاوانبارەکە لەبەر خۆیەوە وتی:

- (خوا بکات ئەم کۆڵانە بن بەست نەبێت)، ئەمەی گوت و، بەرەو کۆتایی کۆڵانەکە دەستی بە ڕاکردن کرد.

پۆلیسەکەش لە دڵی خۆیدا گوتی:

- (خوا بکات ئەم کۆڵانە بن بەست بێت)، بەم هیوایەوە بە دوای تاوانبارەکەدا ڕایکرد، لە کۆتایی کۆڵانەکەدا کۆڵانیکی تر بەرەو لای چەپ کرابوویەوە، تاوانبارەکە بە هیوای (بن بەست نەبوونی کۆڵان) و، پۆلیسەکەش بە هیوای (بن بەست بوونی کۆڵان) لەسەر ڕاکردن بەردەوام بوون.

لە سەری کۆڵانی دواییدا، تاوانبارەکە بە هیوای کرانەوەی کۆڵانەکە دەستی بە ڕاکردن کرد، بەڵام کاتێك بە کۆتایی کۆڵانەکە



Scanned by CamScanner

گەیشت بە سەرسوڕمانەوە دیتی کە کۆڵانەکە بەستراوە یان داخراوە، ناچار خۆی بۆ خۆ بەدەستەوەدان ئامادەکرد، بەڵام هەر چەند چاوەڕێی کرد هیچ هەواڵی پۆلیسەکە نەبوو، پۆلیسەکە نەهات، چونکە پۆلیسەکە لە سەرەتای کۆڵانی دواییدا بێ هیوابووبوو و، ناچارگەڕابووەوە.

ئەنجام/ لە هەموو ململانێیەکدا سەرکەوتن بۆ کەسێکە کە ساتێك زیاتر بەرگری بکات.

## ((خوێندکار و پیرەپیاو))

ڕۆژی ناو نووسین بۆ زانکۆ، کوڕێکی لاو کە خۆی بۆ بەدەستهێنانی زانست و فێربوون ئامادە کردبوو، لە کاتی ناو نووسیندا چەند قۆناغێکی زۆری بەجێ هێشتبوو، لاوەکە هێندە لە بیری خۆیدا ڕۆچووبوو، بیری لەو ئایندەیەی خۆی دەکردەوە کە لە بەردەمیدا بوو، ئاگای لەو پیاوەپیرەی بەردەمی نەمابوو، بە توندی خۆی پیاکێشا.

لاوەکە بە شەرمەزارییەوە وتی:

- ببورە مامۆستا.

پیرەپیاوەکە وتی:

- من مامۆستانیم و قوتابییەکی تازەم وەکو تۆ.

لاوەکە تووشی سەراسیمەیی بوو گوتی:

- ئێوەتەمەنتان چەندە؟



Scanned by CamScanner

پیرەپیاوەکە چاوەکانی دەبریسکانەوە گوتی:

- تەمەنم ٧٣ ساڵە.

لاوەکە پرسی: لە چ بەشێك دەخوێنیت؟

پیرەپیاوەکە وتی:

- پزیشکی، هەمیشە حەزم کردوە ببمە دکتۆر و، ئێستاش بۆ گەیشتنم بەو ئارەزووەم ئامادەم.

لاوەکە بە سەرسوڕمانەوە سەیری پیرەپیاوەکەی کرد و گوتی:

- ئەڵبەتە بەڕێزم مەبەستم بێڕێزی نییە، بەڵام ئایا دەزانیت بوونە پزیشك بە لای کەمەوە نزیکەی ٧ساڵ درێژە دەکێشێت؟ پاش حەوت ساڵەکەش ئێوە دەبنە ٨٠ ساڵ.

پیرەپیاوەکە دەستی خستە سەرشانی لاوەکە و بە زەردەخەنەیەکەوە وتی:

- من ئەگەر بە دوای ئارەزووەکانی خۆمەوە بم و چ نەبم، هەر دەبمە ٨٠ ساڵ، دەی چ چاکترە کارێك ئەنجام بدەم کە خۆم حەزم لێیەتی!

## ((ژن هێنان))

یەکێك لە هاوڕێکانم لەگەڵ هونەرمەندێکی زۆر جواندا هاوسەرگیری کرد، بەڵام ڕێك کاتێك کە هەمووان ئیرەییان بە خۆشبەختی ئەم ژن و مێردە دەبرد، ئەوان لێك جیابوونەوە. زۆری نەبرد هاوڕێکەم دووبارە هاوسەرگیری کردەوە، هاوسەری



Scanned by CamScanner

دووەمی کچێکی ئاسایی بە ڕووخسارێکی سادەوە، بەڵام وا دێتە بەرچاو هاوڕێکەم زیاتر و قووڵتر لە ڕابردوو عاشقی هاوسەرەکەیەتی، هەندێك مرۆڤی خۆهەڵقورتێن لە دەوروبەریدا لێی دەپرسن:

- وا بیرناکەیتەوە کە هاوسەری پێشووت جوانتربوو؟

هاوڕێکەم بە شێوەیەکی زۆر ڕاشکاوانە وەڵام دەداتەوە:

- نەخێر.... هەرگیز، پاشان هاوڕێکەم گوتی:

- هاوسەرەکەی پێشووم کە لە شتێك تووڕە دەبوو هاواری دەکرد. زۆر دڕندە و ناشیرین دەهاتە بەرچاوم. بەڵام هاوسەری ئێستام، بەم شێوەیە نییە، بە بۆچوونی من ئەمەی ئێستام هەمیشە جوان و بە سەلیقەو زیرەکە.

کاتێك ئەم قسەیە دەکات هاوڕێکانی پێدەکەنن و، دەڵێن:

- بەتەواوی تێگەیشتین، ژنان بە هۆی جوانییانەوە خۆشەویست نابن، بەڵام گەر خۆشەویست بن، ئەوا جوان دێنە بەرچاو.

منالأن هەرگیز دایکیان ناشیرین نابینن.

سەگەکان هەرگیز لە خاوەنە هەژارەکانیان ناوەڕن.

خەڵکی ئەسکیمۆش هەرگیز ڕقیان لە سەرمای زستان نییە.

ئەگەر کەسێك یان شوێنێکتان خۆش بوێت، بە جوانی دەیان بینن، چونکە (هەستی جوان بینین) هەمان عەشقە.



Scanned by CamScanner

# ((نمرەی وێنەکێشانی منداڵ))

منداڵێك لە قوتابخانە گەڕایەوە و دەفتەری وێنەکێشانەکەی توند کێشا بە زەویدا، پاشان باوەشی کرد بە دایکدا و دەستی کرد بە گریان، دایکی دەستی هێنا بەسەریدا و، دڵی دایەوە و داوای لێکرد کە جلەکانی قوتابخانەی بگۆڕێت، دەفتەری وێنە کێشانەکەی کردەوە ودیتی نمرەی(٥)ی بۆ دانراوە، منداڵەکەش وێنەی دایکی کێشابوو، تەنها یەك چاوی بۆ کردبوو لە شوێنی چاوەکەی تری بازنەیەکی لار و ڕەشی کێشابوو، مامۆستاکەش بە دەوری ئەوەدا بازنەیەکی سووری کێشابوو، نووسیبووی: (کوڕەکەم وردبەرەوە).

بۆ بەیانییەکەی دایکی ئەو منداڵە سەری دا لە قوتابخانەوە و،لە بەڕێوەبەرەکەی پرسی:

- ئایا دەتوانم مامۆستای وێنەکێشانی کوڕەکەم ببینم؟

بەڕێوەبەری قوتابخانە بە زەردەخەنەیەکەوە وتی:

- (بەڵێ، تکایە چاوەڕوان بن).

کاتێك مامۆستا لاوەکەی وێنەکێشان هاتە ژوورەوە و، ژنەکەی بینی لە جێگەی خۆی وشك بوو، چونکە دایکی منداڵەکە تەنها یەك چاوی هەبوو و، مامۆستا لاوەکە بە دەنگێکی لەرزۆکەوە گوتی:



Scanned by CamScanner

- (ببوورن... ئەمەم نەدەزانی ...... شەرمەزارم).

دایکەکە توند دەستی مامۆستا لاوەکەی گوشی و بە زەردەخەنەوە ڕۆیشت، ئەو ڕۆژە کاتێک منداڵە بچکۆلەکە لە قوتابخانە هاتەوە، بەخۆشییەوە دەفتەری وێنەکێشانەکەی پیشانی دایکی دا و، وتی:

- مامۆستای وانەکەمان ئەمڕۆ نمرەی وێنەکەی بۆ کردم بە (١٠) لە ژێرەوەش نووسیبووی: (گوڵەکەم ببوورە بە هۆی هەڵەی نووسینەوە کەمم بۆ دانابوویت).

وەرە با ئەوەندە بە سادەیی نمرەی کەم و خراپ بە خەڵکانی تر نەدەین، وەرە با ئەوەندە بە ئاسانی بە دادوەری هەڵەمان دڵێك نەشکێنین.

## ((کوڕە لاوەکە و پیاوە جوتیارەکە))

لاوێك زۆر حەزی دەکرد لەگەڵ کچی جوتیارێکدا هاوسەرگیری بکات، جوتیارەکە مەرجی هەبوو بۆ ئەم هاوسەرگیرییە، ڕووی کردە کوڕەکە و گوتی:

- (بڕۆ ناو ئەو پارچە زەوییە و بووەستە، من سێ گای نێرم هەیە و بەرەڵایان دەکەم، ئەگەر تۆ توانیت کلکی یەکێکیان بگریت ئەوە من کچەکەم دەدەم بە تۆ).

کوڕە لاوەکە بە مەرجەکە ڕازی بوو، لە تەویلەی یەکەمدا، کە لە هەموویان گەورەتر بوو دەرگا کرایەوە و شتێکی باوەڕ پێ نەکراو



Scanned by CamScanner

بـوو، گـەورەترین و تـووڕەترین گـا هاتـە دەرەوە، ئەمـە یەکـەم جاریەتی لە ژیانیدا گایەکی وا گەورە ببینێت، گاکە سمی کێشا بە زەویدا و، بەرەو کوڕەکە هێرشی برد، کوڕەکە خۆی لادا تا گاکە لە زەوییەکە چووە دەرەوە و ڕۆیشت.

دووەمین تەویلـە کـە بچـوکتر بـوو کرایـەوە، گایـەکی بچـووکتر لـەوەی پێشـوو بـە خێراییـەکی زۆرە بـەرەو ڕووی کوڕەکـە هـات، کوڕەکـە لـە دڵـی خۆیـدا گوتـی:(لۆژیـك دەڵێـت واز لەمـەش بێـنم با بڕوات، چونکە گایەکەی دوای ئەم بچووکترە و بایەخی شەڕکردنی نییە).

سێیەمین تەویلە کرایەوە کە لەوانی تر بچووکتر بوو، بە هـەمان شێوە کـە کوڕەکـە بیری لـێ دەکردەوە لاوازتـرین و بچووکترین گا بوو کە لە ژیانیدا بینیبێتی، بۆیە زەردەخەنەیەکی کرد و، لە کاتی گونجاودا خۆی هەڵدایە سەر گایەکە دەستی درێژ کرد تا کلکی گایەکە بگرێت ........

بەڵام بەداخەوە........ گایەکە کلکی نەبوو.

ئەنجام:

- ژیان پڕە لە نرخ و بەها کە بە دەست دێن، بەڵام گەر بوار بدەین ئەوانە تێپەڕن، لەوانەیە هیچ کات بەخت یاوەرتان نەبێت، بۆیـە هەمیشـە هـەوڵ بـدە یەکـەمین هـەل بـە دەسـت بێنیـت و لـە دەستی نەدەیت.



Scanned by CamScanner

## ((دووری نێوان عاقڵ و گەمژە))

ڕۆژێك ڤۆڵتێر بۆ کۆبوونەوەیەك بانگهێشت کرابوو، هەر کە مێزی نانخواردن ئامادەکرا و، چوونە سەر مێزەکە بۆ نانخواردن، لاوێکی زۆر بڵێ کەوتە بەرامبەر ڤۆڵتێر، کە هەر لە سەرەتای دانیشتنەکەوە بە زۆربڵێیی و قسە پڕ و پووچەکانی خۆی و هەمووانی ماندووکردبوو.

ڤۆڵتێر لە دەست زۆر بڵێی ئەم گەنجە تەواو بێزاربیبوو، بەڵام نەیدەزانی چی بکات تا دەمی پێ دابخات و قسە نەکات، لە ناکاو لاوەکە ڕووی قسەی کردە ڤۆڵتێر و لێی پرسی:

- (دووری نێوان ئاوەزی (عەقڵی) کەسی عاقڵ و، ئاوەزی کەسی گەمژە چەندێکە؟).

ڤۆڵتێر دەست بەجێ وەڵامی دایەوە و گوتی:

-(بە ئەندازەی ئەو مێزەی کە لە نێوان من و تۆدایە).

لاوەکە لەم وەڵامەی ڤۆڵتێر شەرمەزاربوو تا کۆتایی کۆبوونەوەکە قسەی نەکرد.

## ((گۆڕینی جیهان))

پیاوێك لە حەج گەڕایەوە لە سەر شەقام منداڵێکی هەژاری بینی، کە خواردنەکەی خۆی لەگەڵ سەگێك دابەش دەکات.



Scanned by CamScanner

پیاوەکە لێی نزیك بوویەوە و لێی پرسی:

- (بۆچی خواردنەکەت بەم ئاژەڵە گلاوە دەدەیت)؟

منداڵەکەش سەگەکەی ماچ کرد و، گوتی:

- (بە بڕوای من هیچ ئاژەڵێك گلاو نییە، ئەم سەگە نە کولانەی هەیە و نە خواردن، هیچ کەسێکیشی نییە، ئەگەر من هاوکاری نەکەم دەتۆپێت).

پیاوەکە پرسی:- (سەگی بێ لانە لە هەموو شوێنێك هەیە، ئایا تۆ دەتوانیت هەموو ئەوانە لە مردن ڕزگار بکەیت؟ ئایا تۆ دەتوانیت جیهان بگۆڕیت؟).

منداڵەکە سەرنجێکی سەگەکەی دا و، گوتی:

- (کارێك کە من بۆ ئەم سەگەی دەکەم هەموو جیهانی دەگۆڕێت).

## ((خنکان))

پیاوەکە لە قەراغی ڕووبارێکدا وەستابوو، لە ناکاو گوێی لە هاواری کەسێك دەبێت و، تێدەگات کە کەسەکە خەریکە دەخنکێت، خێرا خۆی هەڵدەداتە ناو ئاوەکە و، ڕزگاری دەکات.

بەڵام بەر لەوەی هەناسەیەکی تازە هەڵکێشێت، گوێی لە چەند هاوارێکی دیکە دەبێت و، دووبارە خۆی هەڵدەداتە ناو ئاوەکە و دووکەسی دیکە ڕزگار دەکات، بەڵام بێ ئەوەی حاڵی بێتەوە سەرخۆی گوێی لە دەنگی چوار کەسی دیکە دەبێت کە داوای



www.iqra.ahlamontada.com

Scanned by CamScanner

هاوكاری دەكەن، ئەو تەواوی ڕۆژەكە بە ڕزگاركردنی گیانی خەڵكانی ترەوە بەسەر دەبات كە لە گێژاوی شەپۆلەكاندا گرفتاربوون، بەڵام بێ ئاگابوو لەوەی كە چەند هەنگاوێك لە سەرووی ئەمەوە شێتێك ئەم خەڵكانەی یەكەیەكە دەخستەوە ناو ڕووبارەكەوە.

## ((پاشا و سەرباز))

پاشایەك لە شەوێكی ساردی زستاندا لە كۆشكەكەی چوویە دەرەوە، لە كاتی گەڕانەوەیدا سەربازێكی پیری بینی بە كەمێك جل و بەرگەوە لەو سەرمایەدا پاسەوانی دەكرد.

پاشا لێی پرسی:

- (ئایا سەرمات نییە؟).

پاسەوانە پیرەكە گوتی:

- (چۆن سەرمام نییە پاشام، بەڵام جل و بەرگی گەرمم نییە و، ناچارم بەرگە بگرم.

پاشا گوتی:

- (من هەر ئێستا چوومە ناو كۆشكەوە دەڵێم كە یەكێك لە جلە گەرمەكانی منت بۆ بێنن).

پاسەوانەكە سەراسیمەبوو و، سوپاسی پاشای كرد، بەڵام هەر لەگەڵ چوونە ژوورەوەی پاشا بۆ ناو كۆشك بەڵێنەكەی لەبیركرد،



Scanned by CamScanner

بۆ بەیانی ئەو شەوە، لاشەی سەرمابردووی ئەو پاسەوانە پیرەیان لە دەوروبەری کۆشك دۆزییەوە، لە کاتێکدا لە پاڵیدا بە خەتێکی ناخۆش نووسرابوو: (ئەی پاشا من هەموو شەوێك بەم جلە کەمانەوە بەرگەی سەرما دەگرم، بەڵام بەڵێنی جلی گەرمی تۆ منی کوشت).

## ((لوقمانی حەکیم و کوڕەکەی))

ڕۆژێك لوقمانی حەکیم بە کوڕەکەی وت: من ئەمڕۆ پەندت فێردەکەم کە بەختیار و کامەران بیت.

یەکەم/ ئەوەی کە هەوڵبدەیت لە ژیاندا چاکترین خواردن بخۆیت.

دووەم/ ئەوەی کە لە باشترین جێگە و پێخەفدا بخەویت.

سێیەم/ ئەوەی کە لە باشترین کۆشك و ماڵەکاندا بژیت.

کوڕەکەی لوقمان گوتی: (باوکە ئێمە خێزانێکی هەژارین ئیتر چۆن بتوانم ئەم کارانە ئەنجام بدەم؟).

لوقمانی حەکیم وەڵامی دایەوە: (ئەگەر کەمێك درەنگتر و کەمتر نان بخۆیت، ئەو کاتە هەر خواردنێك کە دەیخۆیت تامی باشترین و خۆشترین خواردنی جیهان دەدات، ئەگەر زیاتر کار بکەیت و درەنگتر بخەویت، لە هەر شوێنێکدا بخەویت وا هەست دەکەیت لە باشترین پێخەفدا خەوتوویت، ئەگەر لەگەڵ خەڵکیدا دۆست و



Scanned by CamScanner

یاوەربیت و خۆشت بوێن و لەدڵیاندا شوێن بگریت، ئەوە ئەو کاتە چاکترین خانووەکانی جیهان هی تۆیە.

## ((سوقرات و کوڕەلاوەکە))

کوڕێکی لاو لە سوقراتی پرسی: نهێنی سەرکەوتن چییە؟ سوقرات بە کوڕەلاوەکەی گوت کە لە گەڵیدا بێت بۆ کەناری دەریا، کاتێك گەیشتنە کەناری دەریا، هەردووکیان چوونە ناو ئاوەکە بە جۆرێك ئاو تا ژێرمل و گەردنیان هاتبوو، لەم کاتەدا سوقرات سەری کوڕەلاوەکە دەگرێت و دەیکات بە ناو ئاوەکەدا و، نوقمی دەکات، کوڕەلاوەکە هەوڵیدا خۆی ڕزگار بکات، بەڵام سوقرات لەو بەهێزتربوو، تا ڕەنگی دەم و چاوی شین بویەوە بە توندی لە ژێر ئاوەکەدا هێشتییەوە، پاشان سوقرات کوڕەلاوەکەی لە ئاوەکە دەرهێنا و، یەکەم کارێك کە کوڕەلاوەکە کردی هەڵکێشانی هەناسە یەکی قووڵ بوو.

سوقرات لە کوڕەلاوەکەی پرسی:

– (یەکەمین شتێك لە ژێر ئاوەکەدا دەتویست چی بوو)؟

کوڕەلاوەکە وتی:

– (هەوا).

سوقرات گوتی:



Scanned by CamScanner

- (ئەمە نهێنی سەرکەوتنە، گەر بە هەمان شێوەی کە هەوات دەویست بە دوای سەرکەوتنیشەوە بیت، بە دەستی دەهێنیت، ئیتر هیچ نهێنییەکی تر بوونی نییە).

## ((ماڵی دونیا))

دەگێڕنەوە جارێك باڵوڵ دارێکی بەرز کردبوویەوە و دەیکێشا بە گۆڕەکاندا.

گوتیان: بۆ وا دەکەیت؟

باڵوڵ گوتی: خاوەنی ئەم گۆڕانە درۆزنن، چونکە تا کاتێك لە دونیادا بوون هەمیشە دەیان گوت: باخەکەی من، ئەسپەکەی من.... بەڵام ئێستا هەموو ئەمانەیان جێ هێشتووە و ڕۆیشتوون و، هیچ یەکێك لەوانە هی ئەوان نییە، چونکە ئەگەر هی ئەوان بوونایە حەتمەن لەگەڵ خۆیان بردبوویان.

## ((زاهید و ئاش))

زاهیدێك فەردەیەك گەنمی بردە لای ئاشەوانەکە، ئاشەوانەکەش فەردەکەی ئەوی خستە پاڵ فەردەکانی ترەوە تا سەرەی بێت و، بیهاڕێت و، بیکات بە ئارد.



Scanned by CamScanner

زاهیدەکە گوتی: ئەگەر گەنمەکەی من زوتر نەهاڕن دوعا دەکەم کەرەکەت ببێتە بەرد.

ئاشەوانەکەش گوتی: ئەگەر تۆ ئەوەندە دوعات گیرایە بۆچی دوعا ناکەیت گەنمەکەت ببێتە ئارد؟.

## ((شکاندنی شووشە))

پیاوێک، شەوێك لە خانویەکی لادێدا بەسەر دەبات و، پەنجەرەکانی ژوورەکانی نەدەکرانەوە.

نیوەی شەو هەستی بە تاسان دەکرد و لە گەرماندا و، بەو نیوەی شەوە تاریکە بەرەو پەنجەرەکە چوو، نەیتوانی بیکاتەوە، بە مشتەکۆڵە کێشای بە پەنجەرەکەدا و، هەستی بە هروژمی هەوای تازەکرد و، تەواوی شەو بە ئاسانی خەوت.

بۆ بەیانی ڕۆژی دوایی، کاتێك بێدار بوویەوە تێگەیشت کە لە جیاتی شوشەی پەنجەرەکە، شوشەی کتێبخانەکەی شکاندووە و، پەنجەرەکەش هەر داخراوبوو، ئەویش تەنیا بە بیری ئۆکسجین(باوەڕی)، ئۆکسجینی بە خۆی گەیاندبوو.

ئەنجام/ بە قوولی باوەڕتان بە هەر شتێك هەبێت بۆتان دەگۆڕێت بە واقیعیەت، ئێوە باوەڕتان بەو شتە نییە کە دەیبینن، بەڵکو ئەو شتە دەبینن کە پێشتر وەك باوەڕێك هەڵتان بژاردووە.



Scanned by CamScanner

# ((سێ عارفی گەورە))

ڕۆژێك سێ عارفی گەورە کە پێکهاتبوون لە: مالیکی کوڕی دینار و، حەسەنی بەصری و، شەقیقی بەڵخی، دەچن بۆ لای ڕابیعەی عەدەوی کە نەخۆش بووە، ڕابیعەی عەدەوی یەکێکە لە ژنە عارفەکانی جیهان.

حەسەنی بەسری گوتی: هیچ کەس لە عەشقی خۆیدا بۆ خوداوەند ڕاستگۆ نییە، مەگەر ئەوەی بە ئارامییەوە بەرگەی لێدانەکانی خودای خۆی بگرێت.

ڕابیعە گوتی: لەم قسەیەدا بۆنی خۆپەسەندی دێت.

شەقیقی بەڵخی گوتی: هیچ کەس لە بانگەشەی خۆیدا ڕاستگۆ نییە، مەگەر ئەوەی لە بەرامبەر لێدانەکانی خودای خۆیدا سوپاسگوزاربێت.

ڕابیعە گوتی: دەبێت لەمەش باشتر بڵێین، ئەم قسەیەش هێشتا بۆنی خۆپەسەندی لێدێت.

مالیکی کوڕی دینار گوتی: لە بانگەشەی خۆیدا ڕاستگۆ نییە هەر کەس ئەگەر چێژ لە لێدانەکانی دۆستەکەی خۆی وەرنەگرێت.

ڕابیعە گوتی: باشە، بەڵام دەبێت لەمەش باشتر بگوترێت، هێشتا سێبەرێکی لاوازی خودپەرستی تیادا شاردراوەتەوە.

هەمووان گوتیان: ئێستا تۆ خۆت بڵێ.



Scanned by CamScanner

هیچ کەس لە بانگەشەکەی خۆیدا ڕاستگۆ نییە ئەگەر بە دیتنی خۆشەویستەکەی خۆی ڕەنج و ئازار لەبیر نەکات.

## ((ڕۆژنامەنووسی داهێنەر و پیاوی نابینا))

ڕۆژێک پیاوێکی نابینا لەسەر پلیکانەی باڵەخانەیەک دانیشیبوو، کڵاوێک و تابلۆیەکی لە پاڵ خۆیدا دانابوو، لەسەر تابلۆکە نوسرابوو: (من نابینام بێزەحمەت هاوکاریم بکەن).

ڕۆژنامەنووسێکی داهێنەر بە لایدا تێپەڕی سەرنجی دایە تەنها چەند پارەیەکی وردە لە ناو کڵاوەکەیدا بوو، ئەویش چەند پارەیەکی وردەی خستە ناو کڵاوەکەوە بە بێ ئەوەی مۆڵەت لە کابرا نابیناکە وەربگرێت تابلۆکەی برد و، دوای ماوەیەک بۆی هێنایەوە و، شتێکی تری لەسەر نووسی و، تابلۆکەی خستەوە بەردەم پیاوەکە و بەجێی هێشت.

دەمەوعەسری ئەو ڕۆژە ڕۆژنامەنووسەکە گەڕایەوە بۆ ئەو شوێنە و، بینی کە کڵاوی ئەو کابرا نابینایە پڕ بووە لە پارەی وردە و کاغەز، پیاوە نابیناکە بە تەقەی پێیدا ڕۆژنامەنووسەکەی ناسییەوە و، لێی پرسی:

- (لەسەر تابلۆکە چی نووسراوە)؟

ڕۆژنامەنووسەکە وەڵامی دایەوە:



Scanned by CamScanner

- شتێکی تایبەتی و گرنگم نەنووسی من تەنها نووسینەکەی ئێوەم بە شێوەیەکی تر نووسی) زەردەخەنەیەکی کرد و، ڕۆیشت.

پیاوە نابیناکە هیچ کات نەیزانی ئەو چی نووسیوە، بەڵام لەسەرتابلۆکە نوسرابوو:

(ئەمڕۆ بەهارە، بەڵام من ناتوانم بیبینم).

ئەنجام/ کاتێک ناتوانن کارەکەتان بەرەو پێشەوە بەرن ستراتیژی خۆتان بگۆڕن.

## ((بوودا و لەدەستدان))

لە بوودایان پرسی: (لەم هەموو چاودێریکردن و ڕووکردنە خوا و کارکردنەت لەسەر ڕۆحت چیت بەدەستهێناوە)؟

بووداش لە وەڵامدا گوتی: (هیچ، بەڵام هەندێ شتیشم لە دەست داوە: تووڕەیی، نیگەرانی و شڵەژان، خەمۆکی، هەست نەکردن بە ئاسایش و، ترس لە پیری و مەرگ......).

ئەنجام/

هەمیشە بەدەستهێنان نییە کە حاڵمان باش دەبێت، هەندێ جار بە لە دەستدانەکان زیاتر ئاسوودە دەبین.



Scanned by CamScanner

# ((حاکم و باخەوان))

ڕۆژێك دەسەلأتداری شارێك فەرمان دەدات تا باخەوانی کۆشك لە مەیدانی شاردا لە ملی بدەن. وەزیری دەسەلأتداری شار (حاکم) پیاوێکی عاقلّ و ژیربوو، چوو بۆ لای حاکمی شار تاکو هۆکاری لە ملدانی بزانێت و، گیانی باخەوانی بێچارە ڕزگار بکات.

وەزیر دوای ئەنجامدانی کاری تەشریفاتی ئاسایی، پرسی:

- (حاکممان سەلامەت بێت، ئەم باخەوانە بێچارەمان چ گوناهێکی کردووە تا سزایەکی وەهای بەسەردا سەپێنراوە؟).

حاکم بە سەرنجێکی تووڕەوە ڕوو بە وەزیر گوتی:

- (ئەم چارە ڕەشە کە تۆ دەڵێیت، ئەمە چەندین جارە دزەکان دەستدرێژی دەکەنە سەر کۆشك و، لە دیواری باخەکەوە ڕێگای هەڵأتن دەدۆزنەوە و، ئەمیش هەر چەند بە دوایاندا ڕادەکات ناتوانێت بیان گرێت و، پێیان ناگات، جاری یەکەم و دووەم و سێیەم بەخشیم، بەڵأم حەتمەن بە ئەنقەست وا دەکات، گومانم نییە کە ئەم باخەوانە هاوڕێیانە و هاوبەشی دزانە).

وەزیر بە بیستنی ئەم بابەتە زەردەخەنەیەکی کرد و، گوتی:



Scanned by CamScanner

- (نەخێر، نە ئەم پیاوە باخەوانە و، نە هیچ باخەوانێکی تر ناتوانێت دزەکان بگرێت، چونکە ئەو بۆ حاکم ڕادەکات و دزەکانیش بۆ خۆیان).

حاکم خۆشی لە وەڵامەکەی وەزیر هات و، لە خوێنی باخەوانەکە خۆشبوو.

## ((ئالفرێد نۆبڵ و چارەنووس))

ئالفرێد نۆبڵ لەو کەسە کەمانەیە کە توانی بەر لە مردنی خۆی ئاگاداری هەواڵی مردنی خۆی بخوێنێتەوە، حەتمەن دەزانن کە نۆبڵ داهێنەری دینامیتە.

کاتێک کە براکەی (لۆدۆیک) مرد، ئالفرێد بەیانی ڕۆژنامەکان دەخوێنێتەوە، بە دیتنی لاپەڕەی یەکەم سەراسیمە دەبێت و، لە شوێنی خۆی دەوەستێت، ڕۆژنامەکان بە هەڵە وایان زانیبوو کە نۆبڵی بەناوبانگ و، داهێنەری دینامیت مردووە، زیاتر لەوەش ئەم بە شێوازی داڕشتنی هەواڵەکە سەری سوڕما، ڕۆژنامەکان نووسیبویان: (ئالفرێد نۆبڵ دەلاڵی مەرگ و، داهێنەری مەرگهێنەرترین چەکی مرۆڤایەتی مرد).

ئالفرێد زۆر ناڕەحەت بوو و، لە دڵی خۆیدا بیری کردەوە: (ئایا ئەمە چاکە کە لە دوای مردن من بەم جۆرە بناسن؟).



Scanned by CamScanner

خێرا وەسیەتنامەکەی هێنا و خەتی کێشا بە سەر زۆرێك لە ڕستەگەلە نووسراوەکانیدا و، چاکی کردن. پێشنیازی کرد سەرمایەکەی بۆ خەڵاتێك بۆ ئاشتی و پێشکەوتنی ئاشتیخوازی خەرج بکرێت.

ئەمڕۆ نۆبڵ نەك بە ناو دینامیت، بەڵکو بە ناوی داهێنەری خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی، خەڵاتەکانی نۆبڵی ئەدەبیات و کیمیا و فیزیا و، .......دەناسین، ئەو ئەمڕۆ ناسنامەیەکی تری هەیە. بڕیارێك بەسە بۆ گۆڕینی چارەنووسێك.

## ((کڕینی دۆزەخ))

لە سەدەکانی ناوەڕاستدا کە شیشەکان بەهەشتیان بە خەڵك دەفرۆشت و، خەڵکی نەزانیش بە پێدانی بڕێك پارە بەشێك لە بەهەشتیان دەکڕی و، دەیان کردە موڵکی خۆیان، کەسێکی دانا کە ئازاری بە دەست ئەم نەزانییەی خەڵکەوە دەکێشا، دەستی بۆ هەموو کارێك برد، بەڵام نەیتوانی خەڵکی لەم کارە نەفامانەیە پەشیمان بکاتەوە، تاکو ئەوەی ڕۆژێك بڕێك بە مێشکیدا هات و ڕۆیشت بۆ کڵێسا و بە بەرپرسی فرۆشی بەهەشتی گوت:

– (نرخی دۆزەخ چەندە؟). کەشیشەکە سەری سوڕما و، گوتی:

– (دۆزەخ؟).



www.iqraahlamontada.com

Scanned by CamScanner

پیاوە داناکە گوتی:

- (بەڵی، دۆزەخ).

کەشیشەکە بە بێ بیر لێکردنەوە گوتی: (سێ سکە).

پیاوەکە بە سەرسوڕمانەوە گوتی:

- (بێزەحمەت سەنەدی دۆزەخم بدەنێ).

کەشیشـەکەش لەسـەر پارچـە کاغـەزێك نووسـی: (سـەنەدی دۆزەخ). پیاوەکـەش بـە خۆشـحاڵییەوە وەریگـرت و، لـە کڵێسـا چوویە دەرەوە، پاشـان ڕۆیشـت بـۆ مەیـدانی سـەرەکی شـار و هـاواری کـرد: (مـن تـەواوی دۆزەخـم کڕیـوە و، ئەمـەش سـەنەدەکەیەتی، چیتر بەهەشـت مـەکڕن، چـونکە مـن ڕێگـا نـادەم کەس بچێتە دۆزەخەوە).

ئەو پیاوە دانایەش کەس نەبوو جگە لە "مارتن لۆسەر".

## ((چۆلەکە و ئاگر))

چۆلەکەیەك بە خێرایی و تەواوی توانایەوە لە ئاگرەکە نزیك دەبوویەوە و دەگەڕایەوە.

لێیان پرسی: (چی دەکەیت؟).

چۆلەکەکە وەڵامی دایەوە: (لەم نزیکانە کانییەك هەیە و، من دەنووکی خۆم پڕ دەکەم لە ئاوو بەسەر ئاگرەکەیدا دەکەم.



Scanned by CamScanner

گوتیان: (قەبارەی ئاگرەکە بە بەراورد بەو ئاوەی کە تۆ دەیهێنیت زۆر زیادترە، ئەم ئاوەش سوودی نییە.

چۆلەکەکە گوتی: لەوانەیە نەتوانم ئاگرەکە بکوژێنمەوە، بەلاّم کاتێك خودا لێم دەپرسێت: کاتێك کە هاورێکەت لە ئاگرەکەدا دەسووتا تۆ چیتکرد؟

وەلاّم دەدەمەوە: هەرچی لە دەستم هات کردم.

## ((ئەنیشتاین و شۆفێرەکەی))

ئەنیشتاین بۆ چوونی بۆ کۆڕەکانی و، وانەوتنەوە لە زانکۆ هاوکاری لە شۆفێرە جێ بڕواکەی وەردەگرت، شۆفێرەکەی ئەو نەك ئۆتۆمبێلی لێ دەخوڕی، بەڵکو هەمیشە و بە درێژایی کۆڕەکانی لە ناو گوێگرانیدا دەمایەوە، بە جۆرێك شارەزای لە بابەتەکاندا پەیداکردبوو، ڕۆژێك ئەنشتاین لە ڕێگای زانکۆ بوو، بە دەنگی بەرزگوتی کە زۆر هەست بە ماندووبوون دەکات؟

شۆفێرەکەی پێشنیاری ئەوەی بۆ کرد کە جێگاکانیان بگۆڕنەوە، ئەو لە جیاتی ئەنشتاین لە کۆڕەکەدا وتار بدات، چونکە ئەنشتاین بە تەنیا لە یەك زانکۆدا مامۆستابوو و، وانەی دەوتەوە، لەو زانکۆیەی کۆڕەکەی دەگرت کەس نەیدەناسی، دیارە نەشیان دەتوانی لە شۆفێرەی جیابکەنەوە، ئەنشتاین بەمە ڕازی



Scanned by CamScanner

بوو، بەلام لە بارەی ئەوەی کە لە دوای کۆڕەکە پرسیارانێکی قورسیان لەو کرد ئەو چی دەکات؟ تۆزێك گومانی هەبوو.

بە هەر حاڵ کۆڕەکەی شۆفێرەکە بە شێوەیەکی زۆر بالا بەڕێوەچوو، بەلام گومانەکەی ئەنشتاین ڕاست دەرچوو، لە کۆتایی کۆڕەکەدا قوتابییان دەستیان بە پرسیارکردن کرد، لەم کاتەشدا شۆفێرە هۆشیارەکە گوتی: (پرسیارەکانی ئێوە هێندە سادەیە تەنانەت شۆفێرەکەشم دەتوانێت وەلامیان بداتەوە، پاشان ئەنیشتاین لە ناو ئامادەبووانەوە هەستا و، وەلامی پرسیارەکانی دایەوە، بە شێوەیەك بووە جێی سەرسوڕمانی ئامادەبووان.

## ((لوقمانی حەکیم و ڕێبوار))

ڕۆژێك لوقمانی حەکیم لە پاڵ کانییەکدا دانیشتبوو، پیاوێك بەوێدا تێپەڕی و، لە لوقمانی پرسی: (چەند کاتژمێری دیکە دەگەم بە گوندەکەی تر؟).

لوقمان گوتی: بە ڕێگادا بڕۆ).

پیاوەکە وای زانی لوقمان گوێی لێی نەبووە، دووبارە لە لوقمانی پرسی: (چەند کاتژمێری تر دەگەم بە گوندەکەی تر؟).

لوقمان دووبارە گوتی: (بە ڕێگادا بڕۆ).



Scanned by CamScanner

پیاوەکە وای زانی لوقمان شێت بووە و، ڕۆیشتنی کردووە بە پیشە، بەڵام کاتێك چەند هەنگاوێ ڕۆیشتبوو لوقمان بە دەنگی بەرز پێی گوت:

- (ئەی پیاو یەك کاتژمێری تر دەگەیت بەو گوندە).

پیاوەکە گوتی: (بۆچی یەکەم جار نەتوت؟).

لوقمان گوتی: (چونکە بە ڕێگادا ڕۆیشتنی تۆم نەدیبوو، نەم دەزانی خێرا دەڕۆیت یان خاو، ئێستا کە بینیم زانیم کە تۆ یەك کاتژمێری تر دەگەیت بە گوندەکە).

## ((باڵوڵ و پیاوە عەرەبەکە))

### ڕێگەچارەی باڵوڵ بۆ دانەوەی پارەی هەڵم.

ڕۆژێك عەرەبێك بە بازاڕدا تێدەپەڕی چاوی بە چێشتخانەیەك کەوت، کە هەڵم لە مەنجەڵەکانیەوە بەرز دەبوویەوە، خۆشی لەمە هات و، ئەو پارچە نانەی کە پێی بوو، بەسەر هەڵمەکەوە گرتی و خواردی.

کاتی ڕۆیشتن خاوەن دوکانەکە گوتی:

- (تۆ سوودت لە هەڵمی مەنجەڵی من بینیوە و، دەبێت پارەکەی بدەیت).



Scanned by CamScanner

خەڵکی لە دەوری کۆبوونەوە و، پیاوەکەش کە لە هەموو لایەکەوە گیری خواردبوو چاوی بە باڵولْ کەوت لەوێوە تێپەڕی، داوای لێکرد کێشەکەیان بۆ چارەسەر بکات.

باڵولْ بە چێشتلێنەرەکەی گوت:

– (ئایا ئەم پیاوە لە خواردنەکەی تۆی خواردووە؟).

چێشتلێنەرەکەش گوتی: (نەخێر، بەلاّم سوودی لە چێشتەکەی من وەرگرتووە).

باڵولْ چەند سکەیەکی زیوینی لە گیرفانی دەرهێنا و، پیشانی چێشلێنەرەکەی دا و، کێشای بە زەویدا و، گوتی:

– (ئەی چێشتلێنەر دەنگی پارەکە وەربگرە).

چێشتلێنەرەکە بە تەواوی سەرسوڕمانەوە گوتی:

– (ئەمە چ شێوازێکی پارەدانە؟).

باڵولْ گوتی:

– (تەواوی دادوەرییە، کەسێك کە بۆنی چێشت بفرۆشێت دەبێت زڕەی پارە وەربگرێت).

## ((حیکایەتی مانگا و مەڕ))

ڕۆژێك مانگایەك قاچی دەشکێت و، ئیتر ناتوانێت هەستێتەوە، جوتیارەکە دکتۆری بەیتەری دێنێتە سەری و، دکتۆرەکە دەڵێت تا ٣ ڕۆژی تر گەر نەیتوانی لەسەر قاچی بووەستێت ئەوا سەری ببڕن.



Scanned by CamScanner

مەڕ گوێی لەم قسەیە دەبێت و، دەڕواتە لای مانگا و، دەڵێت هەستەوە، مانگاش هەرچەند هەوڵ دەدات ناتوانێت هیچ جووڵەیەك بكات.

ڕۆژی دووەم مەڕ دەچێتەوە لای و پێی دەڵێت هەستە و، مانگاش هەرچەند هەوڵ دەدات ناتوانێت هەستێتەوە.

ڕۆژی سێیەم بە ڕاكردن دەچێتەوە لای مانگا و، دەڵێت هەستەوە، ئەگەر نا ئەمڕۆ تەواو دەبیت، ئەگەر ئەمڕۆ نەتوانیت هەستیتەوە ئەوا سەرت دەبڕن.

مانگاكە بە هەزار هەوڵ و تێكۆشان بە زۆر لەسەر پێ دەوەستێت، بۆ بەیانی ڕۆژی دواتر جوتیارەكە لە تەویلەكەدا دەبینێت كە مانگاكە بە پێوە وەستاوە، دەگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە بە خۆشحاڵییەوە دەڵێت كە مانگاكە هەستاوەتەوە، بەو بۆنەیەوە ئاهەنگ ساز دەكەم، ئادەی مەڕەكە سەربڕن بۆ ئەو ئاهەنگە).

ئەمە حیكایەتی زۆرێك لە ئێمەیە، چونكە لێرەش مانگاكە ناتوانێت یارمەتی مەڕەكە بدات لەبەر ئەوەی قاچی شكاوە.

## ((حیكایەتی شێر و كەر))

جارێكیان شێرێك هێرشی كردە سەر دۆڵێكی پڕ لە كەر و، هەموو كەرەكان ڕایانكرد، تەنها كەرێك نەبێت لە ترسان دەستی بە زەڕین كرد، شێرەكەش گەڕایەوە دواوە، كەرەكەش بڕوای بە خۆی كرد كە ئەم شێرەكەی ترساندووە، بۆیە شوێنی كەوت، شێرەكە

جارەجارە دەگەڕایەوە و، کەرەکەش دەیفڕاند، تا گەیشتن بە دۆڵێك پڕ بوو لە شێر، بۆیە شێرەکان هێرشیان بۆ هێنا و، ئەویش وتی خۆ ئێوە هەر دەمخۆن دەمخۆن، بەس ڕێگام بدەن پرسیارێك لەو شێرە ترسنۆکە بکەم، بزانم بۆچی ئەو هەموو ماوەیە دۆڵ بە دۆڵ دەمفڕاند و، ڕووبەڕووم نەدەبوویەوە، شێرە ترسنۆکەی گوتی: من بە لێنم بە هاوڕێکانم دابوو کە خواردنی تازە و ئامادە بهێنمە ئێرە بۆیان...

جا ئەوەت بیر نەچێت کەر هەر کەرە و، شێریش هەر شێر).

## ((لیۆناردۆ داڤنشی و دوایین خوان))

لیۆناردۆ داڤنشی لە کاتی کێشانی تابلۆی (دوایین خوان)دا تووشی کێشەی گەورە بوو، ئەو دەبوایە (خێر و چاکەی) لە شێوەی (عیسا) و/ خراپەشی لە شێوەی (یەهودا کە لە یارانی عیسا بوو لە کاتی خواردندا بڕیاریدا خیانەتی لێبکات) بکێشێت، کارەکەی بە نیوە و ناتەواوی واز لێهێنا، تاکو مۆدێلی ڕووخساری تازە بۆ وێنەکەی پەیدا بکات.

ڕۆژێك لە مەراسیمی کۆڕاڵدا وێنەی مەسیحی لە ڕووخساری یەکێك لە لاوەکاندا دۆزییەوە و، بانگی کرد بۆ شوێنی وێنەکێشانەکەی و، چەند نموونە و گەلاڵەیەکی لە ڕووخساری وەرگرت.



Scanned by CamScanner

سێ ساڵ تێپەڕی و تابلۆی (دوایین خوان) هەر تەواو نەبوو، بەڵام داڤنشی بۆ (یەهودا) هێشتا مۆدێلی گونجاوی نەدۆزیبوویەوە، (کاردینال) بەرپرسی کڵێسا، کەم کەم فشاری بۆ دەهێنا کە تابلۆ دیوارییەکەی تەواو بکات، داڤنشی پاش چەند ماوەیەك گەڕان، لاوێکی شکستخواردووی جل لۆچاوی مەستی لە ناو جۆگەیەکی ئاودا دۆزییەوە. داوای لە هاوکارانی کرد ئەو لاوە بیهێنن بۆ کڵێسا، چونکە بواری تر بۆ گەلاڵەی ڕووخساری ئەو نەماوە، لاوە گەداکە نەیدەزانی چی بووە، هێنایان بۆ کڵێسا، هاوکارانی ئەویان بە پێوە هێشتەوە، لەم بارودۆخەشدا داڤنشی بێ پارێزکاری و گوناه و خۆپەرستی کە بە جوانی لە ڕووخساری دەرکەوتبوون لە بەری گرتەوە.

کاتێك کارەکە تەواو بوو، لاوەکە چیتر مەستییەکەی نەمابوو و، چاوەکانی کردەوە، وێنەکێشێکی لە بەرامبەری خۆیەوە بینی و، بە سەر سوڕمانەوە گوتی:

- (من پێشتر ئەم تابلۆیەم بینیوە).

داڤنشی بە سەراسیمەییەوە گوتی:

- لە کوێ؟

لاوە گەداکە گوتی:

- (سێ ساڵ لەمەوبەر و، بەر لەوەی هەموو شتێکم لە دەست بدەم، کاتێك کە لە گرووپێکی کۆڕاڵدا گۆرانیم دەوت و، ژیانێکی پڕ لە خەونم هەبوو، ئەو کاتە هونەرمەندێك منی بانگهێشتکرد بۆ لای خۆی تا ببمە مۆدێلی تابلۆی ڕووخساری (عیسا).



Scanned by CamScanner

## ((سەردان))

کەسێك چوویە لای پیاوێکی زانا و ژیر و گوتی:

(مـن چـەند مانگێکـە لـەم کۆڵانـەدا خانوویـەکم گرتـووە، ڕووبـەڕووی خانووەکـەی مـن دایـك و کچـێك دەژیـن، هـەر ڕۆژە و هەنـدێك جـاریش بـە شـەوان، پیـاوانی جیـاواز هاتوچـۆی ئـەوێ دەکەن و، منیش بەرگەی ئەم بارودۆخە ناگرم.

پیاوە زاناکە گوتی: (لەوانەیە خزمەکانیان بن).

کەسەکە گوتی: (نەخێر، من هەر ڕۆژە و لـە پەنجـەرەوە تەماشا دەکـەم، هەنـدێك جـار دە کەسـی جیـاواز دێـن و،دوای کاتـژمێرێك دەچن.

زاناکە گوتی: (بۆ هەر کەسێکیان بەردێك بخەرە ناو کیسـەکەوە و دوای چەند مانگێك وەرەوە بۆ لام، تـاکو میزانـی گونـاهی ئـەوان بزانم).

کەسەکە بە خۆشحاڵییەوە خواحافیزی کرد.

پاش چەند مانگ هاتەوە بۆ لای زاناکە و، گوتی: (مـن نـاتوانم کیسـەکە هـەڵبگرم، ئەگـەر دەکرێـت ئێـوە بـێن و بیـژمێرن).

زاناکـە گـوتی: (تـۆ کـە نـاتوانی کیسـەیەك بـەرد تـا کۆڵانەکـەی مـن هەڵبگریت، ئەی چۆن بە باری قورسی هەڵەوە ژیان دەگوزەرێنیت؟ ئێسـتا بـڕۆ بـە قـەد ژمـارەی بـەردەکان داوای لێبوردنیـان لێبکـە، چـونکە ئـەو دوو ژنـە هاوسـەر و کچـی پیـاوێکی گـەورەن کـە



Scanned by CamScanner

وەسیەتی کردووە لە پاش مەرگی خۆی قوتابیان و هاوڕێکانی بێن و، سوود لە کتێبخانەکەی وەربگرن و، تیایدا کتێب بخوێننەوە).

## ((ڕاستگۆیی پیاوان))

پیاوێکی خێزاندار بڕیاریدا لەگەڵ سکرتێرەکەی خۆی لە فەرمانگەکەیدا پەیوەندی هەبێت، پیاوەکە چوو بۆ ماڵی سکرتێرەکەی و، تا بەیانی پێکەوە مانەوە، لە کاتی هاتنەوەیدا پیاوەکە پێڵاوەکانی خۆی برد لە ناو باخچەکەدا قوڕاوی کرد. کاتێك پیاوەکە هاتەوە بۆ ماڵەوە ژنەکەی بە توورەییەوە لێی پرسی دوێنێ شەو لە کوێ بوویت؟).

پیاوەکە گوتی: (ئازیزەکەم ناتوانم درۆت لەگەڵ بکەم، دوێنێ شەو لەگەڵ سکرتێری فەرمانگەکەمدا خەوتم).

ژنەکەی بە سەرسوڕمانەوە سەیری پێڵاوەکانی پیاوەکەی کرد و، گوتی: (هەی پیس، دووبارە درۆ دەکەیت، دەزانم لەگەڵ هاوڕێکانتدا چووبوویت بۆ شاخ).



Scanned by CamScanner

## ((پادشا و جوتیار))

پاشـــایەك دوو شـــاهێنی بچـــووك وەك دیـــاری وەردەگرێـــت، هەردوكیانی سپارد بە ڕاهێنـەری باڵندەكانی دەربار تا بۆ سوود وەرگرتن، یان لە مەراسیمی ڕاوشكار پەروەردەیان بكات.

دوای مانگێك ڕاهێنەرەكە هاتە لای پاشا و گوتی: (یەكێك لە شاهێنەكان پەروەردەكراوە و ئامادەیە بۆ ڕاو وشكار، بەڵام نازانم چی بەسەر ئەوی تریان هاتووە، هەر لە یەكەم ڕۆژەوە كە دامناوە لەسەر لقێك نەجووڵاوە).

ئـەم بابەتـە بـووە جێـی نیگـەرانی پاشـا و فـەرمانی كـرد تـا پزیشكان و ڕاوێژكارانی دەربار كارێك بكەن كە شاهێنەكە بفڕێت، بەڵام هیچ كام نەیان توانی.

ڕۆژی دواتـر پاشـا فـەرمانی دەركـرد تـا بـە هـەموو خـەڵكی ڕابگەیـەنن كـە هـەر كـەس بتوانێـت شـاهێنەكە بخاتـە فـڕین ئـەوە خەڵاتێكی چاك لە لایەن پاشاوە وەردەگرێت، بەیانی دووەم پاشا سـەیری كـرد كـە شـاهێنی دووەمـیش بـە چالاكییەوە كەوتووەتـە جووڵە و فڕین.

پاشـا فـەرمانی كـرد تـا كەسـی موعجیزەگـەری ئـەم كـارەی شاهێنەكە بهێنن بۆ لای.



Scanned by CamScanner

پیاوانی دەربار جوتیارێکی ئاساییان هێنا بۆ لای پاشا و وتیان: (ئەمەیە شاهێنەکەی هێناوەتە سەر فڕین).

پاشا پرسی: (تۆ شاهێنەکەت هێنایە فڕین؟ چۆن ئەم کارەت ئەنجامدا؟ لەوانەیە تۆ جادووگەر بیت؟).

جوتیارەکەش گوتی: (سەروەرم، کارێکی سادەبوو من تەنها ئەو لقەی شاهێنەکەی بە سەرەوە نیشتبووەوە بڕیم، ئیتر شاهێنەکەش لەم کاتەدا زانی باڵی هەیە دەستی کرد بەفڕین).

بەڵێ ئەمەش وانەیەکی زۆر چاکە بۆ ژیانی ئەمڕۆی ئێمە.

## ((دوایین ئارەزووی سوقرات))

بەر لەوەی سوقرات دادگایی بکەن لێیان پرسی: (گەورەترین ئارەزوویەك کە لە دڵتایە چییە؟).

سوقرات گوتی: (گەورەترین ئارەزووی من ئەوەیە کە بچمە سەر بەرزترین شوێنی ئەسینا و، بە دەنگی بەرز بڵێم: ئەی دۆستان بۆچی ئەوەندە بە چاوچنۆکی و تەماحەوە چاکترین و ئازیزترین ساڵەکانی ژیانی خۆتان بە کۆکردنەوەی زێڕ و زیو و سەروەرت و سامانەوە بەسەر دەبەن؟ لە کاتێکدا بەو جۆرەی کە دەبێت لەوانەیە لە پەروەردە و فێرکردنی منداڵەکانتاندا کە ناچار دەبن سەروەت و سامانەکەی خۆتانیان بۆ بەجێبهێڵن و، هیممەت بەکار نابەن).



Scanned by CamScanner

# ((کوڕە لاو و مزگەوت))

لاوێك بە چەقۆیەکەوە چوویە ناو مزگەوتێکەوە و گوتی: (لە نێـــوان ئێـــوەدا موســـوڵمان هەیـــە؟). هـــەمووی بـــە تـــرس و سەرسوڕمانەوە سـەیری یـەکتریان کـرد و، بێـدەنگی بـاڵی بەسەر مزگەوتدا کێشا!

پیرە پیاوێك لە شوێنی خۆی هەستایەوە و، گوتی: (بەڵێ، من موسوڵمانم).

لاوەکـە سـەیرێکی پیرەمێردەکـەی کـرد و، گـوتی: (لەگـەڵ مـن وەرە).

پـیرە پیاوەکـە دوای لاوەکـە کـەوت و، چـەند هـەنگاوێك لـە مزگەوت دوورکەوتنەوە، لاوەکە ئاماژەی بۆ ڕانە مـەڕێك کرد و، بە پیرە مێردەکەی گوت: (دەمەوێت تەواوی ئەمانە بکەمە قوربانی و، لە نێوانی هەژاراندا دابەشی بکەم، بۆیە پێویستیم بـە یارمـەتی تۆ هەیە).

پیرە مێرد و لاوەکە خـەریکی سەربڕینی مـەڕەکان بوون، پاش ماوەیەك پیرە مێردەکە ماندووبوو، بە لاوەکەی گوت: بگەڕێرەوە لە مزگەوت لەگەڵ خۆت کەسێکی دیکە بێنە بۆ هاوکاری).

لاوەکـە بـە چـەقۆی خوێناوییـەوە گەڕایـەوە بـۆ مزگـەوت و، دووبارە پرسی: (ئایا موسوڵمانێك لە نێو ئێوەدا هەیە؟).



Scanned by CamScanner

ئامادەبووانی مزگەوت بە دیتنی چەقۆ خوێناوییەکە ترسان و، سەیری ئیمامی مزگەوتیان کرد، ئیمامەکەش گوتی: ئەی ناموسوڵمانەکان بۆچی سەیری من دەکەن! سوێند بە عیسای مەسیح بە چەند ڕکاتێك نوێژ کەس نابێت بە موسوڵمان.

## ((حیکایەتی پاسکیل))

پیاوێك لەسەر کەتەلۆگ داوای پاسکیلێکی کردبوو بۆ کوڕەکەی خۆی، کاتێك کەپاسکیلەکەی وەرگرت لەوە تێدەگەیشت کە پێش بەکارهێنانی دەبێت خۆی هەندێك پارچەی ببەستێت، بە هاوکاری دەفتەری ڕێنمایی (کەتەلۆگ) تەواوی پارچەکانی دەستە بەندی کرد و، لە گەراجەکەدا خستنیە پاڵ یەکتر، لەگەڵ ئەوەی کە چەندان جار دەفتەری ڕێنمایی بە وردی خوێندەوە، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو کە پارچەکانی پاسکیلەکە بە ڕاست و دروستی ببەستێت، بیری لە دراوسێکەیان کردەوە، سەیری کرد خەریکی بڕینی چیمەنی حەوشەکەیانە و، بڕیاریدا داوای هاوکاری لەو بکات کە ئەو لە کاری هونەریدا زۆر شارەزا بوو.

پیاوەکەی دراوسێی کەمێك سەیری پارچەکانی پاسکیلەکەی کرد کە لە گەراجەکەدا دانرابوو، پاشان بە شارەزاییەوە دەستی بە بەستنی پارچەکانی پاسکیلەکە کرد، بەبێ ئەوەی بۆ



Scanned by CamScanner

جارێکیش سەیری دەفتەری ڕێنمایی بکات، پاش ماوەیەکی کەم تەواوی پارچەکانی بە دروستی بەست.

پیاوەکە گوتی: (بە ڕاستی سەیرە چۆن سەرکەوتووبوویت بە بێ خوێندنەوەی دەفتەری ڕێنماییەکان توانیت ئەم کارە ئەنجام بدەیت؟).

پیاوە دراوسێکەی بە کەمێك شەرمەوە گوتی: (ئەڵبەتە ئەم بابەتە تەنها چەند کەسێکی کەم دەیزانن، بەڵام من نەخوێندەوارم و، خوێندن و نووسین نازانم).

پاشان کابرای دراوسێی بە حاڵەتێکی پڕ لە باوەڕ بەخۆبوونەوە زەردەخەنەیەکی کرد و، گوتی: (کەسێك کە نازانێت بنووسێت بە لایەنی کەمەوە خۆ دەبێت بزانێت بیربکاتەوە).

## ((هەڵۆ و کەڵەشێر))

چیایەکی بەرز هەبوو کە هێلانەی هەڵۆیەکی بە چوار هێلکەوە لەسەر لوتکەکەیدا بوو، ڕۆژێك بومەلەرزەیەك ڕوویدا و، چیایەکەی لەراندەوە، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی یەکێك لە هێلکەکانی هێلانەی هەڵۆکە گلۆربێتەوە بۆ خوارەوە بۆ بن چیاکە، بە ڕێکەوت ئەو هێلکەیە کە گلۆربوویەوە کەوتە ناو کێڵگەیەك کە پڕ بوو لە مریشك و کەڵەشێر.



Scanned by CamScanner

مریشــك و كەڵەشـێرەكان دەیـانزانی دەبێـت چـاودێری ئـەم هێلكەیـە بكـەن و، دواجـاریش مریشـكێكی پـیرِ پازی بـوو كـە لـە سەری بنیشێت و، گەرم رایبگرێت تا ببێتە جووجەڵە.

ڕۆژێك هێلكەكە تترووكاو بەچكە هەڵۆیەك هاتە دەرەوە، بەچكە هەڵۆكەش هەر وەك تەواوی بەچكە جووجەڵەكانی تر پەروەردەكرا و، زۆر درێژەی نەكێشا تاكو بەچكە هەڵۆكە باوەڕی كرد كە ئەو جگە لە جووجەڵـە كەڵەشـێرێك زیـاتر نییـە، ئـەو ژیـانی خێزانـی خۆی خۆشدەویست، بەلآم شتێك لە ناخەوە هاواری دەكرد كە تۆ لەمە زیاتریـت، تـا ئـەوەی ڕۆژێـك لـە كێڵگـەدا خـەریكی یـاریكردن بوو، چاوی كەوت بە هەندێك هەڵۆ كە لە ئاسماندا بەرز دەبوونـەوە و دەفڕین.

هـەڵۆ بچـووكەكە ئـاهێكی هەڵكێشـا و گـوتی: (خۆزگـە منـیش دەمتوانی وەك ئەوان بفڕم).

كەڵەشێر و مریشكەكان گوێیان لەم قسەیەی بوو دەستان كرد بـە پێكـەنین و، گوتیـان: (تـۆ كەڵەشـێریت و، هـەرگیز ناتوانیـت بفڕیت).

بەلآم هەڵۆ بچووكەكە هەر سەیری خێزانە ڕاستەقینەكەی خۆی دەكرد كە لە ئاسماندا دەفڕین و، ئارەزووی دەكرد ئەمیش بفڕێت، بـەلآم هـەر كـات باسـی ئارەزووەكـەی دەكـرد پێیـان دەگـوت: (خەونەكەی تۆ بەدی نایەت و نابێتـە ڕاسـتی، هەڵۆكەش كەم كەم باوەڕی بەمـە كـرد و، پـاش ماوەیـەكیش ئیتر هـەر بیری لـە فڕین

نەكردەوە و، وەك كەڵەشێرێك درێژەی بە ژیانی خۆیدا و، پاش چەندان ساڵ ژیانی وەك كەڵەشێر گیانی سپارد.

تۆ ئەوەیت كە وا بیر دەكەیتەوە:

هەر كات بیرت لەوە كردەوە كە تۆ هەڵۆیەكیت بە دوای خەونەكانتدا بڕۆ و، گوێ لە وڕێنەكانی مریشك و كەڵەشێرەكانی دەوروبەرت مەگرە.

نووسینی/ گابریێل گارسیا ماركێز، نووسەری كۆڵۆمبیایی و، براوەی خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبی.

## ((قوتابی و مامۆستا))

شەوێك لە شەوان خوێندكارێك لە حاڵی پەرستش و ملكەچی و گریە و زاریدا بوو، بەم حاڵەوە ماوەیەك تێپەڕی، تاكو ئەوەی مامۆستاكەی خۆی بە ڕاسەریەوە دیت كە بە سەرسووڕمانەوە تەماشای دەكات.

مامۆستاكە پرسی: (بۆچی ئەو هەموو ناڕەحەتی و گریە و زارییە دەكەیت؟).

خوێندكارەكە گوتی: (بۆ داوای لێخۆشبوون و لێبوردەیی خودا لە گوناهەكانم و، تاكو بەر سۆزی خودا بكەوم).

مامۆستاكە گوتی: (پرسیارێكت لێدەكەم، وەڵام بدەرەوە).

خوێندكارەكە گوتی: (مامۆستا، بە تەواوی ئارەزووەوە).



Scanned by CamScanner

ماموستا گوتی: (ئەگەر مریشکێك بەخێوبکەیت ئامانجی تۆ لەبەخێوکردنی ئەو مریشکە چییە؟).

خوێندکارەکە گوتی: (باشە ماموستا، دیارە بۆ ئەوەی سوود لە گۆشت و، هێلکەکەی وەربگرم).

ماموستاکە گوتی: (ئەگەر ئەو مریشکە گریە و زاری بکات تۆ لە بڕیارەکەت پەشیمان دەبیتەوە؟).

خوێندکارەکە گوتی: (ڕاستییەکەی نەخێر، ناتوانم ئامانجێکی تر بۆ بەخێوکردنی ئەو مریشکە بۆ خۆم وێنا بکەم).

ماموستا گوتی: (ئێستا ئەگەر ئەو مریشکە هێلکەی ئاڵتونیت بۆ بکات، ئایا سەری دەبڕیت تاکو سوودی لێ وەربگریت و بیخۆیت؟).

خوێندکارەکە گوتی: (نەخێر ماموستا هەرگیز، بە دڵنیاییەوە هێلکەکان بۆ من گرنگتر و بە نرخترن).

ماموستاکە گوتی: (دەی تۆش بۆ خودا وابە، هەمیشە هەوڵبدە بە نرختر لە جەستە و گۆشت و خوێن و ئێسقانەکان بیت، هەوڵ بدە ئەوەندە بۆ مرۆڤەکان و بوون و بوونەوەرانی خودا بە سوود و بە نرخ بیت تا شیاوترین سۆز و ڕەحمەتی خودا بەدەست بهێنیت، خوداوەند گریە و زاری لە تۆ ناوێت، ئەو لە تۆ جوولە و کەشە و بالاکردن و بەنرخبوونی دەوێت و قبولّ دەکات، نەك دەستکردن بە گریە و زاری و ناڕەحەتی).



Scanned by CamScanner

# ((هەر یەك لە ئێمە بزنێكی وای هەیە))

ڕۆژگارێك مورید و مورشیدێكی دانا، كە لە سەفەردا بوون، لە یەكێك لە سەفەرەكانیاندا لە بیابانێكدا ونبوون، تا ئامادەبوون ڕێگایەك بدۆزنەوە شەو بەسەرداهات.

لە ناكاو لە دوورەوە ڕووناكییەكیان بینی و، بە پەلە بەرەو ڕووی چوون. دیتیان ژنێك، لە چادرێكی ڕزیودا لەگەڵ چەند منداڵێكی خۆیدا ژیان بەسەر دەبەن، ئەوان ئەو شەوە میوانی ئەو بوون، ئەویش شیری ئەو تەنها بزنەی كە هەیبوو پێیدان، تاكو برسێتی ڕێگایان بڕەوێتەوە.

ڕۆژی دواتر مورید و مورشید سوپاسی ئەو ژنەیان كرد و، لە سەرێی خۆیان بەردەوام بوون. لە ڕێگادا موریدەكە لە بیری ئەو ژنەدا بوو كە چۆن تەنها بە یەك بزن ژیان بەسەر دەبات. خۆزگە لە توانایدا بوایە هاوكاری ئەو ژنەیان بكردایە. تاكو ئەوەی ئەم بابەتەی بە مورشیدەكەی خۆی گوت، مورشیدی ژیریش پاش ماوەیەك وەڵامی دایەوە و، گوتی: (ئەگەر دەتەوێت بە ڕاستی هاوكاری ئەوان بكەیت بگەڕێرەوە و، بزنەكەی ئەوان بكوژە).
موریدەكە سەرەتا سەری سوڕما، بەڵام تا ئەو جێیەی باوەری زۆری بە مورشیدەكەی خۆی هەبوو هیچی نەگوت و، گەڕایەوە و شەو لە تاریكیدا بزنەكەیانی كوشت و، لەوێ دووركەوتەوە.



Scanned by CamScanner

سالآن تێپەڕی و هەمیشە موریدەکە لە بیری ئەمەدا بوو کە چی بەسەر ئەو ژنە و منداڵەکانیدا هاتووە، ڕۆژێك لە ڕۆژان مورید و مورشید چوونە شارێکی جوانەوە، لە ڕووی بازرگانییەوە نگینی ئەو ناوچەیە بوو، بە دوای بازرگانی گەورەی شاردا گەڕان و، خەڵکی ئەوانیان برد بۆ کۆشکێ لە ناو شاردا، خاوەنی ئەو کۆشکە ژنێك بوو بە جلی زۆر ڕازاوە و گران بەهاوە، بە پێی عادەتی خۆی بە گەرمی پێشوازی لێکردن و، فەرمانی کرد تا جل و بەرگی تازە و، کەلوپەلی پشوودانیان بۆ فەراهەم بکەن

پاش پشوودان ئەوان چوونەوە بۆ لای ژنەکە تا لە ڕازی سەرکەوتنەکانی ئەو بەئاگابن.

ژنەکەش چونکە ئەوانی بە مورید و مورشیدی ژیر زانی، ڕازی بوو و، بەم شێوەیە باسی حاڵی خۆی کرد:

سالآنێکی زۆر بەر لە ئێستا من مێردەکەم لە دەستدا و، بە چەند منداڵێکەوە تەنها یەك بزنمان هەبوو تا ژیانی پێ بەسەر بەرین، ڕۆژێك دیتمان بزنەکەمان مردار بۆتەوە و، ئیتر هیچمان نییە، سەرەتا زۆر خەمبار بووین، بەلأم پاش ماوەیەك ناچاربووین کە بۆ گوزەرانی ژیانمان هەر یەکەمان ڕوومان کردە کارێك، سەرەتا زۆر سەخت بوو بەلأم پاش ماوەیەك هەر یەکە لە منداڵەکانم هەندێك سەرکەوتنی باشیان بەدەست هێنا، کوڕە گەورەکە زەوییەکی ئامادەکراوی کشتوکاڵی لەو نزیکانە دۆزییەوە، کوڕەکەی ترم کانێکی لە کانزا گران بەهاکان دۆزییەوە و، ئەوانی تریش لەگەڵ خێڵەکانی دەوروبەر دەستیان کرد بە



Scanned by CamScanner

کـڕین و فرۆشـتن، پـاش ماوەیـەك بـەو سـەرمایەوە شـارێکمان دروستکرد، ئێستاش پێکەوە ژیان بەسەر دەبەین، موریدەکەش پەی بە ڕازی مەسەلەکە بردبوو و، لە خۆشحاڵیدا فرمێسك لە چاوەکانی هاتبووە خوارەوە.

ئەنجام/ هەر یەکە لە ئێمە بزنێکمان هەیە و، پشت بەستنمان بەوە ڕێگرە لە گەشەمان و، دەبێت بۆ گەیشتن بە سەرکەوتن و پێگەی باشتر؛ بزنەکە بە فیدا بکەین. (هیچ شتێك نامومکین نییە).

## ((دارتاش))

دارتاشێکی پیر خۆی بۆ خانەنشینی ئامادەکرد، ڕۆژێك ئەو بابەتەی لەگەڵ خاوەن کارەکەیدا خستەڕوو. پاش ڕۆژانێکی درێژ لە کارکردن و زەحمەتکێشان، ئێستا ئەو بە ئاسوودەیی نیازی وایە و، بۆ پەیداکردنی کاتی پشوو دەیەوێت ئەو لە کارەکەی خانەنشین بکەن.

خاوەن کار زۆر ناڕەحەت بوو، هەوڵی دا پەشیمانی بکاتەوە، بەڵام دارتاشەکە لەسەر ئەو بڕیارەی دابوی داکۆکی دەکرد. سەرەنجام خاوەنکار لە کاتێکدا کە بە داخەوە بەم بڕیارە ڕازی دەبوو، داوای لە دارتاشەکە کرد وەك دوایین کار دروستکردنی خانوویەك بگرێتە ئەستۆی خۆی. دارتاشەکە بە ڕووگیری ئەمەی قبوڵ کرد، لە کاتێکدا دڵی هێندە بەم کارە خۆش نەبوو، ڕازی بوو

به دروستکردنی ئەو خانووە کە بە پێچەوانەی خواستی دەروونی ئەوەوە بوو، لەبەر ئەمە بە خێرایی کەرەستەی خراپی سەرەتایی ئامادەکرد و، بە خێرایی و بە بێ وردبینی دەستی بە دروستکردنی خانووەکە کرد و پێیەوە خەریك بوو، بە زوویی و لەبەر گەیشتن بە پشوو، کارەکەی تەواوکرد و، خاوەن کارەکەی لە تەواوکردنی ئاگادارکردەوە.

خاوەن کاریش بۆ وەرگرتنی ئەم دوایین کارە هات بۆ ئەوێ، لە کاتی وەرگرتنی کلیلی خانووەکەدا خاوەن کارەکە کلیلەکەی بۆ دارتاشەکە گەڕاندەوە و، گوتی: (ئەم خانووە دیاری منە بۆ تۆ، بە هۆی سالآنی خزمەت و، هاوکاریت بۆ من).

دارتاش لە شوێنی خۆی ڕاچڵەکا و زۆر شەرمەندە بوو، لە ڕاستیدا گەر ئەو دەیزانی کە خۆی لەم خانووەدا نیشتەجێ دەبێت، کەرەستەی باشتر و چاکتری بۆ دروستکردنی بەکار دەبرد، واتە کارەکە بە شێوەیەکی تر دەکرا.

ئەمە چیرۆکی ژیانی ئێمەیە:

ئێمە ژیانی خۆمان دروست دەکەین، هەر ڕۆژێك کە تێدەپەڕێت، هەندێ جار ئێمە کەمێك گرنگی بەو شتە دەدەین کە دروستی دەکەین، بەلآم دوایی بە هۆی ڕووداوێکی چاوەڕوان نەکراوەوە تێدەگەین کە ناچارین لە ناو ئەم دروستکراوانەدا بژین، ئەگەر بیرێکی وامان هەبێت تەواوی هەوڵی خۆمان دەدەین بۆ ئاسایشی بارودۆخی ژیانی خۆمان، هەلەکان لە دەست دەردەچن

و، هەندێ جار دروستکردنەوەی ئەوەی دروستمان کردووە کارێکی نامومکین نییە.

ئێوە دارتاشی ژیانی خۆتانن، ڕۆژەکانیش چەکوشێکن لە مێخی ژیانی ئێوە دەدرێت، تەختەیەك لەوێ جێی خۆی دەگرێت و، دیوارێك دروست دەبێت، چاودێری دروستکردنی ئەو خانووە بکەن کە بۆ ژیانی خۆتانی دروست دەکەن.

## ((پەپوولە و فڕین))

پیاوێك قۆزاخەیەکی پەپوولەی دۆزییەوە و بردیەوە بۆماڵەوە، ڕۆژێکیان کونێکی بچووك لەسەر قۆزاخەکە دەرکەوت و، پیاوەکەش بە دیار ئەم دیمەنەوە دانیشت، چەندان کاتژمێر خایاند تا پەپوولەکە توانی بە هەوڵ و کۆششی فراوان بەشێك لە جەستەی خۆی لەو کونە بچکۆلەیەی قۆزاخەکەوە بێنێتە دەرەوە. پاش ماوەیەك وا دەهاتە بەرچاو کە ئەو پەپوولەیە هیچ جووڵەیەك ناکات و، چیتر ناتوانێت لە قۆزاخەکە بێتە دەرەوە، لەبەر ئەمە پیاوەکە بڕیاری دا هاوکاری پەپوولەکە بکات، ئەو مەقەستێکی هێنا و بە وردبینێکی گەورەوە کەمێك کونەکەی گەورەتر کرد، لە پاش ئەم کارە پەپوولەکە بە ئاسانی هاتە دەرەوە.

بەڵام شتانێکی سەرسوڕهێنەر دەهاتنە بەرچاو، جەستەی پەپوولەکە هەوی کردبوو، باڵەکانی چرچ و لۆچ بووبوو، پیاوەکە هێشتا بە چاوەڕوانی تا ماوەیەك مایەوە تاکو باڵەکانی پەپوولەکە



Scanned by CamScanner

گەورە و پان ببن تا بتوانێت لە کاتی فڕیندا بەرگەی ئەم لاشە قەڵەوەی بگرن، بەڵام شتێکی وا ڕووی نەدا.

لە ڕاستیداپەپوولەکە تەواوی تەمەنی خۆی بە خزین بە لا باڵە چرچەکانی و، لاشە هەوکردووەکەی بەسەر برد و، هەرگیز نەیتوانی بفڕێت، ئەوەی کە ئەم پیاوە لە ڕووی سۆز و میهرەبانی خۆی ئەنجامی دا بوویە هۆی ڕوودانی ئەم کارە، کونە بچووکەکە کە لە قۆزاخەکەدا بوو حیکمەتی خودای باڵابوو.

پەپوولەکە دەبووایە ئەم هەوڵەی بدایە تا ئەو گیراوە شلەی لە لاشەیدایە بچوایەتە ناو باڵەکانییەوە و، باڵەکانی شێوەی پێویستیان بۆ فڕین بەخۆوە بگرتایە.

هەندێ کات هەوڵ و کۆشش و بەرگەگرتنی هەندێ سەختی و، ناڕەحەتی هەمان شتە کە ئێمە لە ژیانماندا پێویستمانە، ئەگەر خوداوەند ئەو دەستەڵاتەی بە ئێمە بدایە کە بە بێ هیچ ڕێگرییەك بە ئامانجی خۆمان بگەین؛ ئەو کاتەی ئەو هێز و دەستەڵاتەی کە ئێستا هەمانە نەمان دەبوو.

کەواتە ئەگەر کەسێك دەستی ئێوەی گرت ئێوە ناتوانن بفڕن.

## ((دەروێشی یەك دەست))

دەروێشێك لە ناوچەیەکی شاخاوی دوور لە خەڵکی دەژیا و، لەو خەلوەتەدا بە زیکر وخوداپەرستی و نزاوە خەریك بوو. چونکە لەو ناوچە شاخاوییەدا درەختی سێو و هەرمێ و هەنار



Scanned by CamScanner

زۆربوون دەروێش تەنها میوەی دەخوارد. ڕۆژێك پەیمانی لەگەڵ خودا بەست کە هەرگیز میوە لە درەختەکان نەکاتەوە، تەنها لەو میوانە بخوات کە با دەیانخاتە خوارەوە، دەروێش ماوەیەك بە پەیمانەکەی خۆی وەفادار بوو. تاکو ئەوەی بە فەرمانی خوایی تاقیکردنەوەیەکی گەورەی بەسەردا هات، ئەویش ئەوەبوو تا پێنج ڕۆژ هیچ میوەیەك نەکەوتە خوارەوە، دەروێشەکە زۆر برسی و نەتوانا بوو، لە دواییدا برسێتی بەسەریدا زاڵ بوو و، پەیمانەکەی خۆی شکاند و، لە درەختی هەرمێکەی کردەوە و خواردی، خوداش لەبەر ئەم پەیمان شکێنییە ئەوی بە بەڵایەکی سەخت گرفتارکرد.

نزیکەی بیست دز هاتبوونە ئەو ناوچە شاخاوییەی کە ئەوی تێدابوو، ئەو پارەیەی کە دزیبوویان لە نێوان خۆیاندا دابەشیان دەکرد، یەکێك لە جاسووسەکانی حکومەت ئەوانی بینی فەرماندەی پۆلیسی ئاگادار کردەوە، لە ناکاو فەرمانبەرانی حکومەت گەیشتن و، دزەکانیان دەستگیرکرد و، دەروێشەکەشیان بە یەکێك لە دزەکان هەژمار کرد و، دەستگیریان کرد.

دەست بەجێ دادگا پێکهێنرا و، بە بڕیاری دادگا قاچ و دەستێکیان دەبڕایەوە، کاتێك نۆرەی دەروێش هات سەرەتا دەستیان بڕییەوە، هەر کە ویستیان قاچی ببڕنەوە، یەکێك لە بەرپرسە پلە باڵاکان لە ڕێگاوە گەیشت و، دەروێشی ناسییەوە و، هاواری بەسەر فەرمانبەری جێبەجێکاری فەرمانی دادگادا کرد و،



Scanned by CamScanner

گوتی: (ئەی سەگ سیفەت، ئەم پیاوە لە دەروێشانی حەقە، بۆچی دەستیت بڕییەوە؟).

ڕۆژێك هەواڵ گەیشتە لای فەرماندەی پۆلیس و، بەپێی پەتی هات بۆ لای شێخ و گریا و داوای لێکرد، بەڵام دەروێش بەخۆشڕوویی و میهرەبانییەوە گوتی: (ئەمە سزای پەیمان شکاندنی من بوو، من حورمەتی باوەڕ بە خودا بوونم شکاند و، خوداش سزای منی دا).

لەوە بە دواوە لە ناو خەڵکیدا بە نازناوی دەروێشی دەست بڕاو بەناوبانگ بوو، ئەو هێشتا هەر لە خەڵوەت و تەنیایی و دوور لە ژاوەژاوی خەڵك لە ناو زنجێکی دەرەوەی شاردا دەژیا و، خەریکی نزا و پاڕانەوە و خوداپەرستی بوو لەگەڵ خودا.

ڕۆژێك یەکێك لە ئاشنایانی سەری لێدەدات و، نزیك دەبێتەوە دەبینێت کە بە دوو دەست زەمیلە دەچنێت، دەروێش ناڕەحەت دەبێت و، بە هاوڕێکەی خۆی دەڵێت: (بۆچی بەبێ ئاگاداری هاتیت؟).

پیاوەکە گوتی: (لەبەر زۆری خۆشەویستی و ئارەزووی دیدارت تاقەتی دووری تۆم نەبوو.

شێخ زەردەخەنەیەکی کرد و گوتی: (سوێندت دەدەم بە خودا تا کاتی مردنی من ئەم ڕازە بە کەس مەڵێ).

بەڵام وردە وردە ڕازی کەراماتی شێخ ئاشکرا بوو و، هەموو خەڵکی ئەم هەواڵەیان بیست، ڕۆژێك دەروێش لە خەڵوەتیدا لەگەڵ خودا گوتی: (خودایە بۆچی ڕازی کەرامەتی منت ئاشکراکرد؟).



Scanned by CamScanner

خـودا فـەرمووی: (چـونکە خـەڵکی گومـانی خراپیـان لـە تۆ هەبوو، دەیان وت ئەو ڕیاکار و دز بوو، خـودا ڕیسـوای کرد، ڕازی کەرامەتی تۆم وا ئاشکرا کرد لای ئەوان تا گومانی خراپیان لە تۆ بڕەوێتەوە و پەی بە پلەی باڵای تۆ بەرن).

## ((سەد دۆلاری))

وتاربێـژێکی بـەناوبانگ لـە کۆڕێکـدا کـە دوو سـەد کـەس ئامـادەبوون، سـەد دۆلارییـەکی لـە گیرفـانی دەرهێنـا و گـوتی: (چ کەسێك حەز دەکات ئەم پارەیەی بدەمێ؟).

هەمووییان دەستیان بەرزکردەوە.

وتاربێژەکـە گـوتی: (زۆرباشـە مـن ئـەم پارەیـە دەدەم بـە یەکێکتان، بەڵام پێش ئەوە دەمەوێت کارێك بکەم).

پاشـان لـە بەرامبـەر سـەرنجی سەراسیمەی ئەواندا، پارەکـەی مڵۆچە کرد و، پرسی: (چ کەسێك ئێستا حەز دەکات ئەم پارەیەی بدەمێ؟).

دووبارە هەمووان دەستیان بەرزکردەوە.

ئەمجارە پیاوەکە پارە چرچ و لۆچەکەی فڕێدایە سەر زەوی و، خستییە ژێر پێی و، بە پێڵاوەکانی دەیخشاند بە زەویدا، پاشان پارەکەی هەڵگرت و گوتی: (باشە، ئێستا کێ حەز دەکات ئەم پارەیەی بدەمێ؟).



Scanned by CamScanner

دووبــاره هــەمووان دەســتیان بــەرزکردەوە، گوتاربێــژ گــوتی: (سەرەڕای بەو بەڵایانەش کە من بەسەر ئەو پارەیەدا هێنام، بەڵام هیچ لە نرخەکەی کەم نەکردەوە و، هەمووشتان دەتانەوێت).

درێژەی پێدا و گوتی: (لە ژیانی واقیعیشدا بە هەمان شێوەیە، ئێمە لە زۆر بابەتدا بڕیارانێك دەدەین، یان لەگەڵ چەند گرفتێکدا ڕووبەڕوو دەبینەوە، دەچەمینەوە، ملۆچە دەبین، تۆزاوی دەبین و، وا هەست دەکەین لەمە زیاتر نرخ و بەهامان نەماوە، بەڵام بەم شێوەیە نییە، بە چاوپۆشین لەوەی چی بەڵایەك بەسەرماندا هاتووە، هەرگیز نرخی خۆمان لە دەست نادەین و، هێشتا کەسانێك هەن ئێمەیان خۆشدەوێت و، ئێمە مرۆڤانێکی بەنرخین).

## ((باڵول و چوونە سەر چیا))

کەسێکی تەمەڵ هاتە لای باڵول و پرسی: (دەمەوێت بەسەر چیایەکدا سەربکەوم، نزیکترین و ئاسانترین ڕێگا بە من نیشان دەدەیت؟).

باڵول وەڵامی دایەوە: (نزیکترین و ئاسانترین ڕێگا نەچوونتە بۆ سەر چیایەکە).



Scanned by CamScanner

## ((نرخی جوانی))

پیاوێـک لـه پێشـانگایەکدا گوڵـدانی دەفرۆشـت، ژنێـك نزیـك بوویەوە لێی و، سەیری گوڵدانـەکانی کرد، هەنـدێکیان سادەبوون و بـێ جوانکـاری، بـەڵام هەندێکیشـیان گەڵاڵـە و شـتی جوانیـان لەسـەر کێشـرابوون و ڕازاوە بـوون، ژنەکـە پرسـیاری نرخـی گوڵدانەکانی کرد و لەوە سەری سووڕما کە نرخـی هـەموویان وەك یەکـە، ژنەکـە پرسـی: (بۆچـی گوڵدانـە سـادەکان و گوڵدانـە نەخشـێنراو و ڕازاوەکـانیش هـەر یـەك نرخیـان هەیـە؟ بۆچی بۆ گوڵـدانێك کـە زەحمـەتی زۆری بـردووە هـەمان پـارەی گوڵـدانێکی سادە وەردەگریت؟).

فرۆشیارەکە گوتی:(من هونەرمەندم، تـەنها نرخـی ئـەو گوڵدانە وەردەگرم کە دروستم کردووە،جوانی بێ پارەیە و بەلاشە).

## ((کرێی گوێدرێژ))

قـازی دادگـا، مرۆڤێکـی فێڵبـاز و دەسـتبڕ کـە پـارەی خـەڵکی دەخوارد. مەحکومی کرد بەوەی کە سواری گوێدرێـژێکی بکـەن و، بە هەموو شوێنێکی شاردا بیگێڕن و، جاڕ بدەن کـە ئـەو مرۆڤێکـی پارەخۆر و دەستبڕە و، کەس پارەی نەداتێ.



Scanned by CamScanner

لە کۆتایی ڕۆژەکەدا خاوەنی گوێدرێژەکە داوای کرێی ئەو ڕۆژەی لێ کرد، کابرای دەستبڕیش بە زەردەخەنەوە گوتی: (پیاوی باش، تۆ لە بەیانییەوە هاوار دەکەیت کە من پارەی خەڵکی دەخۆم، ئێستا بە چ هێوایەکەوە داوای کرێی گوێدرێژ لە من دەکەیت؟).

## ((مەلەکردن))

پیاوێك گیانی خۆی لە نێوان شەپۆلە خرۆشاو و ترسناکەکانی ڕووبارێکدا خستە مەترسییەوە بۆ ئەوەی گیانی منداڵێك لە مردنی حەتمی ڕزگار بکات کە بە هۆی شەپۆلی ئاوەکەوە کەوتبووە ناو دەریاکەوە. کوڕەکەش لە پاش زاڵبوونی بەسەر ئەو شڵەژان و ترسەی کە بە هۆی نوقووم بوونەوە دووچاری بووبوو، ڕوویکردە پیاوەکە و گوتی: (لەوەی کە گیانی منت ڕزگار کرد زۆر سوپاست دەکەم).

پیاوەکەش سەیری چاوەکانی کوڕە منداڵەکەی کرد و گوتی: (پێویست بە سوپاس ناکات کوڕەکەم، تەنیا لەوە دڵنیابە کە گیانت نرخی ڕزگاربوونی هەبوو).



Scanned by CamScanner

# ((منداڵی نمەک نەشناس))

پیاوێکی کەناس، ئارەزووی ئەوەی هەبوو بۆ جارێکیش بووە لە کاتی نانی ئێوارەدا لەگەڵ تەواوی خێزانەکەیدا لەسەر سفرە دابنیشێت و، پێکەوەنان بخۆن، چونکە ئەو زۆربەی کات درەنگ دەهاتەوە بۆ ماڵەوە، کاتێکیش دەهاتەوە منداڵەکانی هەموو نانیان خواردبوو و، هەموو خەوتبوون، هەر کە دەهاتەوە ڕاستەوخۆ خۆی دەکرد بە ناو حەمامە بچووکەکەی ناو حەوشەی ماڵەکەیدا و، دەچوو ماندوویی و ئارەقی تاقەت پڕووکێنی سەر جەستەی دەشۆری.

تەنیا هاوسەرەکەی بوو، کە لە وەڵامی چۆن و بۆچی پیاوە کەناسەکە و، ماندوێتی و، قوتابخانەی سبەینێی منداڵەکان و، ئەو جۆرە شتانەدا بیانووی دەگرت و، هەر ئەمەش بوو کە ئارەزووەکەی ئەو هێشتا هەر بەدەست نەهاتبوو.
شەوێکیان چانسی هەبوو یەکێك لە ئۆتۆمبێلەکانی شارەوانی ئەوی تا نزیکی ماڵیان گەیاند، ئەویش بە پاکەتێك شیرینی و چەند عەلاگە میوەوە بەر لە لابردنی سفرەی ئێوارە گەیشتە ماڵەوە. کاتێك باوکەکە لەسەر سفرەکە دانیشت منداڵەکان هەر یەکە بە بیانوویەك سەر سفرەکەی جێهێشت، لەگەڵ باوکیان نانیان نەخوارد و، پیاوەکەش خراپ دڵی شکا.



Scanned by CamScanner

نیوەی شەو پیاوەکە بە دەنگی نانخواردنی هێواشی منداڵەکان بێداربوویەوە و، گوێی لە گفتوگۆی ئەوان بوو لە چێشتخانەکەدا:
یەکێك لە منداڵەکان گوتی: ئاخ ئەمشەو چەندە برسیمان بوو، بێبەختی ئێمە بوو کە باوکمان زوو هاتەوە بۆ ماڵەوە.
یەکێکی تریان گوتی: بەو دەستانەی کە بەیانی تا ئێوارە لە ناو زبڵی خەڵکیدایە، مرۆڤ دڵی تێکهەڵدێت لەگەڵ ئەو نان بخوات.

## ((یوسف و براکانی))

براکانی یوسف کاتێك ویستیان یوسف بخەنە ناو بیرەکەوە یوسف زەردەخەنەیەکی کرد، یەهودا پرسی: (بۆچی پێدەکەنیت؟ ئێرە جێگای پێکەنین نییە).
یوسفیش گوتی: (ڕۆژێك بیرم لەوە دەکردەوە، چ کەسێك دەتوانێت لەگەڵ من دوژمنایەتی بکات، کە من خاوەنی ئەم برا بەهێزانەم؟).
ئێستا خوداوەند هەمان برایانی خۆمی بەسەرمدا زاڵکرد، تا بزانم کە نابێت پشت بە هیچ بەندەیەك ببەستین.
ئایا خوداوەند بۆ بەندەکانی بەس نییە؟.



Scanned by CamScanner

## ((قسەکردن بە بێدەنگی))

مامۆستایەك لە خوێندکارەکانی پرسی: (بۆچی کاتێك توورەین هاوار دەکەین؟).

یەکێك لە خوێندکارەکان گوتی: (چونکە لەو کاتەدا خوێن ساردیمان لە دەست دەدەین).

مامۆستا گوتی: (ئەمە ڕاستە، بەڵام لەگەڵ ئەوەدا کە کەسی بەرامبەر لە پاڵماندایە کەچی هاوار دەکەین؟).

پاش گفتوگۆیەکی زۆر سەرەنجام مامۆستا بەم شێوەیە ڕوونی کردەوە:

(کاتێك دوو کەس لە یەکتری توورەن دڵەکانیان لە یەکتری دوور دەکەونەوە، بۆ قەرەبووی ئەم دوورییە ناچارن هاوار بکەن، هەر چەند توورەتربن، دوورییەکە زۆرتر دەبێت و، ئەوان دەبێت دەنگیان بەرزبکەنەوە).

پاشان مامۆستا پرسی:

کاتێك دوو کەس عاشقی یەکتربن چ شتێك ڕوودەدات؟ ئەوان بە ئارامی قسە دەکەن، بۆچی؟).

چونکە دڵەکانیان لە یەکترەوە نزیکە، کاتێکیش عەشقەکەیان بۆ یەکتر زیاد دەکات، تەنانەت قسەی ئاساییش ناکەن و، تەنها



Scanned by CamScanner

چیە دەکەن و، عەشقەکەشیان بەردەوام زیاتر دەبێت، سەرەنجام تەنانەت چیەش ناکەن تەنها سەیری یەکتر دەکەن.
ئەمە هەمان عەشقی خودایە بۆ مرۆڤ و، مرۆڤیش بۆ خودا، خودا کە قسە ناکات، بەڵام هەمیشە لە هەموو بوونتدا هەست بە دەنگی دەکەیت، لێرەدایە کە لە نێوان مرۆڤ و خودا هیچ دوورییەك نییە و، دەتوانیت لە ترۆپکی هەموو قەرەباڵغییەکاندا بە بێ ئەوەی لێوەکانت بۆ قسەکردن بکەیتەوە لەگەڵ ئەودا بدوێیت.

## ((ژیانی بەر لە مەرگ))

کەسێك لە کۆنفۆشیۆسی پرسی: (دەتوانم بپرسم ڕاتان لە بارەی مەرگەوەچییە؟).
کۆنفۆشیۆس وەڵامی دایەوە: (بەڵام تۆ هێشتا لەواتای ژیان تێنەگەیشتوویت، بۆچی دەتەوێت لە بارەی مەرگەوە بزانیت؟ چاکترە سەرەتا لە ژیان تێبگەیت).

## ((کوڕ و باوك))

کوڕێکی لاو، خوێندنی زانکۆی تەواوکرد، چەند مانگ حەزی لە ئۆتۆمبێلێکی سپۆرتی جوان دەکرد، لەپشت شووشەی پێشانگاکەوە توند سەرنجی بۆ لای خۆی ڕاکێشابوو، لە ناخەوە حەزی دەکرد کە ڕۆژێك ببێتە خاوەنی ئەم ئۆتۆمبێلە.



www.iqra.ahlamontada.com

Scanned by CamScanner

کوڕە لاوەکە داوای لە باوکی کرد کە بۆ دیاری تەواوکردنی خوێندنەکەی ئەو ئۆتۆمبێلەی بۆ بکڕێت، ئەو دەیزانی کە باوکی توانای کڕینی ئەو ئۆتۆمبێلەی هەیە.

سەرەنجام ڕۆژی تەواوکردنی خوێندنی ئەو هاتە پێشەوە و، باوکی ئەوی بانگکرد بۆ ژووری خوێندنەوەکەی و، پێی گوت: (من بە بوونی کوڕێکی چاکی وەك تۆ تەواو دڵخۆش و ڕازیم، تۆم زیاتر لە هەر کەسێکی تر لەم دونیایە خۆشدەوێت)،

پاشان سندوقێکی بچووکی دا بە ئەو، کوڕەش بە کونجکاوی، بەڵام بێهیوا سندوقەکەی کردەوە کە ئینجیلێکی جوانی تێدابوو، کە ناوی ئەوی بە ئاڵتوون لەسەر نووسرابوو، بە تووڕەیەوە هاواری بە سەر باوکیدا کرد و، گوتی: (بەم هەموو سەرمایە و داراییەوە کە خاوەنیت تەنها ئینجیلێك بە من دەدەیت). کتێبە پیرۆزەکەی لەسەر مێزەکەی دانا و، باوکی بەجێهێشت.

ساڵان تێپەڕین و کوڕەکە لە کار و بازرگانیدا سەرکەوتوو بوو، خانوویەکی جوان و خێزانێکی زۆرباشی هەبوو، بەڵام ماوەیەك لە بیری ئەوەدا بوو کە باوکی زووتر پیربووە و، دەبێت سەرێکی لێ بدات، لەو ڕۆژەی کە خوێندنی تەواوکردبوو ئەوی نەبینیبوو، بەڵام بەر لەوەی بەم کارە هەستێت تەلەگرافێکی بۆ هات، کە هەواڵی مردنی باوکی تێدابوو و، ئەوەشی تێدا بوو کە باوکی تەواوی سەرمایەکانی خۆی بە ئەو بەخشیبوو، لەبەر ئەوە پێویست بوو بەزوویی خۆی بگەیەنێتەوە ماڵ و، بە کارەکانیدا ڕابگات. کاتێك کە بە ماڵی باوکی گەیشت لە دڵیدا هەستی بە خەم و



Scanned by CamScanner

پەشیمانی دەکرد، هەموو کاغەز و نووسراوەکانی باوکی گەڕا و، پیایاندا چوویەوە و، هەر لەوێدا هەمان ئینجیلی دۆزییەوە کە باوکی بە بۆنەی تەواوکردنی خوێندنەوە بۆی هێنابوو و، ئەم ڕەتی کردەوە، لە کاتێکدا کە فرمێسکی دەڕشت ئینجیلەکەی کردەوە و لاپەڕەکانی هەڵدایەوە، لە ناکاو سویچی ئۆتۆمبێلێکی لە پشتی بەرگەکەیەوە دۆزییەوە. لە پاڵ ئەویشدا پارچەیەك کاغەزی تێدابوو کە ناوی هەمان پێشانگای تێدابوو کە ئەو ئۆتۆمبێلەی تێدابوو ئەم حەزی لێدەکرد، لەسەر پارچە کاغەزەکە ڕۆژ و بەرواری تەواوکردنی خوێندنی ئەوی لەسەربوو: کە تەواوی پارەکەشی درابوو.

## ((ئاسك و شێر))

هەر ڕۆژە و کاتی بەیانی، لە دەشتێك لە دەشتەکانی ئەفەریقا، ئاسکێك لە خەو بێداری دەبێتەوە، ئاسکەکە دەزانێت لەوەی ئەو ڕۆژەی کە لەبەردەمدایە و، ئەگەر دەیەوێت بە زیندوویی بمێنێتەوە دەبێت لە خێراترین شێری دارستانەکە خێراتر ڕابکات.

هەر ئەو ڕۆژە و کاتی بەیانی لە هەمان دەشت شێرێك چاوە خەواڵووەکانی دەکاتەوە و، ئەویش دەزانێت بۆ ئەوەی کە بە زیندوویی بمێنێتەوە دەبێت لە خاوترین ئاسکی دەشتەکە خێراتر ڕابکات.



Scanned by CamScanner

گرنگ نییە ئێوە شێرن یان ئاسک، گرنگ ئەوەیە کاتێک خۆرهەڵات دەبێت ئێوە باشترین ڕاکەر بن.

# ((ئەنجامدانی کار))

پیرە پیاوێکی تەنیا لە کێڵگەیەکدا دەژیا، ئەو دەیویست کێڵگە بەراوەکەی بکێڵێت، بەڵام بۆ ئەو کارێکی سەخت بوو، تەنیا کوڕەکەی کە دەیتوانی هاوکاری ئەو بکات لە زینداندا بوو، بەڵام چارەی نەبوو ئەوە نەبێت کە داوای هاوکاری لەو بکات، پیرە پیاوەکە نامەیەکی بۆ کوڕەکەی نووسی و بارودۆخەکەی بۆ ڕوونکردەوە:

(کوڕە ئازیزەکەم من حاڵم باش نییە،چونکە ئەمساڵ بەم بارودۆخەوە ناتوانم زەوییەکە بکێڵم، بەڵام لە هەمان کاتدا نامەوێت ئەم کێڵگەیە لە دەست بدەم، چونکە دایکت هەمیشە حەزی لە کاتی کێڵان و چاندنی بەرهەمەکان بوو، من بۆ کاری کێڵگەکە زۆر پیربووم، ئەگەر تۆ لێرە دەبوویت تەواوی گرفتەکان چارەسەر دەبوون، من دەزانم ئەگەر تۆ لێرە دەبوویت کێڵگەکەت بۆ دەکێلام، خۆشەویستت باوکت).

نۆری نەبرد تاکو ئەوەی پیرەپیاوەکە نامەیەکی بەم ناوەڕۆکە بەدەست گەیشت:



Scanned by CamScanner

(باوکەگیان بۆ خاتری خوا کێڵگەکە مەکێڵە من چەکم تێداشاردووەتەوە).

بۆ بەیانییەکەی ١٢ کەس لە فەرمانبەران و ئەفسەرانی پۆلیسی ناوخۆ بینران و، تەواوی کێڵگەکەیان کێڵا، بەڵام هیچ چەکێکیان نەدۆزییەوە، پیرەمێردەکە بە سەراسیمەیییەوە نامەیەکی تری بۆ کوڕەکەی نووسی و، پێی گوت کە چی شتێك ڕوویداوە و، دەتەوێت چی بکەیت؟

کوڕەکەوەڵامی دایەوە:(باوکەگیان بچۆ زەوییەکەت بچێنە، ئەمە چاکترین کارێك بوو کە دەمتوانی لێرەوە بۆ تۆی ئەنجام بدەم).

## ئەنجامگیری:

هیچ ڕێگرییەك لە دونیادا بوونی نییە، ئەگەر ئێوە لە ناخی دڵتانەوە بڕیاری ئەنجامدانی کارێك بدەن، بێ گومان دەتوانن بە ئاسانی بەسەریدا زاڵبن. ڕێگری تەنیا لە زەیندایە، نەك ئەوەی کە ئێوە لە کوێدان؟ ئایا ئەنجامدانی کارێك لەو دوو دەستانەوە لە توانادایە یان نا؟



Scanned by CamScanner

# ((یاسای نەخۆشخانە))

کرێکارێکی شارەوانی لە کاتێکدا منداڵێکی لە باوەشدا بوو خۆی کرد بە نەخۆشخانەدا و، بە پەرستارەکەی گوت: تکا دەکەم بە هانای ئەم منداڵەوە بێیت، ئۆتۆمبێل لێیداوە و، شۆفێرەکەی رایکردووە.

پەرستارەکە گوتی: ئەم منداڵە پێویستی بە نەشتەرگەرییە و دەبێت پارەکەی بدەیت.

کرێکارەکە گوتی: بەڵام من پارەم نییە و، دایك و باوکی ئەم منداڵەش ناناسم! تکا دەکەم نەشتەرگەری بۆ بکەن من تا شەو پارەتان بۆ دێنم.

پەرستار: (لەگەڵ ئەو دکتۆرەی بڕیارە نەشتەرگەرییەکە ئەنجام بدات قسە بکەن). بەڵام دکتۆرەکە بەر لەوەی سەیری منداڵەکە بکات گوتی: (ئەمە یاسای نەخۆشخانەیە، دەبێت پارەکە بەر لە نەشتەرگەرییەکە بدرێت).

بۆ بەیانی ڕۆژی دواتر:

هەمان دکتۆر لەسەر تەرمی کچە بچکۆلەکەی خۆی ماتەمی کردبوو، بیری لە دوێنێ دەکردەوە کە نەیزانی بوو هەمان منداڵ کە کرێکارەکە هێنابووی ئەم نەشتەرگەرییەکەی بۆ نەکردبوو کچەکەی خۆی بوو.



Scanned by CamScanner

# ((درۆی پیاو))

ڕۆژێك پیاوێك دانیشتبوو ڕۆژنامەی دەخوێندەوە، لە ناكاو ژنەكەی تاوەیەك دەكێشێت بەسەریدا.

پیاوەكە دەڵێت: (بۆچی كارێكی وا دەكەیت؟).

ژنەكەی وەڵامی دەداتەوە: (لەبەر ئەوە لێمدایت كە لە گیرفانی پانتۆڵەكەتدا پارچەیەك كاغەزم دۆزییەوە لە سەری ناوی جنی (كچێك) نووسرابوو).

پیاوەكە دەڵێت: (هەفتەی پێشوو كاتێك چووم بۆ تەماشای ئەسپسواری ئەو ئەسپەی گرەوم لە سەری كردبوو ناوی (جنی) بوو).

ژنەكەی داوای لێبوردنی لێ دەكات و، دەچێت كارەكانی ئەنجام بدات.

سێ ڕۆژ دوای ئەوە ئەمجارە پیاوەكە سەیری تەلەفزیۆنی دەكرد، ژنەكەی مەنجەڵێكی كێشا بە سەریدا و، بێهۆشی كرد.

كاتێك پیاوەكە هۆشی هاتەوە پرسی: (ئەمجارە بۆ لێتدام؟)

ژنەكە لە وەڵامدا گوتی: (چونكە ئەسپەكەت (جنی) تەلەفۆنی بۆت كردبوو).



Scanned by CamScanner

## ((دایك))

کوڕێك چوو بۆ خوازبێنی کچێك، بەڵام کچەکە ئەوی ڕەتکردەوە و، گوتی: بە مەرجێ ڕازی دەبم شوت پێبکەم کە دایکت نەیەت بۆ زەماوەندەکە.

لاوەکەش لە پاش بیرکردنەوەیەکی زۆر ڕۆیشت بۆ لای مامۆستاکەی و، بە شەرمەزارییەکەوە گوتی: (لە تەمەنی یەك ساڵیمدا باوکم مرد و، دایکم بۆ ئەوەی خەرجی ژیانمان دابین بکات، لەماڵی خەڵکی قاپ و جلی دەشۆری، ئێستاش ئەو کچەی کە زۆر خۆشمدەوێت مەرجی ئەوەی داناوە کە تەنها بە بێ ئامادەیی دایکم ئامادەیە هاوسەرگیریم لەگەڵ بکات، نەك هەر ئەمە بەڵکو ڕابردووی دایکم منی شەرمەزارکردووە، بە بۆچوونی ئێوە من چی بکەم؟).

مامۆستاکەش پێی گوت: (من یەك داوام لە تۆ هەیە، بڕۆرەوە بۆ ماڵەوە و، دەستەکانی دایکت بشۆ و، سبەینێ وەرەوە بۆ لای من پێت دەڵێم کە چی بکەیت).

کوڕەکە چوویەوە بۆ ماڵەوە و، ئەم کارەی کرد، لە کاتێکدا کە فرمێسك بەچاوەکانیدا دەهاتە خوارەوە چاوەکانی تەڕکردبوو، چونکە یەکەمین جار کە دەستەکانی دایکی بینی لە کاتێکدا بە هۆی زۆری جل شۆرینی خەڵکەوە چرچ و لۆچ بووە و، بلۆقی



Scanned by CamScanner

کـردووە و قڵیشـیان بـردووە، کاتێـك ئـەم ئـاوی پیـادا دەکـردن دەسـتەکانی بـە هـۆی ئـازارەوە دەلـەرزین. لـە دوای شـۆرینی دەستەکانی دایکی نەیتوانی تا سبەینێ خۆی بگرێت، هەر هەمان ڕۆژ تەلەفۆنی کـرد بـۆ مامۆسـتاکەی خـۆی و، گـوتی: (سوپاسـت دەکەم کە ڕێگای ڕاستت نیشاندام، من دایکم نافرۆشم بە ئەمڕۆم، چونکە ئەو ژیانی خۆی بۆ ئایندەی من کردە قوربانی.....).

کەسـێك کـە دوێنێـی کـردە قوربـانی بـۆ ئێـوە، ئێـوەش ئـەو مەفرۆشن لەبەر ئەمڕۆی خۆتان.

## ((کرێی تاکسی))

چوار کەس سواری تەکسییەك دەبن، بەڵام کرێی تەکسییان پێ نابێت، بڕیار دەدەن هەر کە گەیشتنە شوێنی مەبەست دابەزن و، ڕابکـەن، پـاش گەیشـتنیان بـە شـوێنی مەبەسـت، هـەر چواریان دەرگـای تەکسـییەکە دەکەنـەوە و ڕا دەکـەن، دەچـن تـا دەگەنـە خانوویـەکی تاریـك و، کـەس کەسـی نـەدەبینی تـەنها دەنگـی هەناسـەدانی توونـدیان دەبیسـترا، یـەکێکیان دەکێشـێت بە شانی ئـەوەی پاڵیـدا و، دەڵێـت: (بیربکـەرەوە ئێسـتا دەبێـت شـۆفێری تاکسیەکە لە چ حاڵێکدا بێت؟). ئـەوەی پاڵیشـی وەڵام دەداتـەوە و دەڵێـت: (کاکـە شـۆفێری تەکسـیەکە مـنم، بـەڵام پـێم بڵـێ چـی ڕوویداوە وا ڕاتان کرد؟).



Scanned by CamScanner

# ((کەوتن و هەستانەوە))

پیاوێك بەیانی زوو لە خەو بیداربوویەوە ت انوێژی بەیانی لە مزگەوت بکات. خۆی گۆڕی و، بەرەو ماڵی خوا کەوتە ڕێ، لە ڕێگای ڕۆیشتنی بۆ مزگەوت کەوت و، جلەکانی پیس بوو، هەستایەوە و خۆی پاککردەوە و گەڕایەوە بۆ ماڵەوە و، جلەکانی گۆڕی و دووبارە کەوتەوە ڕێ بەرەو مزگەوت، لە ڕێگای هەمان شوێنی پێشووی دووبارە کەوتەوە.

ئەو دووبارە هەستایەوە خۆی پاککردەوە و گەڕایەوە بۆ ماڵەوە، جارێکی تر جلەکانی گۆڕی و، گەڕایەوە بۆ مزگەوت، لە ڕێگای مزگەوت بەرەو ڕووی پیاوێکی چرا بەدەست بوویەوە و، پرسیاری ئەو ناوەی لێ کرد. پیاوەکە وەڵامی دایەوە: (من بینیم لە ڕێگای مزگەوت دووجار کەوتیت، لەبەر ئەوە چرایەکم بۆ هێنایت تاکو ڕێگاکەتان بۆ ڕۆشن بکەمەوە).

پیاوەکە سوپاسی کرد و، هەردووکیان بەرەو مزگەوت کەوتنە ڕێ، هەر کە گەیشتنە مزگەوت پیاوەکە داوای لە پیاوە چرا بەدەستەکە کرد بێتە مزگەوت و، هەردوکیان پێکەوە نوێژی بەیانی بکەن، بەڵام پیاوی چرا بە دەست داواکەی ڕەتکردەوە، پیاوەکە دووبارە داوای لێدەکات، پیاوە چرا بەدەستەکەش هەر ڕازی نابێت، پیاوەکە پرسیاری لێدەکات کە بۆچی نایەتە مزگەوت و، نوێژ بکات، پیاوی چرا بەدەست گوتی: (من شەیتانم).



Scanned by CamScanner

پیاوەکە لە دوای بیستنی ئەم قسەیە لە شوێنی خۆی وەستا، شەیتان درێژەیدایە و، گوتی: (من ئێوەم لە ڕێگای مزگەوت بینی، ئەوە من بووم کە بوومە هۆی کەوتنی ئێوە، کاتێک ئێوە چوونەوە بۆماڵەوە و، خۆتان پاککردەوە و، هاتنەوە بۆ مزگەوت خوَدا لە هەموو گوناهی ئێوە خۆشبوو، من بۆ جاری دووەم بوومە هۆی کەوتنی ئێوە تەنانەت ئەوەش نەبووە هۆی مانەوەی تۆ لە ماڵەوە، بەڵکو گەڕایتەوە بۆ مزگەوت، لەبەر ئەوە خودا لە هەموو گوناهەکانی کەسانی خێزانەکەت خۆشبوو، من ترسام لەوە جارێکی تر ببمە هۆی کەوتنی ئێوە و، خودا لە گوناهی تەواوی خەڵکی گوندەکەتان خۆشببێت.

بۆیە من ئەو چرایەم هێنا و، ئێوەم گەیاندە مزگەوت تاکو ئەو کارە ڕوو نەدات و، خودا لەگوناهەکانیان خۆش نەبێت.

## ((شوان))

شوانێکی میهرەبان لە نزیکی گوندێکدا مەڕەکانی دەبرد بۆ لەوەڕ، خەڵکی لە میهرەبانی و ڕەوشتی باشی ئەو خۆشحاڵبوون، بڕیاریاندا مەڕەکانیان بەو بسپێرن تا هەموو ڕۆژێک بییانبات بۆ لەوەڕاندن، ئەویش هەموو ڕۆژێک خەریکی لەوەڕاندنی مەڕەکان و چاودێریکردنیان بوو، خەڵکیش لەم کارەی ڕازی بوون. بۆ ماوەیەک ئەم بارودۆخە بەردەوام بوو هیچ کەس گلەیی لێی نەبوو، تاکو ئەوەی ڕۆژێک شوانەکە دەستی کرد بە هاوار و گوتی:



Scanned by CamScanner

(ئای گورگ.....ئای گورگ)، کاتێك خەڵکی خۆیان گەیاندە لای شوانەکە لەوە گەیشتن کە گورگێك هاتووە و مەڕێکی خواردووە.

ئەوان دڵی شوانەکەیان دایەوە و گوتیان: (نیگەران مەبە سوپاس بۆ خودا ڕانە مەڕەکە هەموو سەلامەتن تەنها هەر ئەو دانەیەبوو).

بەڵام لە دوای ئەمەوە شوانەکە هەر چەند ڕۆژجارە و هاواری دەکرد: (ئای گورگ.....ئای گورگ... ئای خەڵکینە گورگ). کاتێك خەڵکەکە بە سەراسیمەیی خۆیاندە گەیاندە شوانەکە دەیانبینی تازە درەنگە و دووبارە گورگ مەڕێکی تری خواردووە، بۆیە خەڵکەکە بڕیاریاندا کەپارە کۆ ببکەنەوە چەند سەگێکی پاسەوان لە دڕندەترین و بەهێزترین سەگەکانی بۆ بکڕن.

شوانەکەش دڵنیای کردنەوە کە بە کڕینی سەگەکان ئیتر هیچ کات مەڕەکان ناخورێن.

بەڵام لە دوای کڕینی سەگەکانیش هێشتا ماوەیەکی زۆر تێنەپەڕیبوو دووبارە دەنگی (ئای گورگ ئای گورگ)ی شوانەکە کەوتە بەر گوێ خەڵکی، ئەوانیش ڕایان کرد و خۆیان گەیاندە ڕانەمەڕەکە، بینییان دووبار سەرێك خوراوە لە ناکاو یەکێك لە خەڵکەکە لەوانی تر هۆشیارتر بوو بە ئەوانی گوت: (سەیربکەن، سەیربکەن..هێشتا کوانووی شوانەکە گەرمە و ئێسقانی گۆشتی سورەوەکراوی خوراوی مەڕەکانمان لەم دەوروبەرە بڵاوبۆتەوە.



Scanned by CamScanner

خەڵکی تازە تێگەیشتن کە تەواوی ئەم ماوەیە، شوانەکە درۆی کردووە و، خۆی مەڕەکانی خواردووە، هاواریان کرد: (هەی دز..هەی دز... شوانە درۆزنەکە بگرن تا تەمێی بکەین)، بەڵام لە ناکاو ڕووخساری شوانە میهرەبان و زوڵم لێکراوەکە گۆڕدرا و، ڕووخسارێکی توندوتیژ و تووڕەی بەخۆوە گرت، هەڵی گرتە گۆچانەکەی و بەرەو خەڵکەکە هێرشی برد، سەگەکانیش کە تەنها بە دەستی شوانەکە گۆشتیان خواردبوو جگە لە شوانەکە کەسی تریان بە خاوەنی خۆیان نەدەزانی، هاوکارییان کرد.

زۆرێك لە خەڵکەکە بە هۆی کوتەکی شوانەکە و، زۆرێکی تریش بە هۆی گازی سەگەکانەوە برینداربوون، کاتێکیش ئەم بارودۆخەیان بینی هەموویان ڕایان کرد، لە ڕۆژانی دواتردا کە خەڵکی سەردانی برینداربووانیان دەکرد بە یەکتریان دەگوت: (ئایا ڕا و تەکبیرێکمان نییە؟).

یەکێك لەوان پێشنیاری کرد لەمەودوا کاتێك (چیرۆکی شوانە درۆزنەکە) بۆ منداڵەکانمان دەگێڕینەوە دەبێت ئەوە بۆ ئەوان ڕوون بکەینەوە کە هەر کات ویستیان مەڕەکان و کوتەك و سەگەکانیان بسپێرن بە کەسێك، بەر لە هەر کارێك دەبێت لێکۆڵینەوە لە بارەی دروستکاری ئەوەوە بکەن و، دڵنیابن کە درۆزن نەبێت.



Scanned by CamScanner

بەڵام مامۆستای قوتابخانەکە لێرەدا گوێی لە قسەی خەڵکەی بوو گوتی: (هاوڕێیان سەرنج بدەن لەوانەیە کەسێك یەکەمجار ڕاستگۆ بێت، بەڵام دواتر مەڕەکان و گۆچان و سەگەکانی لە ئێمە وەرگرت سەرەڕۆ بێت و، درۆ بکات، بۆیە باشترە هیچ کات مەڕەکان و گۆچان و سەگەکانمان بە کەس نەسپێرین).

## ((ئازاری دۆستان))

لە چاخی سەهۆڵبەنداندا زۆربەی ئاژەڵەکان بەستیان و مردن، سووچەڕەکان لە خراپی بارودۆخەکە تێگەیشتن و بڕیاریاندا لە دەوری یەکتر کۆببنەوە و، بەم شێوەیەش خۆیان دەپارێزن.

بەڵام دڕکەکانی پشتیان یەکترییان بریندار دەکرد، لەگەڵ ئەوەشدا کاتێك لە یەکتر نزیك دەبوونەوە گەرمتر دەبوونەوە، بەڵام بڕیاریاندا لە دەوری یەکتر کۆببنەوە و، بەرگەی دڕکی هاوڕێ و دۆستەکانیان بگرن، یان وەچەکانیان لە سەر ڕووی زەوی لەناو بچن، بۆ کۆبوونەوە لە دەروی یەکتر یەکیان گرت.

فێربوون کەی لەگەڵ ئەو زامە بچووکانەی کە بە هۆی هاوژینی و، زۆر نزیکی یان لەگەڵ کەسێکدا دێتە کایەوە هەڵ بکەن و بژین، چونکە گەرمابوونی ئەوان گرنگترە و، بەم جۆرەش توانییان بە زیندوویی بمێننەوە.



Scanned by CamScanner

گرنگترین پەیوەندی ئەوە نییە کە کەسە بێ خەوش و کەم و کوڕییەکان لە دەورروبەری یەکتر کۆ بکەینەوە، بەڵکو ئەوەیە هەر کەسە و فێربێت لەگەڵ خەوشەکانی ئەوانی دیکەدا هەڵ بکات و، ستایشی چاکەکانیشی بکات.

## ((شێت))

هاوسەری پاشا شێتێکی بینی لەگەڵ منداڵاندا یاری دەرکرد و، لەسەر زەوی بە پەنجەی هێڵی دەکێشا، لە شێتەکەی پرسی: (چی دەکەیت؟).

شێتەکە گوتی: (خانوو دروست دەکەم).

هاوسەری پاشا گوتی: (ئەم خانووە بە من دەفرۆشیت؟).

شێتەکە گوتی: (بەڵێ دەیفرۆشم).

هاوسەری پاشاگوتی: (نرخەکەی چەندە؟).

شێتەکە بڕێك پارەی گوت و، هاوسەری پاشاش فەرمانی دا ئەو بڕە پارەیەی بدەنێ، شێتەك ەپارەکەی وەرگرت و، لە نێوان هەژاراندا دابەشی کرد.

شەو پاشا لە خەویدا دیتی کە چۆتە بە هەشت و، گەیشتۆتە خانوویەك، دەیویست بچێتە ژوورەوە، بەڵام ڕێگایان پێنەدا و، گوتیان: (ئەم خانووە هی هاوسەرەکەی تۆیە)، ڕۆژی دواتر پاشا هۆکاری ڕووداوەکەی لە هاوسەرەکەی پرسی. هاوسەرەکەشی چیرۆکی شێتەکەی بۆ گێڕایەوە.



Scanned by CamScanner

پاشاش چوو بۆ لای شێتەکە و، بینی لەگەڵ منداڵان یاری دەکرد و خانووی دروستدەکرد، پاشاش گوتی:(ئەم خانووە دەفرۆشیت؟).

شێتەکە گوتی: (بەڵێ دەیفرۆشم).

پاشاش پرسی: (باشە، نرخەکەی چەندە؟).

شێتەکە نرخێکی گوت: لە جیهاندا نەبوو

پاشا گوتی: (تۆ بە نرخێکی هەرزان بە هاوسەرەکەمت فرۆشتووە).

شێتەکە پێکەنی و گوتی: (هاوسەرەکەت نەبینراوی کڕی و، تۆش بینراو دەکڕیت! لە نێوان ئەم دوانەدا جیاوازی زۆر هەیە).

## ((گوزەر لە ژیان))

گەڕیدەیەك چوو بۆ دیداری زانایەکی بەناوبانگ، کاتێك ڕۆیشتە شوێنی نیشتەجێبوونەکەیەوە، تەماشای کرد تەنها مێزێك و کورسییەك و، ژمارەیەك کتێبی تێدایە، بە سەرسوڕمانەوە پرسی: مامۆستا کەل و پەلەکانی ماڵەکەت لە کوێن؟

مامۆستاکەش پرسی: ئەی شت و مەکەکانی تری تۆ لە کوێن؟

گەڕیدەکە گوتی: من موسافیرم و لێرە تێدەپەڕم.

زاناکەش گوتی: منیش بە هەمان شێوە.



Scanned by CamScanner

# ((حكايەتەكانی كۆتایی ساڵ))

ئەو ساڵانەی کە خوێندکاری ئامادەیی بووم، کاتێك کە ساڵ بەرەو کۆتـایی دەچـوو و، ئـاپۆڕەی خوێنـدکاران و هاوپۆلـەکانم وردە وردە بـەرەو سـووك بـوون دەچـوو، ئێمـە لـە جیـاتی ئـەوەی سـەرجەم هاوڕێیـان ئەوانـەمان کـە ئـارەزووی خوێندنـەوە و فێربوونمـان هـەبوو، بـۆ خۆمـان لـە کتێبخانـەی (مەڵبەنـدی پـەروەردەی هـزری منـداڵان) کـە ڕاسـتەوخۆ لکـابوو بـە قوتابخانەکەمانـەوە، لەگەڵ مامۆستای ئەدەبماندا کۆدەبووینـەوە و، ئەم کۆبوونەوانەش ڕۆڵ و کاریگەری زۆری هەبوو لەسەر بیر و ڕەوشـت و ڕەفتـاری هـەمووومان. چونکە ئێمـە لـەو کۆبوونەوانـەدا داستان و چیرۆك و حیکایەتمان بۆ یەکتری دەگێڕایەوە و،چێژێکی زۆرمان لێ وەردەگرت و، بە تایبەتی ئەو کاتانەی کە ساڵ بەرەو کۆتایی دەچوو، سەرجەم حیکایەت و داستانەکان پەیوەندی بە کۆتـایی سـاڵەوە هـەبوو، لـە پاشدا مامۆستای ئـەدەب بە زمانی شیرینی سەرجەم بیروباوەڕ و پەند و ئامۆژگارییە بەنرخەکانی ناو حیکایەتـەکانی بـۆ شـیدەکردینەوە و، هـەموومان بەیەکەوە دەمان خستنە بەر سەرنج و لێکۆڵینەوە، ئەمەش هۆکارێکی سەرەکی بوو بۆ ئەوەی کەسمان ئەو داستان و حیکایەتانەمان لەبیر نەچێتەوە.



Scanned by CamScanner

من خۆم لە ناو ئەو داستان و حیكایەتانەدا سێ حیكایەتی جوانی ژاپۆنیم لەیاد ماوە، كە مامۆستای ئەدەبمان بۆی گێڕاینەوە و، هەرسێكیان پەیوەندییان بە وڵاتی ژاپۆنەوە هەیە و، یەكەم و دووەمیان پەیوەندی بە كۆتایی ساڵەوە هەبوو، سێیەمیشیان وەك هاوسەنگێك وایە بۆ حیكایەتەكانی تر لە ڕووی پەند و ئامۆژگارییەوە، ئێستا حیكایەتی یەكەم دەخوێنینەوە و، چاوێكیش دەخشێنین بە پەند و ئامۆژگارییەكاندا تا ڕێگا خۆشكەر بێت بۆ دەست پێكردنی حیكایەتی دووەم:

## ((فرسەتی هەژار))

لە دەوروبەری شاری (ئۆزگا) كرێكارێكی زبڵ كۆكەرەوە بە ناوی (واهی) لە كابینەیەكی بچووك و وێرانەدا دەژیا، لە دارستانی پڕ لە سەرما و سۆڵە و بەستەڵەكدا هەوای سارد بە گڤەگڤ لە كون و كەلەبەری كەلاوە وێرانەكەوە خۆی دەركرد بە ژووردا و، (واهی)یش جگە لە چەند جل و بەرگێكی كۆن و دڕاو هیچی دیكەی لە ماڵی دنیادا نەبوو، پیاوەكە لە ڕۆژگاری ژیانیدا دەستی بۆ هەر كارێك بردووە سەركەوتوو نەبووە، هۆكاری ئەوەش ئەوە بوو كە لە كارەكانیدا زۆر خۆشباوەڕ و ترسنۆك و ڕاڕا بووە، هەتا وەكو ئەوەندە بەدبەخت بووە تەنانەت نەیتوانیوە هاوسەرێك بۆ خۆی بدۆزێتەوە و، ماڵ و منداڵ بۆ خۆی پێكەوە



Scanned by CamScanner

بنێت و، ئێستاش هیچ ژنێک ئامادە نییە ببێتە هاوسەری ئەم پیاوە بەدبەختە.

ئەمساڵیش کە ساڵ بەرەو کۆتایی دەچێت هێشتاش هەر دەرد و بەڵا و ناکامییەکانی ئەم پیاوە تەواو نەبووە، خەریکە ساڵی نوێش نزیك دەبێتەوە کەچی ئەم تەنها پارویەکیشی نییە بیخوات، ئەوەندەش بێهێزبووە توانای ئەوەی نییە ئاگرێکیش بکاتەوە و خۆی پێ گەرم بکاتەوە، ئەمڕۆش بە هۆی سەرماوە نەیتوانیوە زبڵ کۆ بکاتەوە،و ئەم کارەش زۆر لەسەری دەکەوێت، بەم شێوەیەش جەژن بە بێ سەرمایە و، پارەوپول بۆ ئەو بەس نییە و، هیچ سوودێکی نییە، لەناو کابینەدا بە کزۆڵی دانیشتبوو سەرما لە هەموو لایەکەوە دەهاتە ناو کابینەکەوە، کەش و هەواش بە جۆرێك بوو پاش چەند ساتێکی تر بەفر دادەکات. ئەو لە کاتێکدا ئاگای لە خۆی نەمابوو لە ناو خەیاڵدا دەژیا و، بیری لەوە دەکردەوە ئاخۆ دەبێت ساڵێکی تر چۆن جەژن بکات؟! سەرماش بە نێو ئێسقان و دەروونیدا دەهات و دەچوو، لە سەرماندا دەم و لێوی دەلەرزی و سەرما بواری ئەوەشی پێنەدەدا کە بۆ چەند ساتێك لەوخەیاڵ و خۆشییەدا ژیان بگوزەرێنێت.

لە ناکاو ئەوەی بە بیردا هات کە تەختەی ناو ژوورەکەی دەربهێنێت و، بە سووتاندنیان سوود لە گەرماکەی وەربگرێت، بەڵام لەم سەرما سەختەشدا هەڵکەندنی تەختەی ناو ژوورەکەی کارێکی سادەنییە، بەڵام سەختی سەرماکە پاڵی بە ئەمەوە نا ئەم کارەبکات.



Scanned by CamScanner

ناچار دەستی کرد بە هەڵکەندنی تەختەی ناو ژوورەکەی، یەکەم تەختەی دەرهێنا و، لە کاتی دەرهێنانی تەختەی دووەمدا بە حەپەساوییەوە لە جێی خۆی وەستا، دەستی هێنا بە چاوەکانیدا وای زانی خەو دەبینێت، بەڵام مەسەلەکە خەو نەبوو، بەڵکو شتەکە ڕاستی بوو، لە ژێر ئەو تەختەی کە ئەم لە ناو ژوورەکەیدا هەڵی کەند، پیاوێکی بچووکی پیری سەر و ڕیش خۆڵەمێشی بە زەردەخەنەوە بەرامبەر ئەم وەستاوە، بالآی زیاتر لەنیوەی بالآی (واهی) نەبوو.

پیاوەکە جل و بەرگێکی کۆن و دڕاوی خۆڵەمێشی لەبەردا بوو، جووتێ پێلاوی کۆنی لەپێدا بوو و، کیسەیەکی کۆنی ڕەنگ خۆڵەمێشی بە شانەوەبوو.

(واهی) لە سەراسیمەییدا دەمی کردبووەوە نەیدەتوانی هیچ بڵێت، بەڵام پیاوەکە بە هێمنی پێی گوت: (من زۆر سەرم دەسوڕمێت کە تۆ من ناناسیت، من ماوەیەکی زۆرە لە ژێر ئەم ژوورەی تۆدا دەژیم و، هەمیشەش خۆم بە هاوڕێ و هاودەمی تۆ زانیوە، بەڵام تۆ بەم کارەت نەزانیوە، من لە ماڵەکەی تۆدا زۆر خۆشحاڵ بووم، بەڵام لە پای ئەو هەژاری و نەداری و بێ نەواییەی تۆ، بۆ ڕزگاربوونت لەم حاڵەتە گەلێك مایەی ناڕەحەتی و پەرۆشی بووە، ئێستاش تۆش جێگاکەی من وێران دەکەیت؟ ئەوە من دەڕۆم تا جێگایەکی تر بدۆزمەوە، ئێستاش کە ساڵی نوێ لە پێشماندایە بۆ خانوو گۆڕینەوە کارێکی بەجێیە و کاتی



Scanned by CamScanner

خۆشـیەتی کەئـەم کارەبکـەم، بـەڵام مـن حەزدەکـەم بـەناوی خواحافیزییە و، شتێك بدەیت بە من کە بیخۆم).

(واهی)ش گوتی: (من پێم گوتیت کە هیچ شتێك شك نابەم تا پێشکەشی تۆی بکەم).

پیاوە پیرەکە بەم قسانەی (واهی) زۆر ناڕەحەت بوو و، گوتی: (لە ئێستادا و لەم حاڵەدا برسێتی کارێکە مایەی خۆگری نییە)...

پیاوەکە لە کۆڵەکەی خۆیدا چەند پارەیەکی دەرهێنا و دای بە (واهی) و، گوتی: (بچۆ بۆ شار و هەندێ خۆراك بکڕە و وەرەوە).

واهی چوو بۆ شار و هەندێ خۆراك و ماسییەکی گەورەی بۆ شەوی جەژنی سەری ساڵ کڕی، لە دواییدا ئەو دوو پیاوە پێکەوە دانیشتن بۆ نانخواردن و، دوای چەندان ساڵی پڕ لە ڕەنج و ناڕەحەتی توانییان لە نزیك ساڵی نوێوە چەند ساتێکی خۆش پێکەوە بەسەربەرن، لە کاتی گفتوگۆکەیاندا (واهی) بۆی دەرکەوت کە ئەم پیاوە خواوەندی هەژارانە، پیاوەکە بە (واهی) گوت: (تۆ لە ناختدا پیاوێکی باش و هاوڕێ و دۆستی چاکیت، ئەو چەند ساتەی کە هاوڕێت بووم و، پێکەوە بەسەرمان برد لای من زۆرخۆش بوو، لە ئەنجامی ئەمەشدا من دەمەوێت کارێك بۆ تۆ بکەم، تا لەو هەژاری و نەداری و ڕەنج بەخەسارییەی بەسەرت بردووە ڕزگارت بکەم و، من یارمەتیت دەدەم تاکو ژیانێکی باشتر بۆ خۆت فەراهەم بهێنیت، باشە ئێستا تۆ گوێ لە من بگرە بە نیوەی شەو کاتێك کە ساڵی نوێ دەست پێدەکات، لە بەرامبەر پەرستگەی چوار سەروەری ئاسماندا لە کاتی لێدانی یەکەم

ناقوسدا کە ساڵی نوێ ڕادە گەیەنێت سێ سوار لە بەرامبەر پەرستگاکەدا گوورزەر دەکەن، یەکەم زەرد، دووەم سپی و، سێیەم ڕەشە و، هەرسێکیان بیچمێکی ناشیرین و ترسنۆکیان هەیە، بەڵام تۆ دەبێت لەوان نەترسیت و، بە ئازایەتی و بێباکییەوە بەرەو ڕووی سواری بڕۆیت و، توند ڕەشۆی ئەسپەکە بگرە و، ئاگاداربە نەوەکو لە چنگت دەربازبێت، ئەگەر نەشتتوانی سواری یەکەم بگریت ئەوە هەوڵبدە بە لای کەمەوە یەکێك لەو دوو سوارەی تر بگریت، بە تایبەت ڕەشۆی ئەسپەکانیان هەرگیز بەرەڵای نەکەیت، لە دواییشدا ئەنجامی کارەکەت دەبینیت، ئەگەر لەم کارەش پەشیمان نەبیتەوە ئەوە لە هەژاری و نەداری و بێ نەوایی ڕزگارت دەبێت.

لە کاتی تەواوبوونی قسەکانیدا دەست بەجێ پیاوەپیرەکە لەچاو ونبوو، بە جۆرێکی وەها کە (واهی) بواری ئەوەی نەبوو سوپاسی پیاوەپیرەکە بکات بۆ ئەم ڕێنماییانە، (واهی) بە پەلە لە مەنزڵگەکەی خۆی دەرچوو، تا بگات بە پەرستگای چوار سەرورەری ئاسمان، کە لە ناوەڕاستی شاردا بوو،لەو کاتەدا لەو دەوروەش بەفر بە خەستی دەباری و، سەرماکەش هێندە بەهێز بوو پیاو نەیدەوێرا خۆی ڕابگرێت

بەڵام (واهی) لە هەوڵ و تێکۆشانی خۆی بەردەوام بوو، تا ساڵ بگاتە کۆتایی، سەرەنجام دەنگی ناقوس لە پەرستگاکەوە دەنگی دایەوە و، ساڵی نوێش بەو شێوەیە ڕاگەیەندرا، لە هەمان کاتدا



Scanned by CamScanner

(واهی) دەنگی پێی ئەسپەکانی لە دوورەوە بیست، دوای چەند ساتێك سێ سوار لە تاریکییەوە هاتنەدەرەوە و دەرکەوتن و هاتن.

سواری یەکەم لەسەر ئەسپێکی زەرد بوو و، جلێکی ئاوریشمینی زەردی لەبەردا بوو و، کڵاوێکی زێڕینی لە سەردا بوو، شمشێرێکی درێژی بە بەرگێکی زەردەوە بەستبوو بە پشتییەوە.

سواری دووەم لەسەر ئەسپێکی سپی جوان بوو، کە لە سپێتیدا دەدرەوشایەوە.

سواری سێیەم لەسەر ئەسپێکی ڕەش بوو سەراپای گیانی بە ڕەش داپۆشیبوو، هەتاوەکو کێلانەی شمشێرەکەشی ڕەش بوو.

(واهی) ئاگای لەخۆی نەبوو پێش ئەوەی بکەوێتە خۆی سواری زەرد بەلایدا گوزەری کرد و، تێپەڕی، سواری سپی بینی کە نزیك بویەوە لێی (واهی) خۆی ئامادەکرد بە مەبەستی گرتنی لغاوی ئەسپەکەی، بەو نیازەشەوە چوویە پێشەوە لێی، بەڵام ئەسپەکە بە دەنگێکی بەرز حیلاندی و (واهی)ش لە ترساندا لە کارەکەی پەشیمان بوویەوە، (واهی) زۆر بە نائومێدییەوە ویستی واز لە کارەکەی بهێنێت، بەڵام بۆ جاری سێیەم سەرجەم هێز و توانای خۆی کۆکردەوە و، چووە پێشەوە بۆ سەر ڕێگای ئەسپی ڕەش و، دەستی بەندکرد لە لغاوەکە، بەڵام ئەسپەکە لە بەرامبەر ئەم کارەی (واهی) دا لەسەر هەردوو قاچی وەستاو حیلاندی و، لغاوەکەی لە دەستی ئەم بەربوو، ئینجا ئەسپی ڕەشیش گوزەری کرد و، لە چاون بوو.



Scanned by CamScanner

(واهی)ش هەرچی هیوا و ئومێدی هەبوو بەتاڵ بوویەوە و، لە نائومێدیدا دەستی کرد بە گریان، چونکە ئەمە دوا هەل بوو دەستی کەوتبوو بۆ ئەوەی لە دەست هەژاری و نەداری و بێنەوایی ڕزگاری ببێت، بەلاّم وردە وردە ئەویشی لە دەستی خۆیدا، (واهی) ئاگای لە خۆی نەبوو، لە بێ ئاگایدا دەژیا، کەچی دەنگی پێی ئەسپێکی تری بیست و بەم شێوەیەش چوارەم سوار لەم نزیك بوویەوە ڕاستەوخۆ لە دڵی خۆیدا بیری کردەوە، ئایا ئەو لە ژمارەدا هەڵەی نەکردووە؟. یان خەو دەبینێت؟ خۆ ژمارەی ئەسپەکان سیان بوون ئەی ئەم چوارەمە چییە؟.

هەرچی بوو ئەم توانا و هێزی خۆی کۆکردەوە توند لغاوی ئەسپی چوارەمی گرت، بەلاّم ئەسپی چوارەم هیچ بەرگرییەکی نەکرد و، بە پێچەوانەی ئەوانی دیکەوە خۆیدا بە دەستەوە و لەبەردەمیدا وەستا، کاتێك (واهی) سەری بەرزکردەوە ئەسپێکی خۆڵەمێشی بینی، سوارەکەش کەس نەبوو جگە لە خواوەندی هەژاران، خواوەندی هەژاران بە (واهی) گوت: (بە ڕاستی واهی کارکردن بۆ تۆ زۆر دژوارە، چونکە من بە تۆم گوت توند لغاوی یەکێ لەو سێ ئەسپە بگرە، بەلاّم تۆ نەتتوانی بیانگریت، ئەوانە خواوەندەکانی پارەبوون، یەکەم سوار خواوەندی زێڕ بوو، دووەم سوار خواوەندی زیو بوو، سێیەم سوار خواوەندی پارەی ڕەش بوو. ئەگەر سواری یەکەمت بگرتایە تا کۆتایی ژیانت لە پاڵ زێڕدا دەژیایت و، دەبوویتە پیاوێکی خاوەن پارە و دەستەلاّت.



Scanned by CamScanner

ئەگەر سواری دووەمت بگرتایە ئەوەش بۆ خۆت خراپ نەبوو، بەڵام تۆ ئەوانت لە دەستدا و، سەر لەنوێ پێویستیت کەوتەوە بە من کە خواوەندی هەژارانم، ئێستاش من بوارێکی تر دەدەم بە تۆ تاکو بتوانیت لە کارەکەتدا باشتر سوودی لێ وەربگریت).

لەم کاتەدا (واهی) بیری لەوە کردەوە ئەگەر ئەمجارە ئەسپی زەرد هاتەوە چۆن ڕووبەڕووی دەوەستێتەوە و، لغاوەکەی دەگرێت و، ئاوێزانی دەبێت.

بۆ شەوی دووەم (واهی) چوویەوە بۆ بەردەم پەرستگاکە و، بەفرەکەش بووبوو بە ئاو و، زەویش مەیلەو گوڵی بوو، هەواش کەمێ گەرمتر بووبوو، کاتێك لە نیوە شەودا ناقوس لێدرا، ئەسپەکان سەر لەنوێ بەدیارکەوتنەوە و، (واهی)یش هەردوو قاچەکانی کردەوە و خۆی ئامادەکرد و، چووە سەر ڕێگای ئەسپە زەردەکە و، هەرچی هێزوتوانای خۆی هەبوو کۆیکردەوە بۆ ڕاگرتنی ئەسپەکە، بەڵام ئەسپەکە بە یەك بازی درێژ بەسەر ئەودا بازیدا و، ڕۆیشت و لە دەستی دەرچوو.

(واهی) ئەمجارە نائومێد نەبوو و، دیسانەوە خۆی ئامادەکردەوە بۆ ئەسپی زیوین و، گوتی ئەسپی زێڕین نەبوو؛ ئەوا ئەسپی زیوین دەگرم، سەرەتا دەستی گرت بە لغاوی ئەسپی دووەمەوە، بەڵام ئەسپەکە بە یەکجار خۆی ڕاتەکاند و، خۆی لە دەستی ڕزگارکرد، بۆیە ئەو ناچاربوو بۆ دواجار هەرچی هێز و توانای خۆی هەیە خستییەکار و، ئاوێزانی ئەسپی ڕەش بوو، توند لغاوەکەی گرت و، چاوەکانی داخست، چونکە نەیدەویست



Scanned by CamScanner

به هیچ شێوەیەك ئەسپی ڕەش بەرەڵا بکات، بۆیە خۆی گرت تاکو ئەسپە ڕەشەکە وردە وردە توانای بەرگریکردنی کەم بوویەوە و نەما.

کاتێك چاوەکانی کردەوە دیتی ئەسپە ڕەشەکە و سوارەکەشی لە چاو ونبووە و، لەجیاتی لغاوی ئەسپەکە کیسەیەك پارەی مەفرەق لەناو دەستیدایە.

لەم کاتەشدا دیسانەوە ئەسپسواری خۆڵەمێشی کە خواوەندی هەژارانە هاتەوە و خوداحافیزی لێ کرد و، (واهی)ش لە کۆتایدا لە دەست هەژاری و نەداری ڕزگاری بوو.

## ((هەڵگرتنی سامان))

هەبوو نەبوو لە سالآنی کۆندا سێ برا هەبوون، لە ناو گوندێکی دوورە دەستدا دەژیان، ئەمان لە ناوئەو زەوییە کشتوکاڵییەی کە لە باوك و دایکیانەوە بۆیان بەجێمابوو کاریان دەکرد، ئەو بەرهەمەی کە لەو زەوییە کشتوکاڵییەی کە بەدەستیان دەهێنا بە زەحمەت سکی ئەم سێ گەنجەی تێر دەکرد، ئەوان لە پاڵ کشتوکاڵکردندا زەمیلەشیان دروست دەکرد و، دەیانبرد بۆ بازاڕ و، دەیان فرۆشت.

بەم شێوەیە ئەمان بە هەموو هێز و توانایەکیانەوە شێوە ژیانێکی سادە و ساکار بۆ خۆیان بە دەست دەهێنن و، هەرگیز



Scanned by CamScanner

بەم جۆرە کارانە نەیان دەتوانی ژیانیان بۆ ژیانێکی باشتر بگۆڕن، بەڵام دژوارترین ڕۆژەکانی ژیان بۆ ئەمان ڕۆژانی کۆتایی ساڵ بوو، چونکە ئەوان دەبوایە لەم ڕۆژانەدا باجی زەوییە کشتوکاڵییەکەیان بدایە و، ئەوانیش توانای دانی باجەکەیان نەبوو.

ڕۆژێک برا گەورەکە کە ناوی (سابورۆ) بوو، بە دوو برا بچووکەکەی تری گوت:

(بەردەوام بوون لەسەر ئەم جۆرە ژیانە کارێکی بەجێ نییە و، لە تواناماندا نەماوە و من دەڕۆم. بەڵکو لە شوێنێک کارێک پەیدا بکەم، ئێوەش بە بێ من هەم دەتوانن بەرەی خۆتان لە ئاو دەربێنن و، منیش تاوەکو پارەی تەواوی باجەکە دەست نەخەم ناگەڕێمەوە بۆ ماڵ).

هەر سێ براکە لەسەر ئەم پێشنیارەی برا گەورەکەیان ڕێککەوتن و، برا گەورەکەیان بە مەبەستی دەست خستنی کارێکی دیکە گوندەکەی خۆیانی جێهێشت، لە شارێکی نزیک گوندەکەیان بازرگانێک ئەوی وەک لێخوڕی عەرەبانە قبوڵکرد.

(سابورۆ) شەش مانگی تەواو لەسەر ئەم کارەی بەردەوام بوو، بە عەرەبانەیەک چا و خوێ و شتومەکی دیکەی دەگواستەوە بۆ بازاڕێکی تر، بازرگانەکە زۆر خۆشحاڵ دەبوو گەر (سابورۆ)ی بۆ ماوەیەکی تر لای بمێنێتەوە و، لە ژێر سەرپەرشتی ئەمدابێت، بەڵام (سابورۆ) بە ڕێز و حورمەتەوە پێشنیاری بازرگانەکەی ڕەتکردەوە و، گوتی: (من زۆر خۆشحاڵم کە جەنابتان بەم شێوەیە

له من ڕازین، بەڵام من ناچارم بگەڕێمەوە بۆ ماڵەوە چونکە سەری ساڵە و براکانم چاوەڕوان دەکەن هەتاوەکو پارەکەم بەرمەوە و، بۆ بژاردنی ئەو باجەی کە لەسەرمانە بیدەینەوە، بازرگانەکە دەست بەجێ کرێی کارەکەی دا بە (سابورۆ) و، ئەویش پارەکەی خستە ناو دەسرێکەوە و توند گرێی دا.

بەرەو گوندەکەیان ڕێگەی گرتەبەر، ئەو کاتێک بە ناو درەختەکانی دارستانەکەدا گوزەری دەکرد بیری لە خۆی دەکردەوە، کە سبەینی دوا ڕۆژی ساڵە و، ئەم دەگاتەوە ماڵەوە و، پارەکە لەسەر مێزەکەدا دەنێت و، براکانی بەبینینی پارە کە زۆر دڵخۆش دەبن و سەراسیمە دەبن، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر بەخێرایی دارستانی خامۆش و ئارامی تەی دەکرد، لە کاتێکداکەنیوەی ڕێگاکەی بە پێ بڕیبوو لە ناکاو ڕوناکییەك لە بەرامبەر چاوەکانیدا دەرکەوت، ئەمەش ترسی خستە دڵییەوە و، ڕووناکییەکەش بوو بە چەند ڕووناکییەك و، دەنگ و قاڵەیان دەهات، ڕەنگیش لە ڕووی (سابورۆ) نەما و، قاڵە و قسەش وردە وردە نزیکتر و ئاشکراتر دەبوو، خاڵە ڕووناکەکان بەیەکەوە سەمایان دەکرد و، بە یەکیان دەگوت: (ئەگەر منت دەوێت ئەوا بمگرە و، ئەگەر منت ناوێت ئەوا وازم لێبێنە)، (سابورۆ)ش ترس گرتی و، ڕای کرد و هاواری کرد: (من تۆم بۆ چییە؟ تۆ واز لە من بێنە).

هەر چۆنێك بوو (سابورۆ) خۆی گەیاندە ماڵەوە و، بە پەلە خۆی کرد بە ژووردا و، لە سوچێکی ماڵەکەیانداخۆی پەنادا، لەو



Scanned by CamScanner

کاتەدا کە براکانی خەریکی نانخواردن بوون، زۆر سەرسام بوون و، هەمووان خۆشحاڵ بوون و، لەویان پرسی: (برا گیان چی بووە بۆ وا شڵەژاویت؟).

(سابورۆ) دوای ئەوەی کەمێك ڕووی بە بەردا هاتەوە گوتی: (براکانم ئێوە نازانن ئێستا من لە چ مەترسییەکی گەورە خۆم ڕزگارکردووە، لە نیوەی ڕێگادا و لە ناو دارستانەکەدا کۆمەڵێك تارمایی هاتنە ڕێگام و، تەنیابووم و، هیچ شوێنێکی نزیکیش لەو ناوەدا نەبوو کە خۆمی تێدا حەشار بدەم، ئەوان بە دەوری سەری مندا سەمایان دەکرد و، هاواریان دەکرد (من بگرە.. من بگرە..) منیش بە پشت بەستن بە خۆم توانیم خۆم لە دەستیان ڕزگاربکەم).

(هاجیرۆ) کە بچووکترین برایان بوو، بە ئازایەتی و نەبەردی ناوی دەرکردبوو، لە (سابورۆ)ی پرسی: (ئایا ئەوان جگە لەمە هیچی تریان نەگوت

(سابورۆ) گوتی: (من قسەکانی تری ئەوانم گوێ لێ نەبوو بزانم چییان گوت، بەڵام زۆر خۆشحاڵ بووم کە لە چنگی ئەوان ڕزگاربووم و، نەیان گرتم).

(ڕۆکۆ) کە برای ناوەنجی بوو گوتی:(بەڕاستی تارمایی ترسناك و سەرسوڕهێن بوون، بەڵام تۆ دەبوایە ئەوانت بگرتایە تاکو چی دیکە خەڵکی تر نەترسێنن کە بە ناو دارستانەکەدا تێدەپەڕن، من وا بیردەکەمەوە دەتوانم بچم ئەوان بگرم). ئەمەی وت و، لە ماڵ چوویە دەرەوە و، بەو تاریکی شەوە چوو بۆ ناو



Scanned by CamScanner

دارستانەکە، لە پێشدا هیچی نەدی، بەڵام دوایی وردە وردە خاڵە ڕووناکییەکان دەرکەوتن، ئەویش لە ماڵەکان نزیک بوویەوە هەتاوەکو بە ئاسانی هاوارەکەیانی بیست کە دەیانگوت: (ئەگەر دەتەوێت بمگرە، ئەگەر ناتەوێت وازم لێبێنە).

ڕووناکییەکان لە ئەم نزیک بوونەوە و، (ڕۆکۆ) ترسا و، ڕای کردەوە بۆ ماڵەوە، کاتێك هاتەوە بۆ ماڵەوە (هاجیرۆ) پێی گوت: (تۆش هەمدیسان ترسایت! من خۆم دەبێت ئەوان بگرم).

ئەمەی گوت و، لە ماڵ چوویە دەرەوە و، دوای چەند کاتژمێرێك گەیشتە ڕووناکییەکان، چونکە نەترسا بەرەو ڕووی ڕووناکییەکان چوو، دەنگەکان دەیانگوت:(گەر منت دەوێت بمگرە، گەر منت ناوێت وازم لێبێنە). (هاجیرۆ) هاواری کرد بەڵێ (من تۆم دەوێت، ئادەی زوو وەرە کۆڵم بزانم تۆ کێیت؟)

ئا لەم کاتەدا هەموو خاڵە ڕووناکییەکان لە چاو ونبوون و، کۆڵە گەورەکەش چوویە سەرپشتی (هاجیرۆ)، (هاجیرۆ)ش کە بە ئازایی و بە توانایی ناوی دەرکردبوو بە هۆی ئەو کۆڵە قورسەی کەوتە سەرپشتی نەختێك چەمایەوە، بەڵام لە دواییدا هێزی دایە خۆی و، خۆی ڕاستکردەوە و، هاواریکرد: (ئەی تارمایی تۆ خراپ تێگەشتوویت، من ئەوەندە هێز و توانایم هەیە پسان و کۆڵدان لای من شتێکی مەحاڵە).

هەرچۆنێك بوو (هاجیرۆ) بارە گەورە ڕووناکەکەی کە بە ئەندازەی هەموو ڕووناکی دنیا دەبوو گەیاندەوە ماڵەوە، بەڵام هەرچی کرد کۆڵەکە لە پشتی نەهاتە خوارەوە و، کۆڵەکە



Scanned by CamScanner

بەپشتییەوە لکابوو، ئەویش خۆی گلۆڵە کردبوو، بۆ ئەملا و ئەولا دەچوو، تا لە ناکاو خۆی کێشا بە کۆڵەکەیەکی خانەوەکەدا و، هاوسەنگی خۆی لە دەستدا و کەوتە سەر زەوی، بەڵام لە ناکاو هاوارێکی خۆش لە براکانیەوە بەرزبوویەوە، ئەوان بەخۆشییەوە هاواریان کرد: (ئەوان چەند تارمایی یەکی جوان بوون، هاتبوون بۆ سەردانی ئێمە، ئەوانە ئاڵتونن دەیانەوێت بۆ لای ئێمە بێن و، ببنە موڵکی ئێمە)..

## ((ڕاوچی لە ناو سکی دەوڵەمەنددا))

لە شاری ((ناگۆیا)) بازرگانێکی سەرمایەدار بە ناوی (مۆن) دەژیا، ئەم بازرگانە پیاوێکی زۆر بخۆر بوو، لە ڕۆژێکی خۆشی بەهاردا وەکو جاران خەریکی هەڵدانی شەراب بوو، چاوەکانی نوقاندبوو، لەو کاتەدا کە ئەم خەریکی خواردنەوەی شەرابەکە بوو، مێشێك دەستی کرد بە فڕین و هاتوچۆ. یەکێك لە خزمەتکارەکان ویستی مێشەکە لە شەرابەکە دووربخاتەوە، بەڵام بە یەك لێدان مێشەکە کەوتە ناو گۆزەی شەرابەکەوە، (مۆن)یش بە بێ ئاگایی مێشەکەی لەگەڵ شەرابەکەدا خواردەوە و قوتی دا، خزمەتکارەکانیش لەئاست ئەم کارەدا داوای لێبوردنیان لە گەورەکەیان کرد، ئەویش وەك ڕۆژانی تر کە لەئەنجامی زۆر خواردنەوەیدا بێهۆش بووبوو لەوان خۆشبوو.



Scanned by CamScanner

بەڵام دوای ماوەیەك مێشەكە لەسكی (مۆن)دا دەستی كرد بە فڕین و گیزەگیز و، ڕۆژە بەهارییەكەی لێ تێكدا، ئەمیش كەمێك لەو بێهۆشییە هاتەوە سەر خۆی و، زۆرهەستی بە پەشێوی و بێتاقەتی كرد، بۆیە دەستبەجێ فەرمانی كرد بە خزمەتكارەكانی كە بچن باشترین دكتۆری ئەو ناوچەیەی بۆ بێنن، ئەوانیش چوون بۆلای بەڕێز دكتۆر (هۆری) كە بەناوبانگترینی شارەكە بوو.

كاتێك دكتۆرەكە هات (مۆن) بە دكتۆرەكەی گوت: (جەنابی دكتۆر كاتێك نانم دەخوارد خزمەتكارەكانم مێشێكیان خسبووە ناو خواردنەكەمەوە و دەرخواردی منیان داوە، ئێستاش ئەو مێشە لە ناو سكی مندا دەفڕێت و گیزەگیز دەكات، باشە من چی بكەم باشە؟).

دكتۆر ماوەیەك سەری داخست و بیری كردەوە، دوایی گوتی: (بەڕێز جەنابی مۆن، باشتر وایە تۆ بۆقێك قووت بدەیت و، بۆقەكە مێشەكە قووت بدات و لە ناوی ببات).

جەنابی (مۆن) سوپاسی دكتۆرەكەی كرد و، بە زوویی گەڕایەوە بۆ ماڵەكەی خۆی و، فەرمانی دا بە خزمەتكارەكانی كە وا لە ناو باخچەی ماڵەكەیدا بۆقێكی بۆ بگرن و بۆی بێنن، ئەوانیش بۆقێكیان بۆ گرت و بۆیان هێنا و، جەنابی (مۆن) دەستبەجێ بۆقەكەی قووتدا و، دوای چەند سائێك گیزەی مێش لە ناو سكیدا نەما، بەڵام لە دوای ئەمە بۆقێك لە ناو سكی جەنابی (مۆن)دایە و، دەستی كردووە بە گەڕان و جووڵە و قیرەقیركردن، ئەمەش جەنابی (مۆن)ی زۆر بێزاركردووە. بۆیە لەسەر جێگە

گەڕۆکەکەی خۆی دانیشت و، خزمەتکارەکانی بە شان هەڵیان گرت بۆ ناو باخچەکەی تا لەوێ هەندێك هەوای پاك و بەهاری هەڵبمژێت

لەوێش بە جەنابی دکتۆری گوت: (جەنابی دکتۆر من لەسەر پێشنیاری ئێوە بۆقێکم قووتدا لە مێشەکە ڕزگارم بوو، بەڵام ئێستا لەجیاتی مێشەکە بۆقەکە لە سکمدا کەوتۆتە بازدان و جووڵە و قیرەقیڕ و، زۆر ئازارم دەدات).

دکتۆر سەری خوار کردەوە و، پاش چەندساتێك گوتی: (تۆ کە بۆقێك لە ناو سکتدا هەیە، پێویستە مارێکی ئاوی قووت بدەیت هەتا وەکو بۆقەکە بخوات و تۆش لەو قیرەقیڕە ڕزگارت ببێت).

جەنابی (مۆن) دووبارە سوپاسی دکتۆری کرد بۆ ئەم ڕێنماییانە و، فەرمانی دا بە خزمەتکارەکانی کە بچن مارێکی ئاوی بۆ بێنن، ئەوانیش دەستبەجێ مارێکی ئاوییان بۆ هێنا و، جەنابی (مۆن) مارەکەی قووتدا و، دوای ئەم کارە بازدان و قیرەقیڕی بۆقەکە نەما و کۆتایی هات، بەڵام لە جیاتی بۆقەکە مارەکە دەستی کرد بە ڕۆیشتن و خۆ گلۆڵەکردن و فیکەی بەردەوام، ئەمەش (مۆن)ی بێ ئارام کرد و، ناچار بچێتەوە بۆ لای دکتۆر، کاتێك چوو بۆ لای دکتۆر پێی گوت: (جەنابی دکتۆر من لە دەستی ئەم مارە ڕزگار بکە). جەنابی دکتۆریش تۆزێك بیری کردەوە گوتی: (ئەگەر تۆ بەرازێك قووت بدەیت؛ ئەوا مارەکە دەخوات و تۆ لە دەستی ئەو مارە ڕزگارت دەبێت، (مۆن)یش دوای ئەوەی سوپاسی دکتۆری کرد دەستبەجێ داوای لە هاوڕێکانی



Scanned by CamScanner

کرد که بچن له دارستان بەرازێکی بۆ بێنن تا مارەکە بخوات، کاتێك بەرازەکەیان بۆ هێنا، قووتی دا و، فیکە فیکی مارەکەش کۆتایی هات، بەڵام لەجیاتی فیکە فیکی مارەکە بەرازەکە دەستی کرد بە ڕاکردن و ئەملاولا کردن، ئەمەش خۆی لە خۆیدا جێگای خۆگری جەنابی (مۆن) نەبوو، بۆیە سەر لە نوێ چوویەوە بۆ لای دکتۆر و، پێی گوت: (جەنابی دکتۆر من لە دەستی مارەکە ڕزگارم بوو، بەڵام ڕاکردن و ئەملاولاکردنی بەرازەکە ناخۆشە و، لە توانا و خۆگری مندا نییە).

دکتۆریش بۆ ماوەیەك سەری خوارکردەوە و، بیری کردەوە، پاشان گوتی: (پێویستە تۆ بۆ لەناوبردنی ئەم بەرازە ڕاوچییەك قووت بدەیت).

جەنابی (مۆن) فەرمانی دا بە خزمەتکارەکانی تاکو بچن لە چیا ڕاوچییەکی بۆ بێنن هەتا وەکو لەم بەرازە ڕزگاری دەکات، پاش ماوەیەك خزمەتکارەکانی ڕاوچییەکەیان بۆ هێنا و، جەنابی (مۆن)یش بە بێ لێپرسینەوە ڕاوچییەکەی قووتدا، پاش تۆزێك لە ناو سکی جەنابی (مۆن)دا دەنگی تفەنگێك هات، پاشان بۆیان دەرکەوت کە مەترسی بەرازەکە کۆتایی هاتووە، بەڵام ڕاوچییەکە هەرچی کرد و هەوڵی دا نەیتوانی لە ناو سکی جەنابی (مۆن) بێتە دەرەوە؛ بۆیە لەو کاتەوە تا ئێستاش دەڵێن: (لە سکی هەر سەرمایەدارێکدا ڕاوچییەك هەیە).



Scanned by CamScanner

((پاش ئەوەی مامۆستای ئەدەبیات ئەم چیرۆکەی تەواوکرد، هیچی دیکەی لە بارەی پەند وئامۆژگاری پارەداربوونەوە نەگوت)).

## ((بزربوون))

پاشایەك كە وڵاتێكی گەورەی بەڕێوەدەبرد، دووبارە هەر لە ژیانی خۆی ڕازی نەبوو، بەڵام خۆشی هۆكاری ئەمەی نەدەزانی، ڕۆژێك پاشا لە كۆشكی ئیمپراتۆریدا پیاسەی دەكرد، كاتێك كە بە لای چێشتخانەكەدا تێپەڕی گوێی لە دەنگی گۆرانییەك بوو، پاشا بە دوای گۆرانییەكەدا چوو، بۆی دەركەوت چێشتلێنەرێكە گۆرانی دەڵێت و، تیشكی خۆشی و شادی لە ڕووخسارییەوە دەبینرێت، پاشا زۆر سەری سوڕما و لە چێشتلێنەرەكەی پرسی: (بۆچی ئەوەندە شاد و دڵخۆشیت؟).

چێشتلێنەرەكە وەڵامی دایەوە: (قوربان من تەنها چێشتلێنەرێكم، بەڵام هەوڵ دەدەم هاوسەر و منداڵەكەم شاد بكەم، ئێمە خانوویەكی حەسیرمان دروستكردووە بە ئەندازەی پێویست خۆراك و پۆشاكمان هەیە، لەبەر ئەمەیە كە من ڕازی و خۆشحاڵم).

پاشا گوێی لە قسەكانی چێشتلێنەرەكە بوو، پاشان لەگەڵ سەرۆكوەزیران لەم بارەیەوە قسەی كرد، سەرۆكوەزیران بە پاشای گوت: (قوربان ئەم چێشتلێنەرە هێشتا ئەندامی گرووپی ٩٩



Scanned by CamScanner

نییــە!! ئەگــەر ئــەو پەیوەنــدی بــەم گرووپــەوە نــەکات، نیشانەی ئەوەیە کە پیاوێکی خۆشبەختە)).

پاشا بە سەرسوڕمانەوە پرسی: (گرووپی ٩٩ چییە؟!).

ســەرۆکوەزیران وەڵامــی دایــەوە: (ئەگــەر دەتــەوێت بزانیــت گرووپی ٩٩ چییە؛ دەبێت ئەم کارە ئەنجام بدەیت: (توورەکەیەك بە ٩٩ سکەی ئاڵتونییەوە بخەیتە بەردەم ماڵی چێشتلێنەرەکەوە؛ بە زوویی تێدەگەیت کە گرووپی ٩٩ چییە!)).

پاشا لـە سـەر بنـەمای قسـەکانی سـەرۆکوەزیران فـەرمانی کرد توورەکەیەك بە ٩٩ سکەی ئاڵتونییەوە بخەنە بەردەم ماڵی کابرای چێشتلێنەرەوە.

چێشتلێنەرەکە لە دوای ئەنجامدانی کارەکەی گەڕایەوە بۆ ماڵ و، لــە بــەردەم دەرگــای ماڵەکەیــدا توورەکەکــەی دی، بــە سەرسوڕمانەوە توورەکەکەی بردە ژوورەوە و کردییەوە، بە دیتنی سکە ئاڵتونییەکان سەرەتا سەراسیمەبوو، پاشـان کەوتـە شـادی و خۆشی، چێشتلێنەرەکە سکەکانی خسـتە سـەر مێزێك و ژماردنی ٩٩ سکەبوون؟؟!.

چێشتلێنەرەکە بیری کردەوە لە ژماردنیاندا هەڵەیەك ڕوویداوە، چەندان جار سکە ئاڵتونییەکانی ژمارد، بەڵام هـەر ٩٩ سـکە بوون و سەد سکە نەبوون.

بیری کـردەوە دەبێـت سـکە ئاڵتونییەکـەی تـر لـە کـوێ بێـت و، دەسـتی کـرد بـە گـەڕان بـە دوای سـکەی سـەدەمدا، ژوورەکـان و



Scanned by CamScanner

تەنانـەت حەوشـەی ماڵەکەشـی سـەرەوژێرکرد، بـەڵام بـە ماندووییەوە کۆتایی بە کاری گەڕان هێنا.

چێشتلێنەرەکە زۆر دڵی شکا و، بڕیاری دا لە بەیانییەوە کاری زۆر بکـات، تـا سـکەیەکی تـری ئـاڵتوونی بەدەسـت بهێنێـت و، سامانەکەی خۆی هەرچی زووترە بگەیەنێتە سەد سکەی ئاڵتونی.

تا درەنگانێك کاری کرد و، بەم هۆیەوە بەیانی درەنگتر لە خەو بێداربوویەوە و، لەبەر ئەمەش ڕەخنەی لە هاوسەر و منداڵە کانی گرت کە بۆچی ئەویان بێدار نەکردووەتەوە؟!!.

چێشـتلێنەرەکە ئـیتر هـەروەك جـاران خۆشـحاڵ نـەبوو و، گۆرانیشی نەدەگوت، ئەو تەنها تا ئاستی توانا کاری دەکرد.

پاشـا نەیـدەزانی ئـەم توورەکەیـە چ بەڵایـەکی بەسـەر ئـەم چێشتلێنەرەدا هێناوە و، هۆکارەکەشی لە سەرۆکوەزیران پرسی.

سـەرۆك وەزیـران وەڵامـی دایـەوە: (قوربـان.. ئێسـتا ئـەم چێشـتلێنەرە بـە فـەرمی بـووە ئەنـدامی گرووپـی ٩٩، ئەنـدامانی گرووپی ٩٩ ئەو کەسانەن کە زۆریان هەیە..... بەڵام ڕازی نین)).

## ((ئەسکەندەر و مردن))

ئەسـکەندەری مەکـدۆنی لـە پـاش داگیرکردنـی زۆرێـك لـە حکومـەت و پاشـا و سـوپاکان، لـە کـاتی گەڕانەوەیـدا بـوو بـۆ



www.iqra.ahlamontada.com

Scanned by CamScanner

ولاَتەکەی خۆی، لە نیوەی ڕێگادا نەخۆش کەوت و، بۆ ماوەی چەند ڕۆژێك لە جێگادا مایەوە.

بە نزیکبوونەوەی مەرگ، ئەسکەندەر تێگەیشت کە چەندە سەرکەوتنی سوپا گەورەکەی، شمشێرەتیژەکەی، هەموو سەروەت و سامانەکەی بێسوودە، بۆیە هەموو فەرماندەکانی سوپاکەی بانگکرد و گوتی:

(من بە زوویی ئەم دنیایە بەجێدێڵم، بەڵام من داخوازیم هەیە کە دەبێت ئەنجامی بدەن).

فەرماندەمانی سوپا لە کاتێکدا فرمێسك بە چاوەکانیاندا دەهاتە خوارەوە ڕازی بوون کە دوایین خواستەکانی پاشاکەیان جێبەجێ بکەن.

ئەسکەندەر گوتی: (هەر سێ داخوازییەکەشم ئەمانەن:

یەکەم: داوا دەکەم کە دکتۆرەکانم بە تەنها تابووتەکەم هەڵبگرن.

دووەم: کاتێك تابووتەکەم بەرەو گۆڕستان هەڵدەگرن، دەبێت ڕێگای گۆڕستان هەر لە سەرەتاوە تا کۆتایی بەو ئاڵتوون و زێڕ و زیو و خشڵ و بەردەبەنرخانەی کە لە گەنجینەکەمدا کۆمکردوونەتەوە دابپۆشن.

سێیەم: دوایین خواستم ئەوەیە کە دەستەکانم لە تابووتەکەوە شۆڕ ببنەوە و کراوەبن

ئەو خەڵکانەی کە لە دەوری بوون لە داخوازییەکانی سەریان سوڕما، بەڵام کەس نەیوێرا ناڕەزایی دەربڕێت.



Scanned by CamScanner

فەرماندەی پەسەندکراوی ئەسکەندەر دەستی ئەسکەندەری ماچ کرد و، خستیە سەر دڵی و، گوتی: پاشام، من ئێوە دڵنیادەکەمەوە کە داخوازییەکانتان جێبەجێ دەکرێت، بەڵام پێم بڵێن بۆچی ئەم داخوازییە سەیرانەت هەیە؟

لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا، ئەسکەندەر هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و، گوتی: من دەمەوێت دونیا لەو سێ وانەیە ئاگادار بکەمەوە کە فێریان بووم، دەمەوێت دکتۆرەکان تابووتەکەم هەڵبگرن لەبەر ئەوەی خەڵکی تێبگەن کە هیچ دکتۆرێك ناتوانێت هیچ کەسێك بەڕاستی چاکبکاتەوە، ئەوان لاوازن و، ناتوانن مرۆڤێك لەچنگی مردن ڕزگاربکەن، لەبەر ئەوە مەهێڵن کە خەڵکی وا بیربکەنەوە کە ژیانێکی هەمیشەییان هەیە.

دووەمین خواستم لە بارەی ئاڵتوون و زیو و خشڵەکانی ترەوە لەسەر ڕێگای گۆڕستان، ئەم پەیامە بە خەڵکی دەگەیەنێت کە تەنانەت ناتوانم بچووکترین پارچە ئاڵتوونیش لەگەڵ خۆمدا ببەم، لێبگەڕێن با خەڵکی تێبگەن کە بە دوای سەروەت و سامانەوە چوون بە هەدەردانی تەواوی کاتە.

دەربارەی سێیەمیش ئەوەی کە دەستەکانم لە دەرەوەی تابووتەکە بن، دەمەوێت خەڵکی بزانن کە من بە دەستی خاڵی هاتوومەتە ئەم دونیایەوە و، بە دەستانی خاڵیش ئەم دونیایە بەجێدێڵم.



Scanned by CamScanner

## ((شا عەباسی دووەم و بەخشین))

شا عەباسی دووەم، ڕۆژێك لە حەرەمخانەکەیدا عارەقی زۆری خواردبوویەوە و، فەرمانی بە سێ لە خانمانی حەرەم کردبوو کە ئەوانیش بخۆنەوە، بەڵام ئەوان داوای لێبوردنیان لێکرد و، گوتیان کە بەم زووانە بۆ حەج دەڕۆن.

شا عەباس سێ جار داوای لێکردن کە بخۆنەوە، ئەوانیش بە هەمان وەڵام داوای لێبوردنیان لێکرد، شا عەباسیش دەستبەجێ فەرمانی کرد کە هەرسێکیان ببەستنەوە و لە ئاگرێکی گەورەدا بیان سووتێنن و، هەرسێکیان سووتاندن.

شا عەباس جارێکی تر بە هۆی زۆر خواردنەوەوە داوای لە خانمێکی تری حەرەمخانە کرد کە ئەویش بخواتەوە و، ئەویش داواکەی ڕەتکردەوە.

شا عەباس بە تووڕەییەوە هەستا و، داوای لە گەورەی خواجە سەرایان کرد کە ئەویش وەك سێ ژنەکەی تر لە ئاگردا بسووتێنن، کابرا دەیویست فەرمانەکەی شا جێبەجێ بکات، بەڵام بەرامبەر گریە و زاری و داخوازییەکانی ئەو ژنە بەزەیی جوولا و، لە دڵی خۆیدا گوتی شا ئەم ژنەی زۆر خۆشدەوێت، بۆ سبەینێ کە شا لە خەو بێداربوویەوە، لە کابرای پرسی کە فەرمانەکەی جێبەجێ کردووە؟



Scanned by CamScanner

پیاوەکە وەڵامی دایەوە و گوتی: فەرمانە شاهانەییەکەم دواخست، وتی لەوانەیە پاشا بڕیارەکەی خۆی بگۆڕێت.

شاعەباس دەستبەجێ فەرمانی دا کابراکە لە ئاگردا بسووتێنن و، لە ژنەکەش خۆشبوو.

## ((وێنەی ئەهریمەن))

چەند سەدەیەك بەر لە ئێستا لە وڵاتێکدا، وێنەکێشێکی گەورە هەبوو، کاتێك لاو بوو بڕیاریدا ڕووخسارێکی تەواو باڵا بکێشێت کە سەروەری ئیلاهی تیایدا بدرەوشێتەوە، ڕووخسارێکی کەسێك کە چاوەکانی بە ئارامییەکی بێ کۆتاییەوە بدرەوشێنەوە، لەبەر ئەمە دەیویست کەسێك بدۆزێتەوە تاڕووخساری گوێزەرەوەی شتێك لەو دیوانە بێت، شتێك لەو دیوی ئەم ژیانە و ئەم دنیایە.

هونەرمەندەکە دەستی کرد بە سەفەر و سەرتاسەری وڵات و، دێ بە دێ و، دارستان بە دارستان بە دوای کەسێکی وەهادا گەڕا.

پاش ماوەیەکی درێژ، ڕووبەڕووی شوانێك بویەوە لەو کوێستانانە کە ئەو پاکێتی و درەوشانەوەیە لە چاوەکانیدا هەبوو، بە ڕووخسارێك کە نیشانەیەك لە نیشتمانی ئاسمانی تیایدا ڕەنگی دابویەوە، سەرنجێك بە ڕووخساری ئەو پیاوە بەس بوو تا هەمووان ڕازی بکات کە جێ دەستی خودایی بوون لە مرۆڤ شوێنی گرتووە.



www.iqra.ahlamontada.com

Scanned by CamScanner

هونەرمەندەکە لە ڕووخساری ئەوی کێشا و، ملیۆنان دانەی لێ فرۆشرا، تەنانەت لەسەر زەمینە دوورەکانیش خەڵکی تەنها بە داکوتانی ئەو وێنەیە بە دیوارەکانیانەوە هەستیان بە ڕزق و ڕۆزی و نیعمەت دەکرد، پاش نزیکەی بیست ساڵ، کاتێک کە هونەرمەندەکە پیر بوو شتێکی دیکە بە بیریدا هات، بە ئەزموون ئەوەی نیشاندا کە ئەهریمەن لە بوونی مرۆڤدا هەیە. بیری لەوە کردەوە کە ڕووخسارێك بکێشێت نیشاندەری بوونی ئەهریمەن بێت لە مرۆڤدا.

وای بە بیردا هات کە ئەم دوو ڕووخسارە دەتوانن تەواوکەری یەکتری بن و، لە ڕۆژگاری پیریدا نیشاندەری مرۆڤی کامڵ بن، بۆ دۆزینەوەی پیاوێك کەوتە ڕێ کە ئەم جار مرۆڤ نەبوو و، ئەهریمەن بوو.

هونەرمەندەکە چووە قومارخانە و مەیخانە و زیندانەکان و، ئەم کەسە دەبووایە لێوڕێژ بوایە لە ئاگری دۆزەخ، دەبووایە ڕووخساری تەواو نیشانگەری ئەهریمەن بێت، ناشیرین و ئازاردەر، ئەو لای خۆیەوە پاش گەڕانێکی زۆر و درێژ، سەرەنجام ڕێی کەوتە کەسێکی حوکمدراو بە زیندان، ئەو کەسە حەوت تاوانی کوشتنی ئەنجام دابوو، بڕیار بوو پاش چەند ڕۆژێکی تر لە سێدارە بدرێت، دۆزەخ لە چاوەکانی پیاوەکەدا دەبینرا، ئەو بەرجەستەکەری ڕق بوو، ڕووخساری ناشیرینترین ڕووخسار بوو کە لەوانەیە بدۆزرایەتەوە، هونەرمەندەکە دەستی کرد بە کێشانی ڕووخساری پیاوەکە، لە کاتێك کەوێنەکەی تەواوکرد، وێنەکەی



Scanned by CamScanner

خستەپاڵ وێنەکەی تری تا جیاوازییەکانیان ببینێت، لە ڕووی هونەرییەوە بگوترایە کامەیان باشتربوو دژواربوو، هەردوکیان ئاستی هونەرییان باڵابوو، وەستابوو سەیری هەردوکیانی دەکرد لەو کاتەدا گوێی لە ناڵەیەك بوو گەڕایەوە دیتی کابرای زیندانییە دەگری، هونەرمەندەکە سەری سوڕما و پرسی: دۆستی من بۆچی دەگریت؟ ئایا ئەم وێنەیە تۆ نارەحەت دەکات؟

زیندانییەکە گوتی: لە تەواوی ئەم ماوەیەدا ویستم شتێك لە تۆ بشارمەوە، بەڵام ئەمڕۆ چیتر ناتوانم، دیارە کە نازانیت وێنەکەی یەکەمیش هەر منم، هەردوو وێنەکە هی ڕووخساری منن، من هەمان ئەو شوانەم کە تۆ بەر لە بیست ساڵ لەمەوبەر لە کوێستان منت دی، من بۆ کەوتنی خۆم لە ماوەی ئەم بیست ساڵە دەگریم، من لە بەهەشتەوە کەوتمە دۆزەخەوە، لە باوەشی خوداییەوە بەرەو ئەهریمەنی..

## ((خودا چی دەخوات))

دەگێڕنەوە کە پادشایەك لە وەزیرە خوا پەرستەکەی خۆی پرسی:

(پێم بڵێ ئەو خودایەی کە تۆ دەیپەرستیت چی دەخوات و چی دەپۆشێت؟ چ کارێك دەکات؟ ئەگەر تا بەیانی وەڵام نەدەیتەوە لەپۆستەکەت دوورت دەخەمەوە).



Scanned by CamScanner

وەزیرەکە بە پەژارەوە گەڕایەوە بۆماڵەوە، ئەو خولاّمێك (بەندە)یەکی هەبوو کە بەم حاڵەوە دی لێی پرسی: چی بووە؟

ئەویش مەسەلەکەی بۆ گێڕایەوە و، خولاّمەکە پێکەنی و، گوتی:

(ئەی وەزیر ئەم پرسیارانە وەڵامێکی ئاسانیان هەیە).

وەزیرەکە بە سەرسوڕمانەوە گوتی: (کەواتە تۆ واتای ئەوە دەزانیت؟ دەی پێم بڵێ، سەرەتا ئەوە بڵێ کە خودا چی دەخوات؟).

خولاّمەکە گوتی: (خەمی بەندەکانی خۆی کە دەفەرموێت: من ئیوەم بۆ بەهەشت و نزیکی لە خۆم دروستکردووە، بۆچی دۆزەخ هەڵدەبژێرن؟

وەزیرەکە گوتی: (ئافەرین ئەی خولاّم، ئەی خودا چی دەپۆشێت؟).

خولاّمەکە گوتی: (ڕاز و گوناهی بەندەکانی).

وەزیرەکە گوتی: (ئەی سلاّوت لێ بێت خولاّم).

لە خۆشیاندا پرسیاری سێیەمی لە بیرچوو، بە پەلە چوو بۆ دەربار و وەڵامەکانی بە پادشا گوت، بەلاّم لە پرسیاری سێیەمدا گیری خوارد، داوای مۆڵەتی کرد و، بە پەلە چوو بۆ لای خولاّمەکە و پرسیاری سێیەمی لێکرد.

خولاّمەکە بۆ پرسیاری سێیەم گوتی: (دەبێت تۆ کارێك بکەیت).

وەزیرەکە گوتی: (چ کارێك؟).



Scanned by CamScanner

خولامەکە گوتی: (دەبێت تۆ جلەکانی وەزیریت دابکەنیت و، من لەبەری بکەم و، تۆش جلەکانی من لەبەر بکەیت، من سواری ئەسپەکەت بکەیت و، ڕەشۆی ئەسپەکە بگریت و، من بەریتە بەر دەرگای ماڵی پادشا تا وەلامەکەی بڵێم).

وەزیرەکە چارەیەکی تری نەبوو، مەرجەکەی قبوڵکرد و، بەو جۆرە چوون بۆ دەربار، پادشا بە سەرسوڕمانەوە لەم شێوازەی پرسی: (ئەی وەزیر ئەمە چییە؟).

خولامەکە وەلامی دایەوە کە: (ئەمە هەمان کاری خودایە ئەی پادشا، کە وەزیرێك لە بەرگی خولامێکدا و، خولامێك لە بەرگی وەزیریدا ئامادە دەکات.

پادشا لەبەر زیرەکی خولامەکە خۆشحاڵ بوو، پاداشتێکی زۆری کرد و ئەوی کرد بە وەزیری دەستە ڕاستی خۆی.

## ((بۆچی تەنها یەك کەس))

ئارتۆرئاش ئەفسانەی یاری تێنس کاتێك خرایە ژێر نەشتەرگەری دڵەوە، کە بە هۆی دەرزی خوێنی پیسەوە تووشی ئایدز بوو.

لایەنگرانی ئارتۆر لە سەراسەری جیهانەوە نامەی هاوسۆزییان بۆ نارد، یەکێك لە هەوادارانی ئارتۆر لە نامەیەکیدا نوسیبووی:



Scanned by CamScanner

(بۆچی خودا تۆی بە دووچاربوون بە نەخۆشییەکی وا ترسناک هەڵبژارد؟).

ئـارتۆریش لـە وەڵامـی ئـەم نامەیـەدا وای نوسـیبوو: (لـە سەراسـەری جیهـان نزیکـەی پـەنجا ملیـۆن منـداڵ حەز لە یاری تێنس دەکەن و، دەست دەکەن بە فێربوونی ئەو یارییە، نزیکەی ملیۆنێك لە ناو ئەمانەدا بە باشی فێری یارییەکە دەبن و، پێنج سەد هەزار کەس فێری تێنسی پیشەیی دەبن و، لەوانەیە لە ناو ئەمانەدا پەنجا هەزار کەس لە پێشبڕکێکاندا بەشداری بکەن، لە نـاو ئەمانەشـدا تـەنها پێـنج هـەزار کـەس بـۆ پێشـبڕکێ تایبەتمەندەکانی تر دەچن.

لـە نێـو ئەمانەشـدا تـەنها پـەنجا کـەس مۆڵـەتی بەشـداری لـە پێشبڕکێ نێودەوڵەتییەکان و، ویمبڵدۆن وەردەگرن.

لە ناو ئەمانەشدا چوار کەس دەچنە چوار گۆشـەی زێڕین و، یـاری نیـوەی کۆتاییـەوە و، لـە نێـو ئەمانیشـدا دوو کـەس یـاری کۆتایی دەکەن.

کاتێك کە من جامی جیهانی تێنسم بەرزکردەوە دڵ خۆشبووم و، هـەرگیز نەمپرسی کـە خودایـە بۆچی من یەکـەمم؟). ئـەمڕۆش کاتێك کە ئازار دەکێشم دووبارە مۆڵـەتی ئـەوەم نییە کە لـە خودا بپرسم (بۆچی من؟).



Scanned by CamScanner

# ((بووکەڵە))

چەند ڕۆژێکی مابوو بۆ کریسمس، چووم بۆ دوکانێك تا بۆ نەوەکەم بووکەڵەیەك بکڕم، هەر لەوێدا بووکە کوڕێکم بینی بووکەڵەیەکی لە ئامێزگرت و، بەو ژنەی لەگەڵیدا بوو گوتی: (پووریّ گیان،بەڵام ژنەکە بە بێتاقەتییەوە وەڵامی دایەوە: (جیمی من کە گوتم پارەکەمان بەشی ناکات)، ژنەکە ئەمەی گوت و بەرەو بەشێکی دیکەی فرۆشگاکە چوو. بە ئارامی لە کوڕەکەم پرسی: (دەتەوێت بووکەڵەکە بۆ کێ بکڕیت؟).

کوڕەکە بە دڵ پڕییەوە گوتی: (بۆ خوشکەکەم، بەڵام دەمەوێت بیدەم بە دایکم تا ئەو ئەم دیارییە ببات بۆ خوشکەکەم).

لێم پرسی: (بۆ مەگەر خوشکەکەت لە کوێیە؟).

کوڕەکە وەڵامی دایەوە: (خوشکەکەم چووەتەوە بۆ لای خودا، باوکم دەڵێت بڕیارە بەم نزیکانە دایکیشم بچێتەوە بۆ لای خودا).

کوڕەکە درێژەیدایە: (من بە باوکم گوت کە داوا لە دایکم بکات تا لە دوکان دەگەڕێمەوە چاوەڕوانم بکات).

پاشان وێنەیەکی خۆی نیشاندام و، گوتی: (ئەم وێنەیەش دەدەم بە دایکم تا لەوێ لە بیرم نەکات، من دایکم زۆر خۆشدەوێت، بەڵام باوکم دەڵێت کە خوشکەکەم لەوێ تەنیایە و خەم دەخوات).



Scanned by CamScanner

کوڕەکە سەری داخست و، دووبارە دەستی بە قژی بووکەکەدا هێنا.

بە شێوەیەك کە منداڵەکە ئاگای لێ نەبوو. دەستم کرد بە گیرفانمدا و مشتێك پارەی وردەم دەرهێنا و، لێم پرسی: (دەمەوێت جارێکی تر، پارەکانت بژمێریت لەوانەیە بەشی بکات).

ئەو بە بێتاقەتییەوە پارەکانی دا بە من و، گوتی: (باوەر ناکەم، چەند جار پوورم پارەکانی ژماردووە، بەڵام هێشتا زۆر کەمە).

من دەستم کرد بە ژماردنی پارەکان و، پاشان پێم گوت: (ئەم پارانە زۆری زیادە، حەتمەن دەتوانیت بووکەڵەیەك بکڕیت).

کوڕەکە بە شادییەوە گوتی:(ئای خوایە گیان سوپاست دەکەم کە وا گوێت لە نزاکەم بوو).

پاشان ڕووی کردە من و، گوتی: (من دەمەوێت گوڵە باخێکی سپیش بۆ دایکم بکڕم، چونکە دایکم گوڵە باخی زۆر خۆشدەوێت، ئایا بەم پارانەی کە خودا بۆی ناردووم دەتوانم گوڵێکیش بکڕم؟).

فرمێسك لە چاوەکانم هاتەخوارەوە بەبێ ئەوەی سەیری ئەو بکەم گوتم: (بەڵێ ئازیزم، هەر چەند حەزدەکەیت گوڵ بۆ دایکت بکڕە).

پاش چەند خولەکێك پوورەکەی گەڕایەوە و، من لەکوڕەکە دوورکەوتمەوە و، لەنێو قەرەباڵغییەکەدا خۆم ون کرد.

بیری ئەو کوڕە تەنانەت بۆ ساتێکیش لە زەینم لانەچوو، لە ناکاو هەواڵێکم بیرکەوتەوە کە هەفتەی پێشتر لە ڕۆژنامەدا



Scanned by CamScanner

خوێندبوومەوە: (گەڵابەیەك داوێتی لە كچێك و دایكێك، كچەكە
هەر لەوێدا مردووە و، حاڵی دایكیشی خراپە).
بۆ ڕۆژی دوایی چووم بۆ نەخۆشخانە تا هەواڵێكی ئەو
بەدەست بێنم، پەرستاری بەشی هەواڵی دڵتەزێن پێی گوتم: (ژنە
لاوەكە دوێنێ شەو گیانی سپاردووە).
ئەسڵەن نەمدەزانی ئەم هەواڵە پەیوەندی بە كوڕەكەوە هەیە
یاخود نا؟ هەستێكی سەیرم هەبوو، بەبێ هیچ هۆكارێك چووم بۆ
كڵێسا.
لە مەراسیمی هاوسۆزی كڵێسادا، تابووتێكیان دانا بوو كە لە
سەری بووكەڵەیەك و گوڵێكی سپی و وێنەیەك دانرابوو.
نووسینی: پاولۆ كۆیلۆ.

## ((پادشا و بەرد))

لە سالآنی ڕابردوودا، پاشایەك بەردێكی لە ناوەڕاستی
شەقامەكەدا دانا، بۆ ئەوەی كاردانەوەی خەڵكەكە ببینێت؛ خۆی
لە شوێنێكدا شاردەوە.
هەندێك لە بازرگانان و سەرمایەدارەكان، بێ گوێدانە بەردەكە
بە لایدا تێپەڕین، زۆرێكیش لە خەڵكەكە بۆڵە بۆڵیان دەكرد و،
دەیانگوت ئەمە چ شارێكە وا سەقامگیرنییە، حاكمی ئەم شارە چ
پیاوێكی ناكارایە و.........



Scanned by CamScanner

لەگەڵ ئەمەشدا هیچ کەسێك بەردەکەی لە ناوەڕاستی شەقامەکەدا لا نەبرد، نزیکی ئێوارە پیاوێکی لادێیی کە کۆڵێك سەوزەی بە پشتەوە بوو لە بەردەکە نزیك بوویەوە و، کۆڵەکەی سەر پشتی دانا و، بە هەر زەحمەتێك بوو بەردەکەی لە ناوەڕاستی شەقامەکەدا لابرد و، خستییە کەناری شەقامەکەوە.

لە ناکاو کیسەیەکی بینی کە لە ژێر بەردەکەدا دانرابوو، کیسەکەی کردەوە لە ناو کیسەکەدا چەندان سکەی ئاڵتوون و نوسراوێکی تێدابوو. پاشا لە سەر کاغەزی ناو کیسەکە نووسیبووی: ((هەر کۆسپ و لەمپەرێك دەتوانێت چانسێك بێت بۆ گۆڕینی ژیانی هەر مرۆڤێك)).

## ((پاشا و وەزیر))

لە ساڵانی زۆر کۆندا، پاشایەك دەژیا. کە وەزیرێکی هەبوو، وەزیرەکە هەمیشە دەیگوت: (هەر ڕووداوێك کە ڕوو دەدات لە بەرژەوەندی ئێمەیە)).

ڕۆژێك پاشا بۆ لێکردنەوەی توێکڵی میوەیەك داوای چەقۆیەکی تیژی کرد، بەڵام لە کاتی بڕینی میوەکەدا پەنجەیەکی بڕی، وەزیرەکە کە لەوێدا بوو گوتی (نیگەران مەبە هەموو ئەو شتانەی کە ڕوودەدەن بە ئاڕاستەی خێر و چاکەی ئێوەیە).



Scanned by CamScanner

پاشا لەم قسەیەی وەزیر دڵی ڕەنجا و، لە ڕەفتاری ئەو لە بەرامبەر ئەم ڕووداوەدا تووڕە بوو، فەرمانی دا بە زیندانیکردنی وەزیرەکە.

چەند ڕۆژ دوای ئەوە پاشا لەگەڵ بەردەستەکانیدا بۆ ڕاو دەچن بۆ نزیکی دارستانێك، پاشا لە کاتێکدا کە خەریکی ئەسپسواری بوو، ڕێگاکەی ون کرد و، چووە ناودارستانێکی چڕەوە و، لە بەردەستەکانی خۆی دوورکەوتەوە، لە کاتێکدا کە پاشا بە دوای دۆزینەوەی ڕێگایەکدا بوو بۆ گەڕانەوە، گەیشت بە شوێنی نیشتەجێبوونی خێڵەکان کە خەڵکی ئەوێ خەریکی ئامادەکردنی مەراسیمی قوربانیکردن بوون بۆ خودای خۆیان، کاتێك کە خەڵکی پاشای جوان ڕووخساریان بینی خۆشحاڵبوون، چونکە وایان دانا کە ئەو باشترین قوربانییە کە پێشکەشی خودای خۆیانی بکەن.

ئەوان پاشاکەیان بردە بەردەم پەیکەری خوداکەی خۆیان و، بەستیانەوە بۆ ئەوەی بیکوژن. بەڵام لە ناکاو یەکێ لە پیاوانی خێڵەکە هاواری کرد: (چۆن دەتوانن ئەم پیاوە بکەنە قوربانی لە کاتێکدا کە جەستەی ناتەواوە، سەیری پەنجەی بکەن).

لەبەر ئەو هۆکارە ئەویان نەکردە قوربانی و، ئازادیان کرد.

پاشا گەڕایەوە بۆ کۆشکەکەی و، وەزیری بانگ کرد و، گوتی: (ئێستا تێگەیشتم کە مەبەستی تۆ لەوەی وتت هەرچییەك ڕوودەدات لە بەرژەوەندی ئێوەیە، چی بووە؟ چونکە بڕینی پەنجەم بوویە هۆی ئەوەی ژیانم ڕزگار بکات، بەڵام لە بارەی تۆ



Scanned by CamScanner

وەچی؟ تۆ کەوتیتە ناو زیندانەوە، ئەم کارە چ خێر و چاکەیەکی بۆ تۆ هەبوو؟).

وەزیرەکە وەڵامی دایەوە پاشای ئازیزم: (مەگەر نابینیت، ئەگەر من نەکەوتمایەتە زیندانەوە ئەوا وەك هەمیشە لەگەڵ تۆ لە دارستاندا دەبووم، لەوێشدا کاتێك خەڵکی خێڵەکە تۆیان نەکردە قوربانی ئەوە منیان بۆ هەڵدەبژارد، لەبەر ئەمە کە دەبینیت زیندانیکردنیش بۆ من سوودی هەبوو).

## ((کاتژمێر))

ڕۆژێك جوتیارێك لەوە ئاگادار بووەوە کە کاتژمێرەکەی لە ئەنباری سەوزەکەدا ونکردووە، کاتژمێرێکی ئاسمانی بوو، بەڵام بە یادەوەری ڕابردوو بەهای سۆزداری هەبوو.

لە دوای ئەوەی کە لە ناو سەوزەکاندا زۆر گەڕا نەیدۆزییەوە، داوای لە کۆمەڵێك منداڵ کرد کە لە دەرەوەی ئەنبارەکە یارییان دەکرد بیدۆزنەوە بۆی، بەڵێنیشی پێدان هەر کەس بیدۆزێتەوە خەڵاتێکی دەداتێ.

منداڵەکان هەر کە زانییان مەسەلەکە خەڵاتی تێدایە هێرشیان هێنا بۆ ناو ئەنبارەکە و،تەواوی گورزە سەوزەکان و سێپەڕەکانیان ئەمدیو و ئەودیو کرد و گەڕان، بەڵام دووبارە کاتژمێرەکەیان نەدۆزییەوە، بۆیە لە ئەنبارەکە چوونە دەرەوە،



Scanned by CamScanner

پێك لەو كاتەی كە جوتیارەكە لە بەردەوامی گەڕاندا بێهوابووبوو، كوڕێك هاتە لای جوتیارەكە و، داوای كرد بوارێكی تر بداتە ئەو تاكو جارێكی تر بۆ كاتژمێرەكە بگەڕێت، جوتیارەكە سەیرێكی خۆی كرد و، لە دڵی خۆیدا بیری كردەوە: (بۆچی نابێت؟ بە هەرحاڵ، منداڵێكی ڕاستگۆ دیارە). پاشان جوتیارەكە منداڵەكەی نارد بۆ ناو ئەنبارەكە.

پاش ماوەیەكی كەم، لە كاتێكدا كە منداڵەكە كاتژمێرەكەی لەدەستدا بوو، لە ئەنبارەكە هاتەدەرەوە، جوتیارەكە لە لایەكەوە دڵخۆش و، لە لایەكەوە سەری سوڕما كە چۆن بەختەوەری بووە موڵكی ئەم منداڵە؟ پاشان پرسی: (تۆ چۆن سەركەوتووبوویت لە دۆزینەوەی ئەم كاتژمێرەدا؟ لە كاتێكدا منداڵەكانی تر بێهیوابوون لە دۆزینەوەی؟).

منداڵەكە وەڵامی دایەوە: (من كارێكی زیاترم نەكرد، تەنها لەسەر زەوییەكە دانیشتم و، لە بێدەنگییەكی تەواودا گوێم لە تیك تاكی كاتژمێرەكە بوو، لە هەمان كاتدا بەرەو هەمان ئەو ئاڕاستەیە جووڵام و كاتژمێرەكەم دۆزییەوە.

ئەنجام/

زەین كاتێك لە ئارامیدا بێت چاكترە لە زەینێك كە زۆر جەنجاڵ بیردەكاتەوە، بۆیە هەر ڕۆژە و بوار بدەن تاكو زەینتان تۆزێك ئارام بێتەوە و بچێتە ناو بێدەنگییەكی تەواوەوە، پاشان بزانن تا چەندە هاوكاری هۆشیاری ئێوە دەكات؛ تاكو ژیانی خۆتان بەو شێوەیەی كە دەتانەوێت ڕێكبخەن.



Scanned by CamScanner

# ((خۆشبەختترین مرۆڤ))

پاشایەك دوای ئەوەی کە نەخۆش کەوت گوتی: (نیوەی قەڵەم ڕەوییەکەم دەدەم بەو کەسەی کە من چارە بکات).

تەواوی حەکیم و داناکان کۆبوونەوە تا بزانن چۆن دەبێت پاشا چارەسەر بکەن؟ بەڵام هیچ کامیان نەیانزانی، تەنها یەکێك لە داناکان گوتی: (وا بیردەکەمەوە من دەتوانم پاشا چارەسەر بکەم، ئەگەر مرۆڤێکی خۆشبەخت بدۆزنەوە و، کراسەکەی دابکەنن و، لەبەری پاشای بکەن، پاشا چاکدەبێتەوە).

شا پەیکەکانی خۆی بۆ دۆزینەوەی مرۆڤی خۆشبەخت نارد، ئەوان سەفەریان کرد بۆ سەراسەری مەملەکەت، بەڵام نەیان توانی مرۆڤێکی خۆشبەخت بدۆزنەوە، تەنانەت کەسێکیش نەدۆزرایەوە کە بە تەواوی ڕازی بێت، ئەوەی سەرمایەی هەبوو نەخۆش بوو، ئەوەی تەندروست بوو هەژاربوو، یاخود ئەوەی تەندروست و سەرمایەدار بوو منداڵی هەبوو و، منداڵەکانی خراپ بوون، بە کورتییەکەی هەر کەسە و شتێکی هەبوو کە گلەیی لێبکات.

دواجار کوڕەکەی پاشا لە کۆتاییەکانی شەوێکدا بە لای کەلاوەیەکی هەژارانەدا تێدەپەڕی، گوێی لە کەسێك بوو کە شتانێکی دەگوت: (سوپاس بۆ خوا کارەکانم تەواوکرد، تێرم و،



www.iqra.ahlamontada.com
Scanned by CamScanner

نانی زۆرم خوارد و، دەتوانم لێی ڕابکشێم و بخەوم، ئیتر دەبێت چ شتێکی ترم بوێت؟).

کوڕە پاشا خۆشحاڵ بوو، بڕیاری دا کراسەکەی لەبەر دابکەنن و بیبەن بۆ پاشا و، پیاوەکەش چەندە پارەی دەوێت بیدەنێ، پەیکەکان بۆ دەرهێنانی پیاوەکە چوونە ناو کەلاوەکەوە، بەڵام لە بەختی بەدی پاشا پیاوە خۆشبەختەکە هێندە هەژار بوو کراسی لەبەردا نەبوو.

## ((ژیان))

شێخێك بە هەڵەی فریشتەکان دەنێردرێت بۆ دۆزەخ، پاش ماوەیەکی کەم شەیتان هاواری لێ بەرزدەبێتەوە و، ڕوو دەکاتە فریشتەکان و دەڵێت:

جاسووس دەنێرن بۆ دۆزەخ؟ لەو ڕۆژەی ئەم پیاوە هاتووە بۆ دۆزەخ بەردەوام لە گفتوگۆدایە و، دۆزەخییەکان ڕێنمایی دەکات.

قسەی ئەو شێخەی کە چوو بووە دۆزەخ بەم شێوەیەیە:

هێندە بە عەشقەوە بژی کە تەنانەت بە ڕێکەوتیش کەوتیتە دۆزەخ خودی شەیتان تۆ بگێڕێتەوە بۆ بەهەشت.



Scanned by CamScanner

## ((کوڕ))

سـێ ژن دەیانویسـت لەسـەر کـانی ئـاو بهێـنن. لـە شـوێنێکی کـەمێك دوورتـرەوە پـیرە پیـاوێکی دونیادیـدە دانیشـتبوو، گـوێی لێبوو کە هەر یەکە لە ژنەکان بە چ شێوەیەك وەسفی کوڕەکانیان دەکەن.

ژنـی یەکـەم گـوتی: کوڕەکـەم هێنـدە لـە جووڵـەی ئاکرۆباتـدا شارەزایە کە هیچ کەس ناگاتەوە بە قاچەکانی و پێی ناگات.

ژنـی دووەم گـوتی: کوڕەکـەی مـن وەك بولبـول دەخوێنێـت و دەنگـی زۆرخۆشـە، هـیچ کـەس نادۆزیتـەوە کـە وەك ئـەو دەنگـی خۆش بێت.

کاتێك کە ژنی سێەم بێدەنگ بوو دوانەکەی تـر لێیـان پرسـی: باشە بۆچی لە بارەی کوڕەکەتەوە هیچ ناڵێیت؟

ژنـی سـێیەم گوتی: کوڕەکـەم شـتێکی تایبـەتی نییـە تـا باسـی بکەم، ئەو تـەنیا کوڕێکی ئاساییە و، هـیچ سیفەتێکی دیاریشـی نییە.

سێ ژنەکە سەتڵەکانیان پڕ کرد و، بەرەو ماڵ چوونەوە، پیرە پیاوەکەش بە هێواشی دوایان کەوت.



Scanned by CamScanner

سەتڵەکان قورس و دەستانی کارکردووی ژنەکان لاوازبوون لە بەر ئەمە لە ناوەڕاستی ڕێدا وەستان تا پشوویەك بدەن، لە هەمان کاتیشدا کوڕەکانی هەر سێ ژنەکە لە ڕێوە گەیشتن.

کوڕی یەکەم: لەسەر دەستەکانی وەستا، دەستی کرد بە قاچ جووڵاندن و پایدەر لێدان، ژنەکان هاواریان کرد چ کوڕێکی ئازا و شارەزایە.

کوڕی دووەم: وەك بولبول کەوتە خوێندن و، ژنەکان بە جۆش و خرۆش و چێژەوە گوێیان لە دەنگی دەگرت؛ لە کاتێکدا کە فرمێسك لە چاوەکانیان دەهاتەخوارەوە.

کوڕی سێیەم: بەرەو دایکی هات و، سەتڵە ئاوەکەی بەرزکردەوە و خستیە سەرشانی و بردییەوە بۆ ماڵەوە.

لە هەمان کاتدا ژنەکان لە پیرە پیاوەکەیان پرسی: ڕات دەربارەی ئەم کوڕانە چییە؟.

پیرە پیاوەکە بە سەرسوڕمانەوە پرسی: مەبەستان کام کوڕانەیە؟ من تەنها کوڕێك دەبینم.

## ((نەوشیروان و پیرە مێرد))

ڕۆژێك نەوشیروان فەرمانی دا هەر کەس ڕستەیەکی حەکیمانە بڵێت، چوار سەد سکەی ئاڵتوونی پێ ببەخشن، ڕۆژێك کە لە کەناری کێڵگەیەکدا تێدەپەڕی پیرەمێردێکی نەوەد ساڵەی بینی خەریکی ناشتنی نەمامی زەیتوون بوو.



Scanned by CamScanner

نەوشـیروان چـووە پـێش لـە پیرەمێردەکـە و، لێـی پرسـی: (نـەمامی زەیتـون بیسـت ساڵی دەوێـت تـا بێتەبـەر و بەرهـەمت بـداتێ، تـۆش بـەم تەمەنـەوە بـە چ هیوایەکـەوە نـەمامی زەیتـوون دەچێنیت؟).

پیرەمێردەکـە زەردەخەنەیـەکی کـرد و، گـوتی: (خـەڵکانی تـر ناشتیان و، ئێمـە خواردمـان، ئێمـەش دەیچێنین تـا خـەڵکانی تـر بیخۆن).

نەوشیروان لـە وەڵامـی پیرەمێردەکە خۆشحاڵ بوو گوتی: (بە ڕاستی وەڵامەکـەت حەکیمانـە بـوو، فـەرمانی دا تـاکو چـوار سـەد سکەی زێڕی بدەنێ).

پیرەمێردەکـــە پێکـــەنی و نەوشـــیروان گـــوتی: (بۆچـــی پێدەکەنیت؟).

پیرەمێردەکـە گـوتی: (زەیتـــونی خـــەڵك دوای بیســـت ســـاڵ بەرهەمی دەبێت ئەوەی من ئێستا بەرهـەمی هـەبوو و بەرهـەمی دا.

نەوشیروان دووبارە فەرمانی دا چوار سەد سکەی تری بدەنێ.

پیرەمێردەکە جارێکی تـر پێکەنی و، نەوشیروان گـوتی: (ئـەم جارە بۆچی پێکەنیت؟).

پیرەمێردەکـە گـوتی: (زەیتـون سـاڵی جارێـك بەرهـەم دەدات، ئەوەی من ئەمڕۆ دووجار بەرهەمی دا).

نەوشیروان فەرمانی دا تاکو جارێکی تریش چوار سـەد سـکەی زێڕی تری پێ ببەخشن و، بەخێرای لەوێ دوور کەوتەوە.



Scanned by CamScanner

یەکێك لە سەربازەکان پرسی: (سەروەرم بۆچی بەو خێراییە لێرە پۆیشتیت؟).
نەوشیروان لە وەڵامدا گوتی: (ئەگەر لێرە بمامایەتەوە، ئەوا ئەو پیرەمێردە خەزانی دەوڵەتی خاڵی دەکرد).

## ((مرۆڤ و دووپشك))

ڕۆژێك پیاوێك دووپشکێکی بینی کەوتبووە ناو ئاوێکەوە و، خەریك بوودەخنکا، پیاوەکە بڕیاری دا کە دووپشکەکە ڕزگار بکات، دەستی برد بۆ ڕزگارکردنی، بەڵام دووپشکەکە دای بە پیاوەکەوە و پەنجەی گەست، پیاوەکە دووبارە هەوڵی ڕزگارکردنی دا، بەڵام دووپیشکەکە جارێکی تر پەنجەی گەستەوە، ڕێبوارێك بەوێدا تێدەپەڕی و، دیمەنەکەی بینی و، پرسی: (بۆچی ڕزگاری دەکەیت؟)، پیاوەکە لە وەڵامدا گوتی: (ئەوە سروشتی دووپشکە کە وا بگەزێت، بەڵام سروشتی من خۆشەویستی و بەخشین و سۆزدارییە.

* پێشکەشە بەوانەی دووپشکەکان پێوەی دان و، ئەوان دووبارە خۆشەویستییان بەخشی.



Scanned by CamScanner

# ((موعجیزە))

کچێکی بچکۆلە چووە دەرمانخانەیەك و، گوتی: (بێزەحمەت موعجیزەتان هەیە؟).

خاوەن دەرمانخانەکە گوتی: (موعجیزەت بۆچییە ئازیزم؟).

کچەکە گوتی: (شتێکی خراپ لە سەری برا بچوکەکەمدا هەیە، هەموو ڕۆژێك خەریکە هەر گەورەتر دەبێت، باوکم دەڵێت مەگەر تەنها موعجیزە بتوانێت ڕزگاری بکات، منیش پارەکانم هێناوە تاکو موعجیزەی بۆ بکڕم).

خاوەن دەرمانخانەکە گوتی: (ئازیزم ببوورە من ناتوانم هاوکاریت بکەم، لێرە موعجیزە نافرۆشین).

چاوەکانی کچەکە پڕبوو لە فرمێسك و، گوتی: (بەڵام خەریکە دەمرێت، توخوا موعجیزەیەکم بدەنێ، براکەم خەریکە دەمرێت).

لە ناکاو دەستێك بەر پرچی کچەکە کەوت و، دەنگێك گوتی: (ئادەی بزانم پارەکەت چەندە کچە جوانەکەم؟).

پارەکانی ژمارد و، گوتی: (زۆر باشە، پارەکانت ڕێك بە ئەندازەی کڕینی موعجیزەیەکە بۆ براکەت)، پاشان دەستی کچە بچکۆلەکەی گرت و، گوتی: (من ببە بۆ ماڵتان بزانم ناتوانم موعجیزەیەك بۆ براکەت ئامادە بکەم؟).



Scanned by CamScanner

ئەو پیاوەی کە دەستی کچەکەی گرتبوو پسپۆڕی نەشتەرگەری مێشك بوو، دوو ڕۆژ دوای ئەوە بێ پارە نەشتەرگەرییەکەی بۆ ئەنجامدا، خەرجی نەشتەرگەرییەکە تەنها پارە وردەکانی کچەکە و، باوەڕی کچە بچووکەکە بوو، پاش ماوەیەك کوڕەکە بە تەندروستییەکی باشەوە گەڕایەوە بۆ ماڵەوە.

دکتۆر ئەرنست گرووپ سەرۆکی پێشووی نەخۆشخانەی مانۆڤەری ئەڵمانی، ماوەیەك لەمەوبەر لە کۆنفڕانسێکی زانستیدا ئەمەی گێڕایەوە و، ئەو پیاوە نەشتەرگەرەش هیچ کەس نەبوو جگە لە دکتۆرێکی ئێرانی بە ناوی پرۆفیسۆر مەجید سەمیعی.

## ((مارادۆنا))

مارادۆنا ئەفسانەی تۆپی پێی ئەرجەنتینی، بە هۆی پەژارەی خەمۆکی کە پاش وازهێنان لە ماددە هۆشبەرەکان تووشی بوو، بۆ ماوەیەك لە نەخۆشخانەی دەروونی بە مەبەستی چارەسەر و چاکبوونەوە مایەوە، کاتێك کە لەوێ هاتە دەرەوە قسەیەکی زۆر جوانی کرد، گوتی: (من لە نەخۆشخانە گوتم من مارادۆنام) ئەوانیش بە پێکەنینەوە گوتیان: (لێرە کەسانێکی زۆر هەن کە وا هەموویان شێتن، یەکێك دەڵێت: من جیڤارام...... هەموو باوەڕ دەکەن، یەکێکی تریش دەڵێت: من غاندیم و، هەمووان باوەڕی پێ دەکەن).



Scanned by CamScanner

# ((گۆزەی شکاو))

لە ئەفسانەی هیندییەکاندا هاتووە کە پیاوێك هەر ڕۆژە و، دوو گۆزەی گەورەی ئاوی بە ئەمسەرە و ئەوسەری دارێکەوە دەبەست، دارەکەی دەخستە سەرشانی و، دەیبردەوە بۆ ماڵەوە، یەکێك لە گۆزەکان کۆنتر بوو و، چەن درزێکی تیابوو، هەر کاتێك ڕێگای ماڵەوەی دەبڕی نیوەی ئاوەکەی دەڕشت.

پیاوەکە دوو ساڵی تەواو ئەم کارەی دەکرد، گۆزە تازەکە لە خۆی بایی بوو، چونکە ئەو کارەی کە بۆی دروستکراوە بە باشی ئەنجامی دەدات، بەڵام گۆزە کۆنە درز بردووەکە شەرمەندە بوو، لەبەر ئەوەی تەنها دەیتوانی نیوەی کارەکەی ئەنجام بدات، هەر چەند کە دەیزانی درزەکانی بەرهەمی چەندان ساڵ کارە، گۆزەی پیر ئەوەندە شەرمەندەبوو تا ڕۆژێك پیاوەکە ئامادەبوو لە چاڵە ئاوەکە ئاو بهێنێت بڕیاری دا لەگەڵ پیاوەکە قسە بکات، بۆیە گوتی: (داوای لێبوردنت لێ دەکەم تەواوی ئەو ماوەیە کە منت بەکارهێناوە تەنیا لە نیوەی قەبارەی من سوودت وەرگرتووە... تەنیا نیوەی تینوێتی ئەو کەسانەت دەرکردووە کە لە ماڵەوە چاوەڕوانی تۆن).

پیاوەکە پێکەنی و گوتی: (کاتێك گەڕاینەوە بە وردی سەیری ڕێگاکە بکە).



Scanned by CamScanner

کاتێك گەڕانەوە گۆزە درز بردووەکە تێگەیشت کە لە لایەکی ڕێگاکە، ئەو لایەی خۆی گوڵ و گیای زۆر جوان سەوز بوون.
پیاوەکە گوتی: (دەبینیت کە سروشت لە لاکەی تۆوە چەندە جوانە؟)، لەم لای جادەکە کە تۆی تیادابوو تۆویت گوڵم وەشاند و، تۆش هەموو ڕۆژێك ئەوانەت ئاو دەدا و، منیش گوڵم دە بردەوە بۆ ماڵەکەم و، کەلەرم و کاهوشم دەبردەوە بۆ منداڵەکانم، ئەگەر تۆ درزت تێدا نەبوایە چۆن دەتوانیت ئەم کارە بکەیت؟).

## ((منداڵی ساڵح))

ڕۆژێك میرزای شیرازی لە ماڵی ناسرەدین شا میوان بوو، ناسرەدین شا لە میرزای پرسی: (هۆکاری چییە هەندێك جار منداڵانی ئێمەی پاشایان ساڵح دەبن و، منداڵانی ئێوەی زانایان ناساڵح دەردەچن؟).
میرزا شیرازی لە وەڵامدا گوتی: (چونکە من لای تۆ دەبمە میوان خواردنی گوماناوی و حەرامی تۆ دەخۆم و، منداڵەکەم ناساڵح دەبێت، بەڵام تۆ کە دەبیتە میوانی من خواردنی حەڵاڵی من دەخۆیت بۆیە منداڵەکەت ساڵح دەردەچێت).



Scanned by CamScanner

## ((ڕەوشت))

پیاوێکی نابینا لە ژێر درەختێکدا دانیشتبوو، پاشایەك هاتە لای و، ڕێــزی لێگــرت و بــە کــابرای نابینــای گــوت: (قوربــان، بێزەحمەت لە چ ڕێگەیەکەوە دەتوانین بچین بۆ پایتەخت؟).

لــە دوای ئــەویش ســەرۆکوەزیرانی هــەمان پاشــا هاتــە لای کابرای نابینا و بە بێ ئەوەی ڕێزی بۆ بنوێنێت گوتی: (کاکە ئەو ڕێگایەی بۆ پایتەخت دەچێت کامەیە؟).

پاشان کابرایەکی ئاسایی هات بۆ لای کابرای نابینا و، کێشای بــە ســەریدا و، گــوتی: (هێــی نــەفام ئــەو ڕێگایــەی بــۆ پایتــەخت دەچێت کامەیە؟).

کاتێك کــە هــەموان ڕۆیشــتن پیــاوە نابیناکــە دەســتی کــرد بــە پێکەنین، پیــاوێکی تــر لــە پــاڵ پیــاوە نابیناکــەدا بــوو لیّــی پرســی: (بۆچی پێدەکەنیت؟).

کابرای نابینا لە وەڵامدا گوتی: (یەکــەمین کــەس کــە پرســیاری لێکردم پادشا بــوو، دووەم کــەس ســەرۆکوەزیران بــوو، ســێیەمین کەس پاسەوانێکی سادەبوو).

پیاوەکە بە سەرسوڕمانەوە پرســی: (چۆن دەزانــی مەگــەر تــۆ نابینا نیت؟).



Scanned by CamScanner

پیاوە نابیناکە گوتی: (بە ڕەفتاری ئەواندا دیاربوو....... پاشا لە گەورەیی خۆی دڵنیابوو لەبەر هەمان هۆکار ڕێزی نواند، بەڵام پاسەوانەکە لە نەفامی خۆیدا دەتلایەوە کە تەنانەت لە منیشی دا).

شێوازی ڕەفتاری هەر کەسێك نیشانەی کەسێتی ئەوە.

* نە سپێتی نیشانەی جوانییە و، نەڕەشیش نیشانەی ناشیرینییە.

* کفن سپییە بەڵام ترسناك، کەعبە ڕەشە بەڵام خۆشەویست و خواستراو.

* شەرافەتی مرۆڤ بە ڕەوشتێتی.

## ((فیرعەون و شەیتان))

دەڵێن ڕۆژێك فیرعەون هێشووە ترێیەکی لە دەستدابووە و، خەریکی خواردنی بووە، لەو کاتەدا شەیتان هاتووە بۆ لای و، گوتویەتی: (ئایا کەس هەیە بتوانێت، ئەم هێشووە ترێیە بگۆڕێت بۆ مرواری؟).

فیرعەونیش گوتویەتی: (نەخێر).

شەیتانیش بە هۆی سیحر و جادووەوە هێشووە ترێیەکەی گۆڕیوە بۆ مرواری، فیرعەونیش سەری سوڕماوە گوتویەتی: (بە ڕاستی تۆ پیاوێکی زانا و مامۆستایت!).



Scanned by CamScanner

شەیتانیش بە بیستنی ئەم قسەیە زللەیەکی توندی داوە لە فیرعەون و، گوتویەتی: (منیان بەم زانایییەوە بە بەندە قبوڵ نەکرد، چۆن تۆ بەم نەفامی و نەزانیییەتەوە بانگەشەی خودایی دەکەیت؟).

## ((پێڵاوە بەهەشتییەکان))

کریسمس چەند ڕۆژێک زیاتر نەمابوو، جۆش و خرۆشی خەڵکی بۆ کڕینی دیاری کریسمس ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر دەبوو، منیش چووم بۆ فرۆشگا و، بۆ دانەوەی پارەی ئەو یارییانەی کە کڕیبووومن، لە ڕیزی سندوقدا وەستابووم، لە بەردەم مندا دوو منداڵی بچووک، کوڕێکی پێنج ساڵە و، کچێکی بچووکتر وەستابوون، کوڕەکە جلێکی کۆن وشڕی لەبەردا بوو و، پێڵاوە کانی دڕابوون و، چەند پارەیەکی وردە لە ناو دەستەکانیدا بوو.

جلەکانی کچەکەش هیچی لە کوڕەکە کەمتر نەبوو،بەڵام جوتێک پێڵاوی تازەی بە دەستەوەبوو.

کاتێک گەشتینە لای سندوق، کچەکە بە هێواشی خستییە بەردەم مێزەی سەر سندوقەکە.

بە شێوەیەک ڕەفتاری دەکرد وەک ئەوەی گەنجینەیەکی پڕ بەهای لە دەستدایە، کابرای سندوقدار بۆ نرخی پێڵاوەکان وتی: (٦دۆلار).



Scanned by CamScanner

کوڕەکە پارەکانی خستە سەر مێزەکە و، پارەکانی ژمارد ٣ دۆلار و ١٥ سەنت بوو.

پاشان ڕووی کردە خوشکەکەی و، گوتی: (وا دەزانم دەبێت پێڵاوەکان بخەیتەوە جێگەی خۆی.......).

کچەکە بە بیستنی ئەم قسەیە بە توندی دڵی پڕ بوو و، گوتی: (نە......نە......دەی، دایکم لە بەهەشتدا بە چی بە ڕێگادا بڕوات؟).

کوڕەکە گوتی: (مەگری لەوانەیە سبەینێ بتوانین پارەی پێڵاوەکان پەیدابکەین).

من کە ئەم دیمەنەم بینی خێرا لە کیفەکەم ٣دۆلارم دەرهێنا و، دام بە سندوقدار.

کچەکە هەردوو باسکی بچووکی بە منەوە گرێدا و، گوتی:(سوپاس خانم).

بەرەو لای چەمیمەوە پرسیم: (مەبەستت چی بوو کە وا گوتت دەی دایکم لە بەهەشتدا بە چی بە ڕێگادا بڕوات؟). کوڕەکە وەڵامی دایەوە: (دایکم زۆر نەخۆشە و، باوکم دەڵێت کە لەوانەیە بەر لە جەژنی کریسمس بڕوات بۆ بەهەشت). کچەکە درێژەیدایە و، گوتی: (مامۆستاکەی ئێمە گوتی ڕەنگی شەقامەکانی بەهەشت ئاڵتوونییە، بە ڕای تۆ ئەگەر دایکم بەو پێڵاوە ئاڵتوونییانەوە بەسەر شەقامەکانی بەهەشتدا بڕوات جوانتر نابێت؟).

چاوەکانم پڕبوون لە فرمێسك و، لە کاتێکداکە سەیری چاوەکانی کچەکەم دەکرد گوتم: (چۆن ئازیزەکەم. تۆ ڕاست



Scanned by CamScanner

دەکەیت، دڵنیام کە دایکی ئێوە بەم پێڵاوانەوە لە ناو بەهەشتدا زۆر جوان دەبێت).

## ((جێگای خۆت))

پیاوێکی بازرگان لە حەوشەی کۆشکەکەیدا جۆرەها گژوگیا و درەختی ناشتبوو و، باخێکی زۆرجوانی بەدەست هێنابوو. هەموو ڕۆژێك گەورەترین سەرگەرمی و خۆشی ئەو گەڕان بوو بەناو باخەکەیدا و، چێژوەرگرتن لە گوڵ و گیای ناو باخەکەی.

تاکو ئەوەی ڕۆژێك چوو بۆ سەفەر، لە گەڕانەوەیدا یەکەم جار چوو بۆ بینینی باخەکەی، بەڵام بەدیتنی باخەکەی لە شوێنی خۆیدا وشکبوو، تەواوی درەختەکانی باخەکەی لە حاڵەتی وشکبووندا بوون، ڕوویکردە درەختی سنەوبەرەکە کە لەمەوە بەرز و زۆر سەر سەوز بوو لێی پرسی کە چی ڕوویداوە؟

سنەوبەرەکە گوتی: (من سەیری درەختی سێوم دەکرد لە دڵی خۆمدا گوتم کە من هەرگیز وەکو ئەو ناتوانم میوەیەکی وا جوان بگرم، بە بیرکردنەوەیەکی وا هەستم بە ناڕەحەتی کرد و، دەستم کرد بە وشکبوون).

پیاوە بازرگانەکە چووە نزیکی درەختە سێوەکە، بەڵام ئەویش وشك بووبوو، هۆکارەکەی لە سێو پرسی، دار سێوەکە لە وەڵامدا گوتی: (بەسەیرکردنی گوڵی سوور و هەستی بۆنخۆشی ئەو من لە



Scanned by CamScanner

دڵی خۆمدا گوتم هەرگیز بۆنێکی خۆشی وام لێ بەرز نابێتەوە، بە بیرکردنەوەیەکی وا دەستم کرد بە وشکبوون.

تا لەو جێگایەدا بۆتەیەک گوڵی سوور وشک بووبوو، هۆکارەکەی لەویش پرسی، ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی دایەوە: (من لەداخی گوڵی ئەفرا وشکبووم، چونکە من لە وەرزی پایزدا ناتوانم گوڵ دەربکەم، بۆیە لە خۆم بێهیوابووم و ئاهێکی درێژم هەڵکێشا، هەر کە ئەم بیرە هاتە ناو زەینمەوە دەستم کرد بە وشکبوون.

پیاوەکە لە درێژەی گەڕانیدا بە ناو باخەکەدا، گوڵێکی جوانی بینی لە سووچی باخەکەدا سەوز بووبوو، لە هۆکاری گەشاندنەوەکەی پرسی، گوڵەکەش بەم شێوەیە وەڵامی دایەوە: (سەرەتا منیش دەستم کرد بە وشکبوون، چونکە گەورەیی درەختی سنەوبەرم نەبوو، کە لە تەواوی ساڵ سەر سەوزی خۆم بپارێزم و، خاوەنی ناسکی و بۆن خۆشی گوڵی سووریش نەبووم، لەبەر خۆمەوە گوتم: (ئەگەر پیاوی بازرگان کە ئەوەندە سەرمایەدار و ئاقڵە و، ئەم باخە جوانەی پەروەردەکردووە، دەیەوێت شتێکی تر لە جێگەی من بچێنێت حەتمەن ئەم کارەشی دەکرد، کە منی چاندووە حەتمەن حەزی کردووە کە من بوونم هەبێت، لەو ساتە بەدواوە بڕیارم دا تا ئەو جێگەیەی کە دەتوانم جوانترین بوونەوەربم.

ئەنجام/ دونیا ئەوەندە فراوانە کە بۆ هەموو بوونەوەران شوێنێک هەبێت، دەی لە جیاتی ئەوەی شوێنی کەسێک بگرین؛ با



Scanned by CamScanner

هـەوڵ بـدەین شـوێنی ڕاسـتەقینەی خۆمـان بدۆزینـەوە. (چارلی چاپلن).

## ((ئاسنگەر))

ئاسـنگەرێك هـەبوو کـە پـاش بەسـەربردنی تەمـەنی لاوی پـڕ جـۆش و خـرۆش، بڕیاریـدا تەمـەنی پێشکەشـی خـودا و خـودا پەرستی بکات، ساڵانێك بە ئارەزوومەندییەوە کاری کرد، بەڵام لەگـەڵ تـەواوی پارێزگاریـدا، لـە ژیانیـدا دروسـتی بـۆ دروسـت نەدەبوو، تەنانەت گرفتەکانیشی زیاتر دەبوون، ڕۆژێك هاوڕێیەکی هات بۆ دیداری و لە پاش ئاگاداری بوون لـە بارودۆخی ئەو پێی گوت:

(بەڕاسـتی سـەیرە لـە پـاش ئـەوەی کـە بڕیارتـدا پیـاوێکی لـە خـواترس بیـت ژیانـت خـراپ بووە، نامـەوێت بـاوەڕت لاواز بکـەم، بەڵام لەگەڵ ئەو هـەموو هەوڵانـەت لـە ڕێگـای خوداپەرستیدا، هیچ شتێك باشتر نەبووە).

ئاسـنگەر ڕاسـتەوخۆ وەڵامـی نەدایـەوە، ئـەویش هـەمان ئـەو بیرەی کردبوویـەوە نەیـدەزانی چـی بەسـەر ژیانیـدا هـاتووە، بـەڵام نەیدەویسـت پرسـیاری هاوڕێکـەی بـێ وەڵام بمێنێتـەوە، کـەمێك بیری کردەوە لە ناکاو وەڵامێك کە دەیویست دەستی کەوت، ئەمە وەڵامی ئاسنگەرەکە بوو:



Scanned by CamScanner

(لەم دوکانی ئاسنگەرییەدا پۆلای خاویان بۆ دەهێنام، دەبووایە لەوە شمشێرم دروست بکردایە، دەزانیت چۆن ئەم کارە دەکەم ؟، سەرەتا پۆلاکە بە ئەندازەی دۆزەخ گەرم دەکەم تا سوور دەبێتەوە، پاشان بە بێ بەزەیی قورسترین پیک هەڵدەگرم و، یەک لە دوای یەک ئەوەندەی پیا دەکێشم تا پۆلاکە ئەو شێوەیە بگرێت کە من دەمەوێت، پاشان پۆلاکە دەخەمە ناو مەنجەڵێک ئاوی سارد بە جۆرێک ئەم دوکانە هەمووی دەبێت بەهەڵم و دووکەڵ، پۆلاکە بە هۆی ئەم گۆڕانە لەناکاوەی گەرماوە هاوار دەکات و ئازار دەکێشێت، تەنها جارێک دروست نییە ،بەڵکو دەبێت چەند جارێک ئەم کارە دووبارە بکەمەوە تا ئەو شمشێرەم دەست بکەوێت کە خۆم دەمەوێت).

ئاسنگەرەکە ساتێک وەستا و، پاشان درێژەیدایە:

(هەندێک جار پۆلاکە ناتوانێت بەرگەی ئەم کارانە بگرێت، گەرما و لێدان و ئاوی سارد دەبێتە هۆی درز تێبردنی، ئیتر دەزانم کە ئەم پۆلایە هەرگیز نابێتە شمشێرێکی باش؛ بۆیە فڕێی دەدەمە کەنارەوە).

ئاسنگەرەکە دووبارە وەستایەوە و، پاشان درێژەیدایە:

دەزانم کە خودا خەریکە من دەکات بە ئاگری ئازاردا و، لێدانی پیکەکانیم لە ژیانم قبوڵکردووە، هەندێ جاریش بە توندی هەست بە سەرما دەکەم، وەک ئەوەی پۆلایەک بم و، لە ئاودا ئازار بکێشێت، بەڵام تەنها شتێک کە من دەمەوێت ئەمەیە:



Scanned by CamScanner

((خودای من دەست لە کارەکەت هەڵمەگرە، تا ئەو شێوەیەی کە تۆ دەتەوێت لەخۆبگرم، بە هەر شێوەیەك دەتەوێت و پەسەندی دەکەیت بەردەوام بە، هەر کاتێك دەتەوێت و پێویستە بەردەوام بە، بەڵام هەرگیز من فڕێ مەدەرە ناو پۆلاَ بێکەڵکەکانەوە)).

## ((کچ یان کوڕ))

مامۆستایەکی ئافرەت لە یەکێ لە قوتابخانەکاندا خاوەنی جوانی و ڕەوشتێکی بەرز بوو، بەڵام هێشتا شووی نەکردبوو، قوتابییەکانیش کونجکاوانە لەویان دەپرسی: (کە بۆچی تۆ خاوەنی جوانییەکی وەها و ڕەوشتێکی بەرزیت کەچی هێشتا هاوسەرگیریت نەکردووە؟).

مامۆستاکە لە وەڵامدا گوتی: (ژنێك هەبوو کە خاوەنی پێنج کچ بوو، هاوسەرەکەی هەڕەشەی لێکردبوو کە ئەمجارە ئەگەر کچت ببێت، لەسەر ڕێگا فڕێی دەدەم، یان بە هەر شێوەیەك بووە فڕێی دەدەمەدەرەوە.

خواستی خواوەند وا بوو ژنەکە جارێکی تر کچی بوو، باوکەکەش هەر شەوە ئەو کچەی دەبرد لە بەردەم دەرگای مزگەوتەکاندا فڕێی دەدا، بۆ بەیانی کە دەهاتەوە دەیبینی وا کەس منداڵەکەی نەبردووە و، لە شوێنی خۆیدایە، تا نزیکەی



Scanned by CamScanner

حەوت ڕۆژ لە سەر ئەم کاری بەردەوام بوو، دایکیشی هەر شەوە قورئانی بۆ ئەو منداڵە دەخوێند و، دەیدایە دەستی خودا.

بە کورتییەکەی پیاوەکە لەم کارە ماندووبوو و، منداڵەکەی هێنایەوە بۆ ماڵەوە و دایکیشی بەم کارە زۆر خۆشحاڵ بوو، تا ئەوەی جارێکی تر دووگیان بوویەوە، ئەم جارە زۆر نیگەران بوو نەوەکو کچی ببێت، بەڵام خواستی خودا وابوو کە ئەمجارە کوڕی ببێت، بەڵام لەگەڵ لە دایکبوونی کوڕەکەیاندا کچە گەورەکەیان مرد، جارێکی تر سکی پڕبوو، ئەم جارەش کوڕ بوو، بەڵام لەگەڵ لەدایکبوونیدا کچی دووەمیشیان مرد، کارەکە بەم شێوەیە مایەوە تا ئەوەی ژنەکە پێنج کوڕی بوو، بەڵام پێنج کچیان مرد، واتە هەموو کچەکان مردن جگە لەو کچەی کە باوکی ویستی فڕێی بدات، دایکیان مرد و، تەنیا کچەکە و کوڕەکان هەموو گەورەبوون

مامۆستاکە تۆزێك وەستا و، پاشان گوتی: (دەزانن ئەو کچەی کە باوکی ویستی فڕێی بدات کێ بوو؟ ئەوە من بووم و، منیش بۆیە تائێستا شووم نەکردووە چونکە باوکم پیرە و، کەس نییە ئەو بگۆڕێت و تەڕ و وشکی پێبکات و، چاودێری بێت، من خزمەتکار و شۆفێرم بۆ گرت و، ئەو پێنج کوڕەش واتە براکانم تەنها جارەجارە سەردانێکی دەکەن، یەکێك مانگێ جارێك و، یەکێك دوو مانگ و....... هتد، باوکیشم هەمیشە دەگری و پەشیمانە لەو کارەی لە منداڵیدا لەگەڵ مندا کردوویەتی).

چەند شت هەن کە حەزتان لێیان نییە و، بە پەسەندی نازانن، بەڵام بۆ ئێوە شتێکی شاراوەی تێدایە. بەڵام لە تێگەیشتن و



Scanned by CamScanner

زانینی ئەوەدا ئێوە کەم توانان، بە قەزا و ئیرادەی خودا ڕازی و خۆشحاڵ بە تا هەست بە تام و خۆشبەختی بکەیت، مرۆڤ بوون سەخت نییە، تەنها دەبێت ئارام و خۆشەویست بین.

www.iqra.ahlamontada.com



Scanned by CamScanner



بەرگ: ئیبراهیم سالح

لەبڵاوکراوەکانی خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما

نرخ (٤٠٠٠) دینار